د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

# ساواک بۆچی (حەسەن زیرەک)ی کوشت؟!

## لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەیی شیکارییە.

بەرگی یەکەم

کوردستان - هەولێر ٢٠١٢

**خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرس**
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

- ناوی کتێب: ساواک بۆچی (حەسەن زیرەک)ی کوشت!؟!
- بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەیی شیکارییە.
- نووسەر: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن.
- هەڵەگریی: لێکۆڵەر.
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئەیوب یوسف
- ژمارەی سپاردن: (   )ی ساڵی ٢٠١٢ی دراوەتێ.
- بەرگ: بەرگی یەکەم.
- چاپ: چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
- نرخ: ٤٠٠٠ دینار
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- چاپخانەی هێڤی - هەولێر.

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان**

**لەبڵاوکراوەکانی دەزگای (چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان)ە**

E_mail:bedrxan@yahoo.com          www.bedrxan.net

# پێشکەش:

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە مامۆستای**
**هونەرمەند و نووسەر و رۆژنامەنووس، مامۆستا باکووری،**
**ئەو مرۆڤەی کە نموونەیەکی جوانی تەبایی و جیاوازییەکانە.**

# پێشەکی

## زیرەکناسیی!!

هەرچی نووسەر و هونەرمەند و دڵسۆزانی کورد هەن، ئەگەر بە وردی ژیان و بەرهەمیان بخوێنینەوە ئەوا سەیر دەکەی دوو خاڵی گرنگ هەیە، کە هەموویان کۆ دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە:
**یەکەم**: تێنەگەیشتن و بەگوێ نەکردن لەکاتی خۆی.
**دووەم**: رێز نەگرتن و گرنگی پێنەدان لە سەردەمی ژیانیان.
ئەم دوو خاڵەش هۆیەکی گرنگە لەو هۆیانەی کە تائێستا کورد"ئازاد" نەبووەو"دەوڵەت"ی سەربەخۆی خۆی بەدەست نەهێناوە! چونکە دەبێ بزانین هەر میللەتێک ئەگەر بەگوێی زاناو دڵسۆزانی خۆی نەکات و رێز لە شتە جوانەکان و پیرۆزەکانی خۆی نەگرێ! ئاوا ناشتوانێ، یان راستتر سەرکەوتوو نابێ لە پاراستن و بەدەستهێنانی شتە جوان‌وپیرۆزەکانیش، کە دیارە چی هەیە لە"ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆ" جوان و پیرۆزتر! سەیرکە نزیک بە چوارسەد ساڵە"**خانی**"مەزن فەرموویەتی "**قەدری قەڵەمامە بێتە دانین**" واتا خانی بەهیوای ئەوە بووە رۆژێک دابێت رێزی لە قەڵەمەکەی بگیرێ، ئەو قەڵەمەی شاکارێکی وەکو"**مەم و زین**"ی داهێنا، کە


**ئەحمەدی خانی**

پڕاو پڕی کرد لە عەشق! عەشق بەهەموو رەهەندەکانییەوە! بۆئەوەی کەس نەڵێ: **کرمانجەکان عەشقیان نەکردووە بە ئامانج!** ئەو عەشقە نەمریی بە عەشقی میللەتی کورد بەخشی! ئەو عەشقەی ئەو"قەڵەم!!"ە نووسیویەتی، کە لە رۆژگاری خۆی تا دەگاتە ئەو سەردەمەش رێزی لێ نەگیراوە! رێزێک شایستە بەو قەڵەمە کەم وێنەیە بێ! ئەو قەڵەمەی کە خانی بە یەکێک لە دوو هۆکارە گرنگەکانی دەزانێ، کە پێویستن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی

سەربەخۆ! ئەوەتا هاوار دەكات! **بۆ دروستبوونی دەوڵەت، شیر و قەڵەم پێویستە! ئەوەتا من"قەڵەم"م هەیە! بەڵام! شیر بەدەست كوانێ! بۆیە بەڕای خانی لە دروست نەبوونی دەوڵەتی كوردی! شاعیرە قەڵەمدار و هەژارە قوربانی دەرەكان بەرپرس نین! ئەوەی ئەم گوناهەی لە ئەستۆدایە"حاكم و ئەمیر"ەكانن،** سەركردەو دەسەڵاتدارەكانن. بەڵێ!



حاجی قادری كۆیی بێكەس نالی

ئەو قەڵەمەی دەوڵەتی پێ دێتە دامەزراندن، هێشتا لەنێو كوردان قەدری نەهاتۆتە دانین!! ئێستاش خانی ئێمەی كورد نە تێیدەگەین و نە نرخی دەزانین!! نە ئێستاش نرخی"خانی"یەكانی ئەم سەردەمە دەزانین.
ئەو نرخ نەزانین و تێنەگەیشتنەبوو، حەزرەتی"نالی"یشی خەمۆش و خامۆش كرد، پاش ئەوەی عومرێك! عومرێكی دوور و درێژ، گووتی و نووسی و توحفەی بەخشییەوە! بەڵام، كەسی تێنەگەیشت، تا لە غەریبی بە خامۆشی و تووڕەیی سەری نایەوە و گۆڕ غەریب بوو.
ئەم تووڕەییە وای كرد كە حاجی مەزن دووسەت ساڵ پاش"خانی"هاوار بكات و بڵێ: **حاجی كەسێكە بێ كەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوی.** بەڵام! كەس گوێی لێ نەگرت. دواجار هاواری كرد، **ئەوەی كە ئێستا عەیبی لێ دەگرن! ڕۆژێ دێ بۆی دەمرن.** تائێستاش ئەو ڕۆژە نەهاتووە! كە كورد تێبگەن و بزانن! ئەو "حاجی"یە بێ كەسە! ئەو قوڕە خەستەی بۆ كێ دەپیوا؟!
ئەو تووڕەییە هەر بەردەوامەو داهێنەران و دڵسۆزان نەوە لەدوای نەوە لێكی وەردەگرنەوە! ئەو میللەتە تێنەگەیشتوو و قەدر نەزانەی كورد، دواجار "بێكەس"ی شاعیر هێندە تووڕە دەكەن، كە هاوار بكات و بڵێ:

**لەمەودوا ئەگەر باسی عیلمم کرد، وابزانن سەگ بووم، وەڕیم!** ئیتر ئەویش بۆخۆی بەو هەموو تووڕەییەوە سواری پاپۆڕی جەهل دەبێت و روو دەکاتە قیامەت!!

ئەم تووڕەیی و بێزارییە هەر بەردەوامەو میللەتی کورد هەر تێناگاو ڕێز لە دڵسۆزان و داهێنەرانی خۆی ناگرێ! ئەوەتا"حەسەن زیرەک"یش، حەسەن زیرەکی دەربەدەر و بێ ماڵ! بێ ماڵ و هەژار، ئەو هەژارە دەوڵەمەندەی لە هونەر دەوڵەمەند! دەوڵەمەندی لە هونەر هیچ کەم نەبوو! هونەرمەندی جیهانی! ئەویش **چونکە کورد بوو، هونەر هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبوو!** کورد قەدری خۆی و هونەرەکەیان نەدەزانی و لەگەڵ داگیرکەران، ئەوانیش ئازاریان دەدا! ئازاری رۆح و جەستەی! ئەو هونەرمەندەی کە رۆح و جەستەو هونەرەکەی خۆی لە خزمەتی



میللەتەکەی دانا! کەچی هەر ئەو میللەتە! ناچاریان کرد، **دواجار هیوای مردن بخوازێ و بچێتە ژێر گڵەوە! بۆئەوەی بەشەری کورد نەبینێ! ئەو بەشەرە کوردانەی کە ڕێز لە هونەر ناگرن.**

بەڵێ، حەسەن زیرەک چووە ژێر گڵەوە! بەڵام، چوونێکی ئاسایی نا! بەڵکە چوونە ژێر گڵێک و و مردنێک، بە ژەهری ساواک. کەچی ئێستاش پاش چل ساڵ دوای ئەو مردنە! هێشتا هەندێ بەڕێز لەنێو کوردان، نەک هەر ڕێزی خۆی و هونەرەکەی نازانن بەڵکە زیرەک بە"**جاسووس**"ناو دەبەن و هەندێکی تر بە"بێ **رەوشت**" و هەندێکیش بە"**چاوەش**"ی دەزانن!!

مامۆستای زیرەک دۆست عەبدولی حەمە باقی دەڵێ: **کورد بەختەوەر بوو کە زیرەک کورد بوو! کەچی زیرەک بەدبەخت بوو چونکە کورد بوو!** بەڵێ! زیرەک بەو بەدبەختییەی خۆی هونەری کوردی گەیاندە بەرزترین ئاست، زیرەک بە دەربەدەری و هەژاری و بەدبەختی خۆی، هونەری کوردی گەیاندە دوورترین وڵات و دەوڵەمەندترین ئاست و خۆشترین ئاواز، بەڵێ: **هونەرمەند حەسەن زیرەک، پیاوێکی مەزن بوو، بەڵام مخابن! لە سەردەمێکی نزمدا ژیا.**


ئەو هونەرمەندە مەزنە، نا ناسرێ! هەتا نێوەندێکی گەورەی ئەکادیمی

بۆ"زیرەكناسی"دانەمەزریّ و هەموو بەسەرهات و بەرهەمەكانی كۆ نەكاتەوەو كەسانی پسپۆر لێكۆڵینەوە لە پێكهاتەو بەشە جیا جیاكانی ژیان و هونەر و شیعر و ئاوازی ئەو داهێنەرەدا نەكەن، جا ئەو رۆژە كورد تێدەگات ئەو هونەرمەندەی كە دەیچریكاند و هاواری دەكرد"**جێم نییە تێدا بسرەوم خاكم بەسەر بێلانە خۆم**!" كورد لەهەموو جێگایەك و لەهەموو زەمەنێك شانازی بەم خاك بەسەرە دەكات و پێی سەربەرز دەبێت ئەگەرچی جەستەی ئازار چەشتووی زیرەك ئێستا لەژێر خاكدایە! بەڵام، گیانی ئازار چێژی لەنێوماندا دەژی و شادمان دەكات، وەك زیرەك خۆی دەڵێ:"**شادم بەشادی براو گەل و هۆز**"ئەو ئەگەر شادی خۆی لە شادی میللەتەكەیدا دەبینیّ! پێویستە ئەو میللەتەش هێندە بە وەفابێ لەسەر خوێنی بەناحەق رژاوی ئەو هونەرمەندە جیهانییە بێتە دەنگ! بەتایبەت پاش ئەوەی كە ساغ بووەوە، كە **ساواك** زیرەكی ژەهر خواردوو كردووە! ئەو ساواكەی كە زیرەك لە وەڵامی پرسیارێكی"میرزا كەریم"دا ئاوا دەیانناسێنیّ و دەڵیّ:"**پیاو دەكوژن و هەر خۆشیان لەدوای جەنازەكەیەوە دەڕۆن**!" ئەمڕۆ رۆژی ئەوە هاتووە كە كوڕانی ئەو میللەتە لە رێگای یاساوە بەدوای خوێنی بەناحەق رژاوی ئەو هونەرمەندە بڕۆن و ئەو تاوانە بە یاسا بسەلمێنن و هەر بە یاساش داوای مافەكانی بكەن. بەوهیوایەی لەنێو كوڕانی میللەتەكەم یاساناس و زیرەكدۆستی شارەزاو بڕوا بەخۆ هەبن و خاوەندارییەتی لەم كێشەیە بكەن و ئێمەش بەهەموو توانایەكمان لەخزمەتیاندادەبین.

**د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**هەولێر – ٢٠١١**

ئەم شیعرە(جوانترین) و (شایستە ترین) و (گەورەترین)دیاری و (ڕێزلێنان)ە کە هونەرمەند (حەسەن زیرەک) لەژیانداو لەکاتی خۆی بینیویەتی و بیستویەتی و پێشکەشی کراوە، شیعرەکە شاعیر(دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە) زۆر بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیانە وێنەی ڕاستەقینەی (ژیان) و (هونەر)ی هونەرمەندی کێشاوەو هەڵیسەنگاندووە.



حەسەن زیرەک



د. محەمەد سدیق موفتی زادە

**زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر**
**ژینت لەپێــناو هــونەر بـردە سەر**

**باوەکو لەژیـن نــەحــەسایــەوە**
**پەژارەت زۆر دی زۆر چەوسایەوە**

**ڕۆژگارت ساتێ بەبێ غـــەم نەبوو**
**بەڵام لە هونەر هیچت کــەم نەبوو**

**د. محەمەد سدیق موفتی زادە**

١٣٤٥ - ١٩٦٦

# ساواک بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت!؟!

لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەیی شیکارییە.
لێکۆڵەر: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

**تێبینییەکی پێویست:**
**هونەرمەند حەسەن زیرەک، بەهۆی ئەوەی کە ژیانێکی ئاسایی نەژیاوە و لە نێوان دەربەدەری و ئاوارەیی و هەڵاتن و بەندیخانە و برسییەتی زۆر جۆرکاری و بێکاریدا ژیانی بەسەر بردووە، ژیانی ئەو هونەرمەندە لە نێو جوگرافیایەکی فراوان و ناجێگیر سووڕاوەتەوە زۆر رووداوی بەسەر هاتووە، لەگەڵ زۆر کەسایەتی جۆراو جۆر کەم و زۆر ژیانی بەسەر بردووە، هەروەها نەبۆخۆی نەهیچ کەس بۆی نەکراوە، ئەرشیفی ژیان و هونەری ئەم کەسایەتییە بە تەواوی کۆ بکاتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە زۆر رووداوی گەورە و نهێنی گرنگ ماون و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ئەگەر هەموو بەڵگەکان لەبەر دەست بووانایە، لێکۆڵینەوەکە، زۆر لەوە گرنگترو دەوڵەمەندتر دەبوو، هەر بۆیە ئێمە لەسەر ئەو نووسین و بەڵگانە کارمان کردووە. کە دەستی ئێمە کەوتوون، چونکە لەوەش دڵنیام کە هەموو ئەوەی لە بارەی ژیان و هونەری زیرەک نووسراوە، بە تەواوی دەست من نەکەوتووە، ئەوانەش کە هەن لە رووی مێژووی رووداوەکان پاش و پێشی تێکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەوڵمانداوە کە سەرەداوی ئەم "کوشتن"ەی زیرەک هەڵبکەینەوە و زۆرتر پشت بە بەڵگە نووسراو و گووتراوەکان ببەستین و ئەگەر لە جێگایەکیش بۆ چوونێکمان هەبێ، ئەوا لەسەر زەمینەی رووداوەکان و لە نێو فەزای بەڵگەکانەوە هەڵمانوێنجاوە.**

**ئەیلوولی ٢٠١٠**

# ساواک بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت؟!

## ساواک[1] بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت؟!

### - منداڵێکی بەردەم رەشەبا:.

زیرەک وەک هونەرمەندێکی ئاسایی نەژیاوەو ژیانیشی ژیانێکی ئاسایی نەبووە، ئەو لە ناخۆشترین رۆژگارەکانی کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و لە خێزانێکی هەژار، لە ناسکترین قۆناغی تەمەنی دا باوکی دەمرێ و دایکی شوو دەکاتەوە، ئەم زەمینە لاواز و پێشهاتە ناخۆشانە منداڵێکی هەشت نۆ ساڵە ناچار دەکات بکەوێتە کارکردن. کارکردنی "عەمەلە" وەک خۆی لە ژیاننامە شیعرییەکەیدا لە دیوانە شیعری هونەری "چریکەی کوردستان" دا باسی کردووە، ئەو هەژاری و دەربەدەری و بیکەسی و بەد بەختییەی زیرەک، بە نێو تونێلێکی تاریکی ژیاندا گوزەر دەکات ئەم گوزەرە قۆناغی ناخۆش و ناخۆش تر پێکیان دەبەستێتەوە، لە نێوان برسییەتی و بێکاری و بێ جێگەیی و نەخۆشی دا جێگۆڕکێ و ئازار و گۆڕی دەکات و پێیەکی لە هەلاتن و یەکی لە بەندیخانە دەبێ، جەمێک نانێکی گەرمی بە ئاسوودەیی ناخواو شەوێک لەسەر نوینێکی نەرمی ئاسوودەیی ناخەوێ، زیرەک ئەگەر لەم تەمەنە بچووکەی منداڵی ومێردمنداڵی و هەرزەیی و گەنجییەوە، بەکرێکاری و چاوساغی و قاوەچی و توتنچی و قاچاغچی و شاگرد و شوفێری و شاگرد کەبابچی و چایچی و شاگردی حاجی و مەیتەریی و پیاوی خان و چەتەی و زۆرکاری تر کە لەم کارانە ناچاردەبێ شەڕ بکات و دزی بکات و گویی سوانان بڕوخێنێ و پێشهاتی نەخوازراوی بێتە رێ و لەوەر گەڕانی ماشێندا گەنجێک بکوژێ و زیرەک ناچار دەبێ سەر هەڵبگرێ و خۆنەداتە دەست، دوا جار بێ و خۆی رادەست بکاتەوە و بخرێتەوە بەندیخانە.


---

(١) ساواک: کورتکراوەی"سازمان اطلاعات و امنیت کشور"ە، کە بەمانای"رێکخراوی ئاگاداری - ئاگاداربوون- لە - ئاسایش-ی وڵات" دێت و وەک چاوو گوێی"شا"ی ئێران دوای سەرنەکەوتنی"مصدق"ساڵی "١٩٥٧ زایینی - ١٣٣٥ ئێرانی"لەژێر چاودێری"سیا - C.I.A"ئەمریکی و بە راوێژکاری"دە"کەس لە گەورە راوێژکارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ پاراستنی رژێمی شاهەنشای ئێران لە مەترسییەکانی نەیارانی ناوەوەو دەرەوە دامەزرا. ئەوە زانراوە کە"ساواک"یەکێک بوو لە بەدناوترین دەزگا ئەمنییەکانی سەردەمی خۆی.

هەرچەندە وەک خۆی دەڵێ: لە مردنی ئەم گەنجە "خەتام تیا نەبووە بیللا" دواجار ئەم هەموو سەراو و دەراوە زیرەک لە نێو جوگرافیایەکی فراوانی ناوچەییدا سەرەو خوارو سەرە و ژێر دەکات، لە بۆکان و تەواوی موکریان و گوندەکانی دەوروبەری شارەکانی مهاباد و سنە و سەقز و کرماشان و تەورێز و تاران و تا دەگاتە خۆزستان و بەسراو رەشەبای بەدەبەختی غلۆری دەکاتەوە.
ئەگەر بێکاری و بێکەسی و ناچاری سەری پێ هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی، ئەوا باری خراپی ئەوێندەرێش ناچاری دەکاتەوە، روو بکاتەوە وڵات!؟
لەم هاتنەوەیەد سەر بەماڵە براو براژن و خزم و دادەگرێ! بەڵام، ئەوانیش رووێکی خۆشی نادەنێ! ناچار و بێ ئومێد روو بە دیوی عێراق دەپەڕێتەوە و لە "**پێنجوین**" بۆ "**سلێمانی**" و لە سلێمانییەوە بۆ "**کەرکووک**" و "هەولێر" و "موسڵ" و تا دەگاتە "**بەغدا**"ی پایتەخت. لە بەغدا دەبێتە شاگردی "**هوتێل شیمال**".
زیرەک لەم هەموو کارکردن و دێ و شارو وڵات گەڕانەدا، ئەگەرچی "**بەخت**" و "**قەدەر**" و "پێشهات"ەکانی باش نابن، بەڵام بەردەوام دوو سەرمایەی خودی خۆی هەبوو و بەکاری هێناوە. **یەکەمیان:** زیرەکی و لێهاتوویی، زیرەکی لە هەر کارێکدا کە کردوویەتی! هەتا ئەگەر بەناچاریش بووبێ، هەمیشە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی نواندووە و سەرنجی خەڵکەکەی بۆ "ئازایی و زیرەکی" خۆی راکێشاوە، جا کارەکە چ شاگرد کەبابچی بووبێ! یان تفەمگچی و چەتەی خان! **دووەمیان:** دەنگخۆشی و هونەری گۆرانی گوتنەکەی، هەر لە دەو یازدە ساڵییەوە، لە هەر کوێ دەنگی هەڵێناوە دەوروبەری کڕو ئەبلەق کردووە و خەڵکەکە لە خۆشی و دەنگی و توانایی ئەم منداڵە گەورە و بچووک دەکەونە پێدا هەڵگوتنی.

**"ئای ئای.. کوڕە ئەمە چییە بۆ خاتری خوای؟!**
خان و میوان خۆیان بۆ ناگیرێ و هاوار دەکەن: ئەڵڵاە.. ئەڵڵاە.. ئەڵڵاە و ئەکبەر. ئادەمیزاد بەم رێکو پێکییە و بەم دەنگە خۆشە دەتوانێ ئەوها کەمەندی ئەفسانەی دەنگە خۆشەکەی خۆی بخاتە ئەستۆی گووێ گرانی گۆرانییەکانی؟"

## - هوتێل و ئێستگە:


زیرەک

جا بەم زیرەکی و لێهاتوویی و دەنگ خۆشییەوە، ئێستا زیرەک لە شاری بەغدای پایتەختی عێراقە و شاگردی هوتێل شیمالە تەمەنی لە دەوری بیست و یەک بیست و دوو ساڵی دایەو چاکتر دەتوانێ زیرەکی بنوێنێ و خۆشتر دەنگی هەڵبێنێ! بۆ بەختی زیرەک و بەختی هونەری کوردی، ئەم هوتێل شیمالە جێگای کوردانە؟ کوردانی وشیارو چاوکراوە و سەر بە سیاسەتە! رەوشتی جوان و دەنگی زبرەک سەرنجیان رادەکێشێ و یارمەتی دەدەن و دەیبەنە ئێستگەی کوردی بەغدا، وەک خۆی دەڵێ: غەدری لێدەکەن و مانگانە بە "شەش" دینار دایدەمەزرێنن. زیرەک هەفتانە ئاهەنگی تایبەت و راستەوخۆ بۆ رادیۆی بەغدا ساز دەکات و لەوێوە دەنگی بە هەموو کوردستان وناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە! ئەو زیرەکەی کە تا ئێستا، دەنگە خۆشەکەی هەر ئەوانە دەیانبیست کە رووبەروو و لە نزیکەوە ئەو گەنجە دەنگ خۆش و بێکەسەیان دەبینی! دەنگی زیرەک هەر لەو شوێنانە بوو، کە زیرەک خۆی لەوێ بوو، ئێستا رادیۆ دەنگی زیرەک دەگەینێتە هەموو ئەو شوێنانەی کە رادیۆ خۆی دەنگی دەگاتێ، بەتایبەت کوردستان و لەنێو کوردستانیش، ئەوانەی کە پێشتر بۆیان لوابوو دەنگی زیرەک لەسەر مەزرایی و لە مەیتەری و لەشاگردی و لە شایێ رووبەروو ببیستن و ببین!

ئێستا ئەو دەنگە رۆژانە لە رادیۆی بەغداوە دەبیستن و دەبیسنەوە کە بەردەوام بە دنیادا بڵاو و دەبێتەوە. ئێستا رۆژانە لە رادیۆی بەغدا دەنگێگ گویگرەکان سەرسام دەکات! ئەو دەنگە دەنگی گەنجێکە بە ناوی "حەسەن

زیرەک".
حەسەن زیرەک، لە رادیۆی بەغدا هونەری خۆی دەنوێنێ و لەگەڵ هونەرمەندانی گەورەی کوردی ئەوێ رۆژی هونەرەندە گەورەکانی کورد مامۆستا **عەلی مەردان** و **تایەر تۆفیق** و **رەسوول گەردی** و **حەسەن جەزراوی** و **شەمال سائیب** و **باکووری** و **نەسرین شێراوان** و زۆری تر تێکەڵ دەبێ و ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا دەکات و دەناسرێ و خەڵک دەناسێ.
ماوەی پێنج شەشساڵێک لە ١٩٥٣ تا ١٩٥٨"کەو کەوبار دەخوێنێ. لە


**زیرەک: عەلی مەردان بەرزە، کورد قەدری نازانێ! من قۆندەرەکانی دەخەمە سەر چاوم**

ئێستگەی رادیۆی کوردی" و حەسەن زیرەک بە "**غەریبی و بێکەسی لەو بەغدایە**" دەگوزەرێنی. رۆژ بە رۆژ پتر ناو و هونەرەکەی بەنێو ئێران و عێراق و هەموو کوردستاندا بڵاودەبێتەوە و چاکتر دەناسرێ و "دۆست پەیدا دەکات" و "نێو پەیدا دەکا" لە ئەنجامدا جگە لە ئاهەنگ و دانیشتنە تایبەتەکان و جگە لە و ئاهەنگانەی کە هەفتانە راستەوخۆ لە رادیۆ گۆرانی دەگووت و گۆرانی و ئەو ئاهەنگانە تۆمار نەدەکران، بەڵام، دواجار لەم ماوەیەوەیە "٥٦" پەنجاو شەش گۆرانی بۆ ئێستگەی بەغدا تۆمار دەکات کە بەڕای ئێمە ئە و ٥٦ گۆرانییە، تەواوی گۆرانییەکانی ئەو ماوەیەی هونەرمەند "حەسەن زیرەک"نییە! چونکە توانای زیرەک زۆر لەوە زۆرترە لە ماوەی شەش ساڵ تەنیا ٥٦ گۆرانی تۆمار بکات!؟ و ساڵی ١٩٥٨

لەگەڵ گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی و لەبەرامبەر شەپۆڵی "بمری و بژی" بێ سەروبەرەدا لەناچاری کۆتایی بە هونەری قۆناغی عێراق و ئێستگەی رادیۆی کوردی بەغدا دەهێنێ و بە دڵێکی پڕ لە عەشق و هونەرو تاقیکردنەوەیەکی رادیۆیی باش و باخەڵێکی بەتاڵ دەگەڕێتەوە ئێران.

## گەڕانەوە بۆ ئێران:-

زیرەک کە ئێرانی بەجێ هێشت و رووی لە عێراق و بەغدا کرد، بێکەس و بێ کارو بێ ناو بوو کەس نەیدەناسی! ئێستا کە گەڕاوەتەوە ئێران، لە ئێران و عێراق لە هەموو کوردستان، لە نێو هونەرمەندان، زیرەک نەک هەر ناسراوە، بەڵگە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە و لە ریزی پێشەوەی هونەرمەندانی هەرێمەکەیە. ئێستا کە زیرەک گەڕاوەتەوە ئێران، ئێران لە سەرو بەندی دامەزراندن و گەشەپێکردنی رادیۆکانی "تاران" و "کرماشان" و "تەوریز" و "مهاباد" و "سنە"دایە.

زیرەک لەوێ، لەگەڵ باشترین و بەتواناترین مۆسیقارەکانی ئێران لە کورد و فارس ئاشنایەتی پەیدا دەکات و بە تایبەت مۆسیقارە کوردەکان "**حەسەن کامکار**" و "**موجتەبای میرزادە**" و "**محەمەد عەبدولسەمەدی** و **ئەکبەر ئیزەدی** و **بەهمەن یۆلکی**" و "**حەسەن یاحەقی** و **حەسەن کەسایی** و **جەلیل شەهنازی** و **جیهانگیر مەلەکی**


موجتەبای میر زادە


حەسەن کامکار

و **ئەحمەد عەباوی** سەرپەرشتی **هەمایۆنی شەهردار** و زۆرتر قۆناغێکی تر لە هونەری خۆی دەست پێدەکات بەشێوەیەکی جیا لە شێوەی "رادیۆی بەغدا"


زیرەک و میدیا و ئارەزووی کچی

قۆناغی تازەی هونەرەکەی خۆی بە ئاستێکی یەکجار بەرز لە شیعر و "دەنگ" و "ئاواز" و "گوتن" و "مۆسیقا" و "تۆمارکردن"دا.. داهێنانەکانی خۆی تۆمار دەکات و ئەمجارە دەنگی زیرەک لە دیوی ئێرانەوە لە رادیۆکانی "تاران و کرماشان و تەورێز" دا بەجوانترین شێوەو بەخۆشترین شێوە وەک بارانی هونەر، هونەری بەرزی کوردی، هونەری زیرەک دادەبارێ و رۆژ بە رۆژ زیاتر و چاکتر وڵات داگیر دەکات.

ئێستا "حەسەن زیرەک" نەک هەر تەنیا گۆرانیبێژێکە! بەڵکە هونەرمەندێک و کەسایەتیەکی دیار و ناسراوی ئێران و عێراق و ناوچەکەیە، لەو سەروبەندە "**میدیای زەندی**" دەناسێ و دەخوازێ و میدیا خانمیش دەکاتە گوێندەی رادیۆ و خانەوادەیەکی هونەری و رادیۆی پێکدێنی و ئەو زیرەکە "بێ جێ و بێ مەکانە" لە تاران و کرماشان دەبێتە خاوەنی "ماڵ و ژن و منداڵ" و "کار" کاریش کاری هونەری، هونەریش لە بەرزترین ئاستی هونەر، لەو رۆژانە بوو زیرەک لە گۆرانی "کرماشان شاری شیرینم" دا دەڵێ: "**کرماشان وەک بووک بۆم رازاوە، ماندووی من تێدا حەساوە**"


زیرەک لەگەڵ گەورە نووسەرانی کرماشان

**هەروەها لە گۆرانییەکی دیکەدا دەڵێ: "بولبوول ئەو ساڵ من زۆر بەختیارم. ساحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم"و دەچریکێنێ و دەڵێ: " چەندم پێ خۆشە ناوماڵ" و دیسان لە قسەکردنی کاسێتێکدا دەڵێ: "ژن و مێردێکی بەختەوەر بووین"** بەڵام: لەبەختی زیرەک و لەبەختی کورد و هونەری کوردی، ئەم بەختیاری و ناوماڵ و ژن و مێردایەتیە! درێژە ناکێشێ و پێشهات بە جۆرێکی تر "دەرگای مەینەت" بۆ زیرەک دەکاتەوە و هەموو ئەمانەی لێدەسێنێتەوە و تەنیا هونەرەکەی نەبێ! هونەرەکەش دەکەوێتە قۆناغێکی ترو جیا لە قۆناغی رادیۆی بەغداو رادیۆی تاران و کرماشان و تەورێز، سەردەمێکی تری ئاوارەیی و دەربەدەری زیرەک دەست پێدەکات تا نێوگۆڕ بە دوایەوە دەبێت.



زیرەک لەگەڵ تیپی مۆسیقا

## - گەرمەی داهێنان:

زیرەک پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لە رادیۆی کرماشان دادەمەزرێ و "میدیای زەندی" دەخوازێ و دەبێتە خاوەن کارو خاوەن ماڵ و خاوەن خێزان، لەوەش خۆشتر لەگەڵ باشترین هونەرمەندانی مۆسیقا لە رادیۆی کرماشان یەکدی گر دەبن و زیرەک بەو تاقیکردنەوەی کە لە رادیۆی کوردی بەغدا هەیبوو، ئێستا لە نێو وڵات و ماڵی خۆی زەمینەیەکی زۆر چاکی بۆ سازدەبێ و ئەویش تەواوی لێهاتوویی خۆی دەخاتە کارو باشترین گۆرانییەکانی خۆی

بەجوانترین شێوە و لەگەڵ گەورەترین هونەرمەندانی مۆسیقا تۆمار دەکات و رادیۆش بەتوانایەکی باش و هەر بەگەرمی بە دنیایدا بڵاو دەکاتەوە، گوێگران لە هەر جێگایەکی کە دەنگی رادیۆی پێدەگات بۆ خۆی رادەکێشی و دەنگی زیرەک جەماوەرێکی زۆرە بۆ رادیۆ پەیدادەکات و گەرمییەکی جوانی هونەرو کارکردن دەخاتە نێو ماڵی رادیۆ، کە لەوەو پێش رادیۆ گەرمی بەم شێوەیەی بەخۆیەوە نەدیبوو. زیرەک ئەگەر لە گۆرانی گوتندا هەمیشە تیپی مۆسیقای بەدوای خۆی رادەکێشا، ئێستا لەگەڵ تیپی مۆسیقا و بە گۆرانییە پڕ لە داهێنانەکانی تەواوی کارمەندانی رادیۆ و یەکەیەکی بەرنامەکانی رادیۆی بە دوای خۆیدا رادەکێشی و رادیۆش تەواوی کوردەکان، لە هەرکوێ هەن و دەنگی رادیۆ یان پێدەگات لە خۆی کۆدەکاتەوە. رادیۆی کرماشان دواجار لە سایەی دەنگی زیرەک و سەرکەوتنی بەرنامەکانی، لە رادیۆیێکی ناوچەییەوە دەبێ بەرادیۆی هەموو میللەتی کورد، سنووری شاری کرماشان و ئێران دەبڕێ و بە هەموو کوردستان دا بڵاو دەبێتەوە. ئێستاش کە ساڵی "٢٠١٠" ی زایینییە، هەموو ئەوانەی کە ئەو سەردەمەیان لەبیرە، خۆشییەکانی ئەو رۆژانەیان لەبیرماوە و بە شادییەوە یادی دەکەنەوە، دەزانن دەنگی زیرەک سەرتۆپی دەنگەکانی رادیۆ بوو.

زیرەک هەرچەندە خۆی هونەرمەندێکی گەورەبوو، گوێگرو جەماوەرێکی زۆری خۆی هەبوو! بەڵام: کە لەگەڵ میدیا دەبن بە ژن و مێرد، هەر دووکیان خێزانێکی هونەری پێک دێنن و زیرەک وەک گۆرانیبێژ و



مدیای خێزانی زیرەک و ساکار و ئارەزووی کچی


لاپەڕە ٦٤ی کتێبی (چپ ایران بەروایت اسناد ساواک)
لە باسی بەرنامەی ئێمەو گوێگرەکان دەکات و گومان دەخاتە سەر میدیای زەندی و حەسەن زیرەک

رحمن مدرسی شهردار فعلی مهاباد، مناف کریمی وزیر فرهنگ، قاضی محمد با انجمن شهر مهاباد که اخیرا تشکیل شده در فعالیت هستند و اشخاص مشروحه زیر هم که برای ساواک مهاباد کار میکنند مانند سید محمد سیدی موقتی، کریم خسروی، مینه شرفی، صدیق حیدری، شیخ معصوم نقشبندی که دو سره بازی میکند نامبردگان از عمال برجسته حکومت قاضی محمد بوده‌اند که اکنون شب و روز اینها به ساواک مهاباد رفت و آمد دارند در زمان استعدی سرهنگ داوریان راه پیدا کرده و با عراق ارتباط دارند.
همچنین قریب دویست نفر از اهالی مهاباد فقط با قاچاق فروش امور زندگی خود را اداره مینمایند آشکارا بعراق رفت و آمد دارند بدون شک اینها هم وسیله ارتباط هستند.

۷ـ روز سه‌شنبه گذشته در برنامه ما و شنوندگان رادیوی تهران که بزبان کردی اجرا میشود پیام دکتر کمال نقشبندی کارمند راه‌آهن تهران که در دوران قاضی محمد معاون وزارت بهداری ایشان بوده به امام جمعه سلیمانیه که در مهر ماه سال ۱۳۳۸ به شوروی رفته و در رادیو مسکو تبلیغات بنفع استقلال کردستان نموده و فرستاده است.
۸ـ برنامه رادیو کردی تهران وسیله ارتباط بین اکراد عراق است زیرا روز چهارشنبه گذشته تحت عنوان ما و شنوندگان پیام حسن زیرک توسط عیالش مهدیه زیرک زندی بیکنفر از افراد عراقی ساکن شهر کرکوک فرستاده شد خود حسن زیرک هم اخیرا از منطقه کردستان بوکان مهاباد مراجعت نموده و در این مسافرت با اشخاص مشکوک عراق ملاقات کرده است نامبرده با اینکه کارمند رادیو کردی تهران است چون قبل از کودتای عراق در استخدامات رادیو بغداد دارای حقوق بوده اکنون هم همان حقوق را دریافت میدارد خواهر ایشان زن یکنفر از همکاران درجه ۱ قاضی محمد بوده و فعلاً در شوروی بسر میبرد در اوایل سال ۱۳۴۰ وسیله سفارت شوروی در آنکارا به ترکیه آمده بوده و همچنین مهدیه زیرک گوینده رادیوی مزبور اغلب شبها بنام اقوام خود پیامهائی بکردستان میفرستد.
۹ـ لازم است روزنامه کردستان که در تهران منتشر میشود کاملاً تحت بررسی قرار بگیرد چون اداره کننده آن مفتی‌زاده‌ها هستند که یکی از آنها بنام ملاصدیق بوده ایشان در آن زمان از طرف وزارت فرهنگ در یکی از مدارس مهاباد آموزگار بوده‌اند.

بەڵگەنامەی ساواک سەبارەت بە زیرەک

کارمەندی رادیۆ، هەروەها بەهۆی "میدیای زەندی" خێزانی کە جگە لە گوێندەیی و خوێندنەوەی هەواڵ ئەویش واتە "میدیای زەندی" لە زۆر بەرنامە هاوبەشی دەکرد و هەروەها بەرنامەی "**ئێمە و گوێگرەکان**"ی پێشکەش دەکرد. سەیرکە بەپێی بەڵگەکانی ساواک خۆی، کە لە کتێبی "جنبش چپ درایران به روایت ساواک – جلداول"(*) بڵاوکراوەتەوە، ساواک چۆن بە توندی چاو دێری هونەرمەند "حەسەن زیرەک" و "میدیای زەندی" خێزانیان کردووە. لە بەڵگەنامەی ژمارە ٣١١/٧٦٣/ د- م ی رۆژی ١٣٤٠/١٠/٣٠ هەتاوی کە دەکاتە ١٩٦١ زایینی دا هاتووە. "**بەرنامەی رادیۆی تاران، بووە بە ئامرازی پەیوەندی کردن بە کوردانی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی رۆژی چوارشەممەی رابردوو لە ژێر ناونیشانی " ئێمە و گوێگرەکان" پەیامی حەسەن زیرەک لە ڕێگەی ژنەکەیەوە "میدیای زەندی" رەوانەکراوە بۆ کەسێکی عێراقی دانیشتووی شاری کەرکووک."ل٦٤**

ئەمە دەریدەخات کە "حەسەن زیرەک" و "میدیای زەندی" و بەرنامەی "ئێمە و گوێگرەکان" کە میدیا خان پێشکەشی دەکرد، چەند بە وردی لە ژێر چاودێری ساواک بووەو راپۆرت نووسەکان چۆن لێکدانەوەی گوماناوی و سیاسی و سیخورییان بۆ پەیوەندی گوێگرەکان بۆ رادیۆ

* وەک دەرکەوت ساواک بە وردی چاودێری هەڵسوکەوتی زیرەکی کردووەو بەردەوام بەدوایەوە بووە، بۆیە دەبێ راپۆرتی راپۆرتنووسان و هەواڵگرییەکانی ساواک لە بەشەکانی ساواکی کرماشان و سنە و سەقز و مەهاباد و بۆکان و جێگای تریش، ئەگەر دەست بکەون زانیاری گرنگیان تێدایە.

و بۆ وەڵامدانەوەیان- لەلایەن میدیاوە بۆکراوە. ئەمە دەری دەخات کە **ساواک** هەر تەنیا لە حەسەن زیرەک بە گومان نەبووە، بەڵگە میدیای زەندیش ئەو گومانەی لەسەر بووە. هەر لە درێژەی ئەو راپۆرتەی ساواک داهاتووە و دەنووسێ **"حەسەن زیرەک بەم دواییە لە ناوچەی کوردستان و بۆکان و مەهاباد، گەڕاوەتەوە و لەوسەفەرە پەیوەندی بە کەسانێکی گومان لێکراوی عێراقییەوە کردووە، چونکە کارمەندی رادیۆی تارانە، لەبەر ئەوە پێش کودەتای عێراق لە راگەیاندنی عێراقی مووچە خۆر بووە، ئێستا هەمان مووچەی خۆی وەردەگرێ، خوشکی ئەو**


لاپەرە 64ی کتێبی ( چپ ایران بەروایت اسناد ساواک )
کە باسی بەرنامەی ئێمە گوێگرەکان دەکات و گومان دەخاتە سەر میدیای زەندی و حەسەن زیرەک

رحمن مدرسی شهردار فعلی مهاباد، مناف کریمی وزیر فرهنگ، قاضی محمد با انجمن شهر مهاباد که اخیرا تشکیل شده در فعالیت هستند و اشخاص مشروحه زیر هم که برای ساواک مهاباد کار میکنند مانند سید محمد سیدی موفقی، کریم خسروی، مینه شرفی، صدیق حیدری، شیخ معصوم نقشبندی که دو سره بازی میکنند نامبردگان از عمال برجسته حکومت قاضی محمد بوده‌اند که اکنون شب و روز اینها به ساواک مهاباد رفت و آمد دارند در زمان تصدی سرهنگ داوریان راه پیدا کرده و با عراق ارتباط دارند.

همچنین غریب دوست نفر از اهالی مهاباد فقط با قاچاق فروشی امور زندگی خود را اداره مینمایند آشکارا بعراق رفت و آمد دارند بدون شک اینها هم وسیله ارتباط هستند.

۷ـ روز سه‌شنبه گذشته در برنامه ما و شنوندگان رادیوی تهران که بزبان کردی اجراء میشود پیام دکتر کمال نقشبندی کارمند راه‌آهن تهران که در دوران قاضی محمد معاون وزارت بهداری ایشان بوده به امام جمعه سلیمانیه که در مهر ماه سال ۱۳۳۸ به شوروی رفته و در رادیو مسکو تبلیغات بنفع استقلال کردستان نموده و فرستاده است.

۸ـ برنامه رادیو کردی تهران وسیله ارتباط بین اکراد عراق است زیرا روز چهارشنبه گذشته تحت عنوان ما و شنوندگان پیام حسن زیرک توسط عبالش مهدیه زیرک زندی یکنفر از افراد عراقی ساکن شهر کرکوک فرستاده شد خود حسن زیرک هم اخیرا از منطقه کردستان، بوکان، مهاباد مراجعت نموده و در این مسافرت با اشخاص مشکوک عراق ملاقات کرده است نامبرده با اینکه کارمند رادیو کردی تهران است چون قبل از کودتای عراق در انتشارات رادیو بغداد دارای حقوق بوده اکنون هم همان حقوق را دریافت میدارد خواهر ایشان زن یکنفر از همکاران درجه ۱ قاضی محمد بوده و فعلاً در شوروی بسر میبرد در اوایل سال ۱۳۴۰ وسیله سفارت شوروی در آنکارا به ترکیه آمده بوده و همچنین مهدیه زیرک گوینده رادیوی مزبور اغلب شبها بنام اقوام خود پیامهائی بکردستان میفرستد.

۹ـ لازم است روزنامه کردستان که در تهران منتشر میشود کاملاً تحت بررسی قرار بگیرد چون اداره کننده آن مفتی‌زاده‌ها هستند که یکی از آنها بنام ملاصدیق بوده ایشان در آن زمان از طرف وزارت فرهنگ در یکی از مدارس مهاباد آموزگار بوده‌اند.

بەڵگەنامەی ساواک سەبارەت بە زیرەک

**ژنی پیاوێکە کە هاوکاری پلەیەکی قازی محەمەد بووە. ئێستا لە شوورەوی ژیان بە سەردەبات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٠ بەهۆی باڵیۆزخانەی شورەوی لە ئەنقەرە هاتۆتەوە تورکیا، هەروەها میدیای زەندی پێشکەشکاری رادیۆ زۆربەی شەو بەناوی ئەقوامی خۆی پەیام بۆ کوردستان دەنێری**"ل٦٤ ئەم چاودێرییە وردەو گومانە زۆرەی ساواک و شیکردنەوە سیخوڕیانەی هەڵسوکەوتی زیرەک و میدیای زەندی- لەلایەن ساواکەوە، هەموو گۆشەیەکی ژیان و هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەم دووانەی گرتۆتەوە، دەنا سڵاو ناردن بۆ هونەرمەندێکی وەک حەسەن زیرەک و پێشکەش کارێکی وەک میدیای زەندی بۆ گوێگر و دۆست و خزم و ناسیاوان لە رادیۆوە کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەوە ساواکی ئێرانە، هەموو ئەمانە بە گومان سەیر دەکات و سیخوڕیانە شییان دەکاتەوە.

زیرەک کە لە رادیۆی تاران مۆڵەت وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە کوردستان، سنە و مەهاباد و بۆکان، ساواک هەر بەدوایەوەیەتی و سەردان و پەیوەندیەکانی تۆمار دەکات، زیرەک وەک هونەر مەندێکی گەورە،

کە هەموو کوردێک لە هەرجێگایەک بووبێ حەزی کردووە، حەسەن زیرەک ببینێ و بناسێ، بەهۆی ئەوەش ماوەیەکی زۆر لەعێراق بووە، کوردی عێراقیش زۆر کەس زیرەکیان ناسیوە، رەوشە سیاسییەکەی کوردیش لە هەر دوولا کوردی ئاوارەکردووە، جا ئەگەر زیرەک لەو سەفەرەی بۆ سنەو مەهاباد و بۆکان کوردێکی عێراقی- ئاوارەی دیبێ پێشتر ناسیبی یان نەیناسیبی، قسەیەکی لەگەڵ کردبێ، چایەکی لەگەڵ خواردبێتەوە، ساواک ئەوەی بە پەیوەندی و گومان بۆ زیرەک لێکداوەتەوە. راپۆرت نووسەکە نووسیویەتی "**گەراوەتەوە و لە و سەفەرە پەیوەندی بە کەسانێکی گومان لێکراوی عێراقییەوە کردووە!!**" لەوەش زیاتر راپۆرت نووس، ئەو تاوانەشی بۆ زیادکردووە، کە نووسیویەتی "**لەبەر ئەوەی پێش کودەتای عێراق لە راگەیاندنی عێراقی موچەخۆر بووە، ئێستاش هەمان مووچەی خۆی وەردەگرێ!!**" **لە کاتێکدا وەک مامۆستای هونەرمەند باکووری باس** دەکات:

"**لە پاش کودەتای ساڵی ١٩٥٨ زیرەک ترسا بیگرن بۆیە گەڕاوە ئێران**" ئێستا ئەو حکومەتەی عێراق زیرەک لە ترسی ئەو هەڵاتووە، چۆن مووچەی بۆ دەنێرێتە ئێران؟!

هەروەها راپۆرت نووس بەردەوام دەبێت لە زۆرکردنی گومان و گەورەکردنی گومان لەسەر حەسەن زیرەک ئەمجارە دەنووسێ "خوشکی ئەو ژنی پیاوێکە کە هاوکاری پلەیەکی قازی محەمەد بووە، **ئێستا لە شوورەوی ژیان بەسەردەبات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٠ ژ هەتاوی بەهۆی باڵیۆزخانەی شوورەوی لە ئەنقەرە هاتۆتەوە تورکیا**" لێرە جارێکی تر گومان لەسەر زیرەک زۆرتر دەکات، بەهۆی ئەوەی کە خوشکی حەسەن زیرەک خێزانی پیاوێکە کاتی خۆی هاوکاری نزیکی پێشەوا قازی محەمەد بووە. واتە لێرە زیرەک هیچ تاوانێکی نەکردووە، بەڵام، بەهۆی


باکووری

خوشکی و زاواکەی گومانی زۆرتری بۆ دروست دەکرێ، ساواک جارێک بە جاسوسی عێراقی ناو دەبات و جارێکی تر وەک خزم و تێکەڵ بە بنەماڵەی قازی محەمەد تاوانباری دەکات.
هەر راپۆرت نووس، جارێکی تر باسی "**میدیای زەندی**" دەکات و دەنووسێ "**هەروەها میدیای زەندی پێشکەشکاری رادیۆ زۆربەی شەو بە ناوی خزمەکانی خۆیەوە پەیام بۆ کوردستان دەنێرێ** !!" لە کاتێکدا زۆر ئاساییە لەو سەردەمەی کە میدیا لە رادیۆ بووە و بەرنامەی پێشکەش کردووە، خزم و ناسیاوی خۆشی نامەیان بۆ بەرنامەکەی ناردبێ ئەویش وەڵامی دابنەوە، بەڵام ئەوەیە حاڵی هونەرمەند و پێشکەشکاری کورد و لە رادیۆی تاران، کە هەتا ئەگەر لە رادیۆکەی ئەوانیش سەرکەوتن و خزمەتی رادیۆکە و بەرنامەکانیشیان بکەن! بەڵام، چونکە کوردن، ئەو خزمەت و سەرکەوتنەش جێگای گومانە!. دیارە بۆ زیرەک میدیای زەندی، ئەو گومانانەی ساواک هەروەها نامێنتەوە! دواجار ساواک ئەم سەرکەوتنە هونەری و رادیۆییەی زیرەک و میدیا لەکار دەخات و ئەو خێزانە هونەریە لە باریەک هەڵدەوەشێنێ!!
ئەمە ئەگەر راپۆرت نووس، راپۆرتەکانی خۆی لە بارەی زیرەک و میدیا بۆ ساواک نووسیوە، لە سەردەمی دوای پێکهێنانی خێزان و دامەزراندنی هەر دووکیانە لە رادیۆ، خۆ پێش ئەمە و لەسەرەتای گەڕانەوەی حەسەن زیرەک لە عێراق، دیسان ساواک هەر چاو دێری زیرەکی کردووە راپۆرتی خۆی لەسەر نووسیوە، لە بەڵگەی ژمارە- ٩/١٧٥ب-م رۆژی ١٣٣٧/٥/٣٠ داهاتووە "**حەسەن زیرەک لە ماڵی موزەفەر حەبیب سەبارەت بە خۆشەویستی ئالیا حەزرەت هەمایۆنی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بیروڕای خەڵک پرسیاری کردووە. بۆیە بەر خورد لە هەمبەر ئەمە پێویستە لەگەڵیدا تەواوی وریایی بگیرێتە بەر و کارو هەڵسوڕانی ئەو لە تاران بخرێتە ژێر چاودێری، چونکە دەگونجێ سەردان و هاتووچۆی ماڵی دکتۆر شیرازی بکات لەوەی** کە ساواک گومان لە حەسەن زیرەک دەکات سەردانی ماڵی دکتۆر شیرازی بکات، ئەو "**دکتۆر شیرازی**"یە وەک بەڕێز "**دکتۆر یاسین سەردەشتی**" **باسی کرد دکتۆر شیرازی زاوای پێشەوا قازی محەمەد بووە و هەروەها ئەندامی حزبی تودەی ئێرانی بووە**، کە ئەم گومانانەی ساواک ئەوە دەسەڵمێنی کە زیرەک خزمایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر هەبووە.

لێرە بەدەر دەکەوێ کە زیرەک پاش گەڕانەوەی لە ماڵی "موزەفەر حەبیبی" ویستوویەتی رادەی خۆشەویستی خەڵک بزانێ، بۆ بنەماڵەی شای ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەمە زیرەک وەک کوردێک و نیشتمان پەروەرێک- هەر لە نێو خۆییدا ئەم پرسیارەی کردووە، چونکە هیچ بەڵگە و گێڕانەوەیەک باسی پەیوەندی زیرەکمان بۆ ناکات بە هیچ حزبێکەوە، هەتا حزبە کوردییەکانیش، هەروەها زیرەک لە کاسێتێکدا بەخۆی دەڵێ: "

**نەحزبیمە و نە جاشم**

**نەتودەم نەیۆلداشم.**" و ناوی زۆر رێکخراو دێنی و دواجار دەڵێ:

**کوردی بێ غەل و غەشم.**

ئەوەی کە گرینگە، ئەوەتا ساواک لە بەڵگەی خۆیدا دەنووسێ "**لە هەمبەر ئەمەدا پێویستە لەگەڵیدا تەواوی وریایی بگیرێتەوە و کارو هەڵسورانی بخرێتە ژێر چاودێری**!!" دیارە هەموو لایەکیش ئەمە دەزانێ! کە ساواک دەنووسێ: "لە هەمبەر ئەمەدا پێویستە لەگەڵیدا تەواوی وریایی بگیرێتە بەر و کارو هەڵسوڕانی بخرێتە ژێر چاودێری!!" مانای چییە؟ دەزگایەکی سیخوڕی وەک ساواک ئەم دەستە واژانە هەروا بە خۆڕایی نانووسێ- بە تەواوی وریایی- بخرێتە ژێر چاودێری- ئەمانەش سەبارەت بە چ کەسێ دەنووسرێ؟! سەبارەت بە زیرەک.



پێشەوا قازی



مەلیک مەحموود

**- کوردستان:.**

پاش دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی خاکی کوردستان و داگیرکردنی هەر پارچەیەکی لەلایەن میللەتێک و حکومەتێکەوە، **ولاتی "کوردستان"** و ناوهێنان و باسکردنی باجی سەری دەویست، پاش شکستی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتی کورد لە پارچە جیا جیاکانی کوردستان و بە تایبەت شکستی **شێخی نەمر** و روخانی **کۆماری کوردستان** و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی ناو "**کوردستان**" لە هەموو کوردستان سڕایەوە و تەنیا لە ئێران بچووک کرایەوە و لە باری فەرمییەوە بۆ ناوی شاری "**سنە- سنەندج**" وەک "**استان کردستان**" بەکار دەهات و ئەمەش مەبەستێکی سیاسی دەوڵەتی ئێرانی لە پشت بوو، چۆن دەیویست، "**میللەتی کورد**" بە "**هۆز**" ناو ببات و "**زمانی**



شاری مەهاباد

**کوردی**" بە "**لەهجە**" بناسێنی، ئاواش دەیوست هەموو وڵاتی کوردستان، لە سنووری شارێکدا بچووک بکاتەوە و لە مانای "**وڵات**" و "**میللەت**" و "**زمان**" دایانببڕێ و دواجار تاکی کورد لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان بێ هیوای بکات.

ئەگەر ئەمە حاڵی ئێران بوو، ئەوا لە پارچەکانی تری کوردستان حاڵی کورد لەمە باشتر نەبوو، لە تورکیا لە نەزەری حکومەتی تورک شتێک نەمابوو بە ناوی "**میللەتی کورد**" و "**وڵاتی کوردستان**" ئەوەی هەبوو تورکی چیابوو.

لە وڵاتی سۆشیالیستی سۆڤیەتی ئەوکات، "**کوردستانی سوور**" لە خوێن سوورکرا، لە سووریای عەرەبیش هەموو کوردستانی بەردەستی ئەو گرێی "**پشتێنەی سەوز**" ی لەگەرووی دراو هەناسەی لێ برا، لە عێراقی برای عەرەبی چاو رەشیش، "**گوڵی کوردستان**" دەدرایە بەر رێژنەی گوللە و بۆمبای ناپاڵم!! لەم رۆژگارەدا و لەم سەروبەندی خەفەقا نەدا، هونەرمەند "حەسەن زیرەک" بە دەنگە خۆش و رەسەنەکەی، بە ئاوازە بەسۆز و دڵگیرەکەی، بە زمانە جوان و رەوانەکەی، بە عەشقە گەرم و پاکەکەی، بە هەستە پاکە کوردانەکەی رۆژانە لە نێو گۆرانییە تازەو داهێنراوەکانی دا بە دەنگێکی بەرز کەو ئاسا دەیخوێند و بولبول ئاسا دەیچریکاند، "**سینگت پەنیری کوردی**" **و زوڵفت گیا بەند و خاوە،** "**سێ گەز بەگەزی کوردی**" **باسکت لەگەردەنم ئاڵێ و** "**سەر تۆپی کوردستانی**" **و بەردەوام** "**کورد**" و "**کوردستان**" بە دەنگە خۆشەکەی و لە نێو گۆرانییە خۆشەکانی وەک بارانی رەحمەتی درەنگە ساڵ، دەبارییە نێو دڵ و دەروونی یەک بەیەکی تاکی کوردو گوڵی هیوای دەگەشاندنەوە.

**کوردستانی** هونەرمەند حەسەن زیرەک، جیابوو لە "**کوردستان**"ی داگیرکەران، جیابوو لە رۆژنامەی "**کردستان**" ئێران کە هەردەبوایە تەنیا باسی "شیعر و جوگرافیا" بکات و ئەوەش بۆ چاو بەستە بوو!!

کوردستانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، جیا بوو لە "**استان کردستان**"ی کەمەبەست لە "استان کردستان" بچووک کردنەوەو بێ رەواجکردنی "**کوردستان**"ی گەورە بوو، هەر بۆیە کوردانی شاری سنەش دڵیان زۆر بەم "**کردستان**"ە خۆش نەبوو، کەم بەکاریان دەهێنا کوردستانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، کوردستانی

هەموو کورد بوو، هەموو کوردستان بوو، کوردستانی مێژوو کوردستانی جوگرافیا و کوردستانی ئازادی و کوردستانی "**ژیان**" و "**عەشق**" بوو کوردستانی رابردوو و کوردستانی ئێستا و کوردستانی داهاتووی کوردستانی گەورە بوو. ئەم کوردستانە لە نێو زۆربەی گۆرانییەکانی زیرەک دا هەبوو، رۆژنە چەندین جار بە دەنگە خۆشەکەی بە دەنگێکی بەرز، بەبڵاو بوونەوەیەکی باش گەرمێن و کوێستانی ئاسمانی کوردستانی دەکردو دێ بە دێ و شارەو شار دەگەڕاو سەری بە هەموو ماڵێک دادەگرت و لە نێو هەموو دڵێکدا جێگای خۆی دەکردەوە،



**"ساڵان دەچـــوومە شـــاخـی کوردستان**
**ئەمساڵ وشک بوو گشت باخ و بێستان"**


**کوردستانی گەورە:-**

زیرەک هەموو جوانییەکانی کچ و ژنی کورد، هەموو جوانییەکانی سروشتی کوردستان، هەموو داب و نەریتەکانی کوردەواری، هەموو خەم و ئازارەکانی تاکی کوردەواری، هەموو هیواو ئاواتەکانی میللەتی کوردی لەناو ئەم وشەو ناوە پیرۆزەی "**کوردستان**" دا دەتواندەوەو بەخۆشترین **ئاوازو** بەرە سەنترین **دەنگ** و بە دڵسۆزترین **مەبەست** دەیکردە **مەرهەم** و **برینی** لە مێژینەی "**کوردایەتی**" و "**دەردە کوردی**" پێ تیمار دەکرد.

زیرەک یەکەمین هونەرمەندە، کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووی هەزارەی رابردوو بۆ ماوەی بیست ساڵ، زۆرترین جار وشە و ناوی "**کورد** و **کوردستان**" لەنێو گۆرانییەکانی خۆیدا بەکار هێناوە چ لە عێراق و چ لە ئێران.
هەربۆیە، گوێگرانی، حەسەن زیرەک، تەنیا گوێیان لە دەنگێکی خۆش و گۆرانییەکی دڵداری نەدەگرت، بەڵکە گوێیان لە دەنگێک دەگرت، بە بەرزترین هونەر، بەجوانترین هونەر باسی مێژوویێکی خوێناوی بۆ دەکردن:

**"ئەمساڵ بەهارمان کەبێ بارانە**
**گوڵاڵەی سورمان جەرگی یارانە.**
**لە هەرچوار لاوە شاییە بەریزە**
**خەنەبەندانمان خوێنی ئازیزە"**


لێرەوە بوو، گۆرانییەکانی زیرەک، ئەوەندەی کە گۆرانی عەشق و جوانی بوون، دوو هێندە گۆرانی "**کوردایەتی** و **سیاسەت**"یش بوون، مامۆستا "محەمەد حەمە باقی" دەنووسێ: "**بەڵێ ئازارەکانی ناو دەنگی بە سۆزی حەسەن زیرەک ئازاری هەموو هونەرمەندێکی کورد بوو ئازاری بێ کۆتایی هەموو نەتەوەی کورد بوو" ئەمەش وایکردبوو کە رۆژ بەرۆژ گوێگر و لایەنگرو جەماوەی زیرەک و گۆرانییەکانی زیرەک زۆرترو بڵاوتر بێت.**


نووسەر: محەمەد حەمە باقی

ئەوەتا مامۆستای نووسەر محەمەد حەمە باقی چۆن باسی زیرەکمان بۆ دەکات و سەیرکە لە زاری زیرەک چەند راستگۆیانە و لەناخەوە باسی عەشقی زیرەک دەکات بۆ "**کوردستان**" و جوانییەکانی کوردستان زیرەک دەفەرمووێ: "**ئەگەرچی وشەکانم لە پلەی نەخوێندەواری و ساکاریمە و زۆر ساکارە گۆرانییەکانم ئەبیسترێن. بەڵام، ئەو سەری نیازم هەر ئەوگڕە میللییەیە کە دەروونی ئاگر تێبەرداوم و شەیدای خۆراکی جوانی و شارو بست بەستی کوردستانی کردووم و گۆرانیان پیا هەڵدەدەم.**" (**گەوهەرێ ل ٣٤٤**).

زیرەک هەر تەنیا لە وشە و ناوی "کوردستان" دا باسی کوردستانی نەدەکرد، ئەو گڕە میللییەی کە دەروونی ئاگر تێبەردابوو بەڵکە بست بەست خاکی کوردستانی ورد دەکردەوە، بەشارو شارە دێ و گوندو ئاوایی و کێو و شاخ و کانی و باخ و دەشت و رەزیش هەر باسی کوردستانی دەکرد ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات، چ لە عێراق و چ لە ئێران! تەنیا وەک گۆرانیبێژو هونەرمەندێکی ئاسایی سەیری زیرەک نەکەن! بەڵکە بیخەنە ژێر چاودێرییەکی ورد، لەگەڵ چاپکردنی کتێب و دیوانە شیعری "**چریکەی کوردستان**"یش ئەم چاودێرییە گەیشتە قۆناغی هەڵوێست وەرگرتن و رووبەرووبوونەوەی نا بەرامبەر.

بەڵێ! "**چریکەی کوردستان**" داهێنانێکی تری زیرەک بوو، لەو داهێنانەی کە لە خزمەتی "کوردستان" بوو، بەمانایەکی تر لە رستەیەکی کورتی هونەری ئەدەبی دا دیوانێکی شیعری هونەرمەند ببووە تەواوکەری کارە دەنگییەکان، گۆرانییەکانی زیرەک و بەنێو کوردستاندا بڵاوبووەو پێشوازییەکی زۆر و گەرمی لێکرا لەلایەن خوێندەوارانی ئەو رۆژگارەی کوردستان، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: دەبێ حیسابی دیوانە شیعرێکی ژیانە شیعر بۆ دیوانی "**چریکەی کوردستان**" بکەین کە هونەرمەندی شاعیر لە ساڵی ١٩٦٦ دا بڵاوی کردۆتەوە و ئەمەش دەرگای مەینەتیەکی تازەی لێ دەکاتەوە. هەر مامۆستای نووسەری ناودار "**محەمەد حەمە باقی**" دەنووسێ: کە لە دوای چاپکردنی چریکەی کوردستان و جارێکی تر دەربەدەر بوونی زیرەک. بۆ عێراق لە مانگی ١ی ساڵی ١٩٦٧ لە رێگای قلیاسان دەگیرێ، مامۆستا لەگەڵ هونەرمەند حەسەن زیرەک پێکەوە لە بەندیخانە بووەو خۆی لە زیرەکی بیستووە کە حکومەتی ئێران بە تایبەت "ساواک" زۆریان پێناخۆش بووە کە زیرەک ئەم دیوانە شیعریە- کتێبە کوردییەی چاپکردووە. **مامۆستا عەبدولی حەمە باقی**



**دەگێڕێتەوەو دەڵێ**: میدیای زەندی گووتی: کە زیرەک چریکەی کوردستانی چاپکرد ئێران فەرمانی گرتنی زیرەکی دەرکرد. هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێران- ساواک زیرەک ناچار بکات واز لە رادیۆ بێنی و ماڵ و منداڵ و میدیای زەندی بەجێ بێڵێ و دواجار هەموو ئەمانەی لە دەست بچێ و هەتا مردن یان راستتر هەتا کوشتنەکەی بە دەستی ساواکەوە، نە لە تارانی پایتەخت و کرماشان شاری گەورەی کوردستان و نەلە عێراق و بەغدا، خۆی گووتەنی: "لە هەموو ئێران و عێراق جێگای نەبووەوە" لە چایخانەی "کانی مەلا ئەحمەد"یش لەو سەر سنوورەش لێی نەدەگەڕان و نەیانهێشت ژیانێکی ئاسایی، مەعمولی، بژی و دواجار ئەو چایخانەیەی کە زیرەک لە نێوان دووسێ کێو و کاسبی تێدا دەکرد، ئەو کوێرەوەرییەی پێخۆش بوو. ئەمەشیان لێ قبووڵ نەکرد، ئەگەر "هونەر- ئەو هونەرەمەزنەی زیرەک- بەهرەیەکی بۆ زیرەک نەبوو" ئەوا چاپکردنی "**چریکەی کوردستان**" ژیانی زیرەکی گۆڕی و لە شاری گەورە و پایتەختەوە، ئاوارەی کانییەکی سەر سنووری کردوو لەوێش هەر رۆژەی هەنجەتێکیان پێدەگرت و خۆی گووتەنی: هەر جارەی "چینێکی باشیان لێدەدا!؟" بەڵێ! چریکەی کوردستان، چریکە و هاواری بولبوولێکی کوردستان بوو، چریکەی هونەرمەندێکی گەورە بوو، چریکەی میللەتی کورد بوو. چریکەی زیرەک بوو، چریکەی پێشبینی مەرگ بوو، چریکەی پێش مردن بوو، چریکەی پێش خواردنەوەی ژەهر بوو! ژەهری دەستی ساواک، نەک ژەهری ئەژدیهای حەوسەر و بە دەستی دڵبەر!!

**- کرماشان:**

پاش گەڕانەوەی زیرەک لە عێراق بۆ ئێران، شاری کرماشان بۆ ماوەی ٢ تا ٣ ساڵ جێگای حەسانەوەی زیرەک بوو، کرماشان سەردەمی زێڕینی ژیانی زیرەک بوو، سەردەمی زێڕینی تۆمارکردنی گۆرانییەکانی زیرەک بوو. سەدمخابن ئەو سەردەمە زۆری نەخایاند و ئەو بەختیارییەی کە زیرەک لە گۆرانیدا باسی دەکات هەتا سەر نەبوو، ئەو ناوماڵەی کە زیرەک پێی خۆشبوو، لێی دوورکەتەوە، "ئارەزوو"و "ساکار"ەی خونچە بۆ زیرەک نەبوون بە "گوڵ" زیرەک لە کچەکانی دوورکەوتەوە، چاوەڕێی نامەی ئارەزوو بوو، کەچی "ئارەزوو نامەی نایە" و "مەهتاب"یش دەرهەق بە زیرەک بێ مەیلە.

نیشتەجێ بوونی "حەسەن زیرەک" لە کرماشان، نیشتەجێ بوونی هونەرمەندێک بوو لە جێگای شیاوی خۆی، زیرەک کارمەندی رادیۆ بوو، "میدیای زەندی" خێزانی ئەویش گۆیندەی رادیۆ بوو، زیرەک هاوکاری باشترین هونەرمەندە مۆسیقییەکانی ئێران و کورد بوو، زیرەک هاوڕێ و دۆستی نووسەران و شاعیرانی ناوداری ئەوکاتەی کوردستان و کرماشان بوو. زیرەک لە نێو ئەم ئاو و هەوا گونجاوە باشترین بەرهەمەکانی خۆی تۆمارکرد، زیرەک لە کرماشان رەوتی هونەری کوردی و رەوتی سیاسی شاری کرماشانی گۆڕی!

زیرەک وەک هونەرمەندێکی لێهاتوو و بێ وێنە، رووی لە هەر جێگایەک کردبێ، جا چ بە هەڵاتن و ئاوارەیی، چ بەخۆشی، کە ئەمەی دواییان زۆر کەم روویداوە، زیرەک بە هونەرەکەی خزمەتی ئەو جێگایەی کردووە و ناوی ئەو جێگایەی لە گۆرانییەکانیدا تۆمارکردووە و زۆر بەجوانی پێیدا هەڵگوتووە، شاری کرماشانیش بەشی شێرو ئاستێکی بەرزی هونەری زیرەکی و پێدا هەڵگوتنی شیاوو بەرزی بەرکەوتووە.

## گۆرانی کرماشان:

**گوتن و هەڵبەست و ئاواز- زیرەک**

**"کرماشان(١)**
**کرماشان شاری شیرینم**
**شاری جوان و کوردنشینم**
**حەزدەکەم دایمە بتبینم**
**خۆشم دەوێی کچە جیران**
**بەدۆستم بی یا دەزگیران**
**دەوەرە دەوەرە بابان وێران**
**کرماشان شارێکی جوانی**
**شاری گەورەی کوردستانی**
**ساحێبی تاق وەسانی**
**خۆشم دەوێی زێدە جوانی**
**خۆشم دەوێی کچە جیران**
**بە دۆستم بی یا دەزگیران**
**سۆرە گوڵەکەی نێو موکریان**
**کرماشان شارێکی جوانە**
**شاری گەورەی کوردستانە**
**ساحێبی تاق وەسانە**
**کرماشان جێگای ئەژدادی**
**جێگای شیرین جێی فەرهادی**
**تامردن هەر تۆم لەیادی"**
**"مەقام"**
**"بێستون ئێستاش کە فەسڵێ لالەی سەوزە بێ**
**باسی خوێن و داخی دڵی فەرهاد دەکات"**

**"کرماشان (٢)**
**کرماشان شارێکی رەنگینی**
**جێگەی فەرهاد جێی شیرینی**

**حەزدەكەی دایمە ببیینی**

**خۆشم دەوێی كچە جیران**

**كرماشان شاری دڵخۆشی**

**كرماشان نەمكەی فەرامۆشی**

**شاری شرین و سەرخۆشی**

**خۆشم دەوێی كچە جیران**

**كرماشان تاریفی تۆم تەواوە**

**تێدا ماندووی من حەساوە**

**چۆن وێنەی بوك بۆم رازاوە**

**خۆشم دەوێی كچە جیران.**

زیرەک لە رۆژگارێکدا ئەم گۆرانییەی بە شاری کرماشاندا هەڵگوت کە ماوەیەکی زۆر بوو، ئێران لەپەنای مەزهەبی شیعەگەری و هەوڵدانی دابڕانی برا "لوڕ"ەکان لە کورد کاری دەکرد و کار کارکردنەکەش کاریگەری خۆی هەبوو. لەپەنا ئەم دوو چەمکە "مەزهەبی شیعە" لە ئیسلام کە کورد زۆربەی "سوننە"یە، لەپەنادنەدانی هەستی "لوڕیەتی" چ لۆڕ وەک هۆزێکی دوور لە کورد و سەربەخۆ چ وەک لورێکی نزیک نەتەوەی سەردەستی فارس و چ وەک فارس ئەم بەرنامە و کارکردنەی حکومەتی شاهەنشاهی، توانی بووی هەستی "کورد بوون" لە شاری کرماشان و لە نێو لوڕەکاندا هەتا رادەیەکی زۆر کز و لاواز بکات.
بەڵام، هونەرمەندی گەورە و شاعیری دڵسۆز حەسەن زیرەک "بە شیعر و ئاوازی" گۆرانی کرماشان، بەدەنگە خۆش و زوڵاڵەکەی لەنێو ئێران و لە ناوشاری کرماشان و لە سەر رادیۆی کرماشان، کە گوتی:

**"كرماشان شاری شیرینم**

**شاری جوان و كوردنشینم"**

**كە گوتی: "كرماشان شارێكی جوانی**

**شاری گەورەی كوردستانی"**

**كە گوتی: "كرماشان جێگای ئەژدادی**

**جێگای شیرین جێی فەرهادی"**

بەم گۆرانییە زیرەک تەواوی نەخشە و پیلانی دەوڵەتی ئیرانی هەڵوەشاندەوەو چارەنووسی ئەم شارەو ئەم "شیعە مەزهەب" و "لوڕانەی" گۆڕی و ئاگرێکی کوردایەتی ئەوتۆی لەم شارە داگیرساند، کە بە هیچ هێزێک نەکوژێتەوە و ڕۆژ بەرۆژ گەرمتر و گەشتر و بڵێسەدارتر دەبێ، ئەوەی زیرەک لە سایەی ئەم گۆرانییەدا بۆ شاری کرماشان و کوردانی کرماشان و هەموو لوڕ و شیعە مەزهەبە کوردەکانی کرد، تا ئێستا هیچ حزب و ڕێکخراوێکی کوردی پێی نەکراوە.

زیرەک، ئەوەندە زیرەکانە و هونەرمەندانە، ڕووی گۆرانی و مەبەستی شیعرەکانی بە ئاوازە گەرم و توندەکانی کردە دڵ و دەروونی سارد و بێ هیواییەکی دانیشتوانی شاری کرماشان و لەوێشەوە هەموو کوردەکانی ئێران و هەموو کوردەکانی کوردستان و باسی مێژووی کوردبوونی ئەم شارە جوان و خۆش و ڕازاوەیەی بۆ کردن، کە ئێستا هەموو کوردێک، وەک دانیشتوانی شاری کرماشان، شاری کرماشان بە شاری ئەژدادی خۆی دەزانێ و پێی خۆشە دایمە بیبینێ. زیرەک بوو مۆرێکی تازەی کورد بوونی وەک نەخشەکانی تاق وەسان لە سینەو دڵی هەموو کوردێک دا و گوتی: کرماشان ئەگەر چی شارێکی شیرینە، بەو شیرنییەوەش شارێکی جوان و **کوردنشینە**! گوتی: کرماشان ڕاستە شارێکی جوانە، بەڵام ئەم شارە جوانە، شاری گەورەی **کوردستانە**! شاری گەورەی هەموو کوردستانە، کوردستانی گەورە. چونکە کە دەڵێ: شاری گەورەی کوردستانی، مەبەستیەتی بڵێ: شاری گەورەی کورستانی گەورەی.

زیرەک گووتی: کرماشان جێگای ئەژدادی، جێگای باپیرانی کوردی، جێگای داستانی پڕ عەشقی شیرین و فەرهادی، جێگای باپیرانی کوردی، جێگای فەرهادی عاشق و کێو هەڵکەنی کوردی، کرماشان، تۆ شاری کوردانی، تۆ شاری گەورەی کوردستانی گەورەی.

ئەم پەیامە نەتەوەیی و سیاسی و هونەرییەی زیرەک جێگای خۆی گرت و لە دڵ و دەروونی هەموو کرماشانییەکان و هەموو کوردستانییەکان، بە دڵ بە باوەڕ، پێشوازی لێکراو لەو ڕۆژەوە کە زیرەک- ئەم "مارش"ە نەتەوەییە- دڵدارییەی گوتووە، ڕۆژ بەرۆژ پتر هەستی کوردایەتی لەم شارە بەهێزتر دەبێ و نەوە لە دوای نەوە لە سایەی ئەم پەیامەوە لەسەر

ئەم باوەڕە، باوەڕی کوردبوونی کرماشانییەکان و کوردستانی بوونی شاری کرماشان گەورە دەبن.
ئەوەی کە ئێران وەکو دەوڵەتێک و بەو هەموو هێزو بەرنامەیە و ئەو هەموو ساڵە پێیەوە خەریک بوو، زیرەک بە گۆرانییەکی کورت و چەند دەقیقەیی و بە چەند دێڕە شیعرێکی شیاو و لەجێ بە تاقی تەنیا هەمووی هەڵوەشاندەوە، ئەوەی زیرەک کردوویەتی، شۆڕشێک بوو، شۆڕشێکی نەتەوەیی، شۆڕشێکی بێ حزب و ڕێکخراو و ئەندام و بێ چەک، شۆڕشێک زیرەک هەر خۆی پێشڕەو و سەرکردەی بوو، بەڵێ! زیرەک سەرکردەی شۆڕشێکی هونەری بوو، کە تائێستاش هەر بەردەوامە و زیرەکیش هەر سەرکردەیە و هەر بە سەرکردەیی دەمێنێتەوە، سەرکردەی شۆڕشێکی هونەری مەزن.
ئەو جەماوەری بوونەی زیرەک و ئەم کاریگەرییە هونەری و نەتەوەییەی ڕژێمی شاهەنشای هەستی پێدەکرد و زۆریشی پێ ناخۆش بوو، هەتا زیرەک لە هونەر پێشدەکەوت و لەڕووی جەماوەرییەوە لایەنگری زۆر دەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی لایەنگرانی بەرز دەبووەوە، ئەوا ئەوەندە لەکن حکومەت و دەزگا ئیتلاعاتی و ساواکییەکان زیرەک دەبووە جێگای گومان و مەترسی و گرنگییەکەی دادەبەزی و زۆرتر کارو هەڵسوڕانی دەخرایە ژێر چاودێرییەوە.


کرماشان

**- نەورۆز:-**

نەورۆز وەک جەژنێکی مێژوویی بۆ میللەتی کورد و خەڵکی ئێران گرنگی خۆی هەیە، ئەو سروودەی کە زیرەک گوتوویەتی، وەک پێدەچێ بەزۆر پێی گوتراوە!:" رژێمی شاهەنشاهی بەزۆر سروودی نەورۆزیان بە زیرەک گووتووە" ناڵەشکێنە. زیرەک ویستوویەتی شیعرە مەزنەکەی پیرەمێرد بە دەنگە زوڵاڵ و مەزنەکەی خۆی پێشکەش بکات، کە زیرەک، شیعرەکەی پیرەمێرد بەتەواوی وەک خۆی و وەک ئەوەی کە زیرەک دەیەوێ تۆماری بکات، بەڵام دیارە ئەوەیان لێ قبووڵ نەکردووە، بۆیە زیرەک دەستکاری شیعرەکەی کردووە و ناوی "شاهەنشا"ی هێناوەتە ناو شیعرەکە، دێری یەکەمی پیرەمێردی وەکو خۆی گوتووە، کە دەڵێ:

**ئەم رۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە.**

لەپاش ئەم دێرە دەڵێ:

**چەند ساڵ گولێ هیوای ئێمە بێ بەر بوو تاکو پار**
**تا شەهەنشا لوتفی فەرموو هات لەگەڵ پاڵە و جۆتیار**

دەبێ ئەوە بڵێین، کە هەموو میللەتی کورد ئاواتە خواز بوو زیرەک شیعرەکەی بەم دەنگ و ئاوازە بە تەواوی گوتبا، دیارە زیرەکیش لە هەمووماں زیاتر وای حەز دەکرد، بەڵام! حەزو واقیع هەموو کاتێک یەکتر ناگرنەوە، زیرەک ئەوەندەی گوتووە، کە بۆی گوتراوە! پرسیاری گرنگ ئەوەیە! ئایا زیرەک، ئەگەر کە بۆی نەکراوە شیعرەکەی "پیرەمێرد" هەمووی تۆمار بکات، ئەوا هەر نەیگوتبایە و شیعرەکەی نەشێواندبایە و بە شاهەنشاهی دا هەڵنەگوتبایە؟! یا ئەوەتە چاکی کردووە کە بەوشێوەیەی بۆی کراوە، شیعری نەورۆزی ئاوا گووتووە و ئێستا ئەو شیعرە بەرزە بەو دەنگە زوڵاڵە، هەندێکی لەبەر دەستە!
رای نووسەران و هونەرمەندان و خاوەن رایان هەر چۆنێک بێت، من دەست خۆشی لە زیرەک دەکەم و سوپاسی دەکەم، کە ئەوەندەی بۆی

کراوە کردوویەتی! رەنگە هەندێ کەس بڵێن، جا ئەگەرچی دێرە شیعری یەکەمی پیرەمێرد کە شیعری "نەورۆزە" تۆمارکردووە، ئەی چی لە بە "شاهەنشا"دا هەڵگووتنەکەی بکەین؟!
من دەڵێم، بەڵێ راستە زیرەک بە "شاهەنشا"ی دا هەڵگوتووە، بەڵام رۆژگار شاهەنشای بەلانا و ئەوەندەی کە لە سروودەکەی زیرەک بۆ ئەمڕۆی کورد دەشێ، ئەوە زیندووەو بە زیندوویی دەمێنێتەوە، ئێستا چەندین ساڵە نەورۆزی زیرەک، ساڵانە نەورۆزمان خۆشتر دەکات و عەشقمان بۆ نەورۆز گەرمتر دەکات، لە راستیدا، لەگەڵ تۆمارکردنی سروودی نەورۆز لەلایەن زیرەکی هونەرمەند، قۆناغێکی تری "**نەورۆزی کوردان**" دەستی پێکرد و خەباتی کورد لێرەش لە سایەی دەنگی زیرەک چووە قۆناغێکی تر.
لە تۆمارکردنی سروودی نەورۆز، لەگەڵ هەموو گۆڕان و ناو هێنانەکەی شاهەنشاش، هێشتا ئەوەندەی ئەو سرووده بە قازانجی کورد و کەوتەوە، هێندە لە قازانجی ئێران و شاهەنشادا نەبوو. چونکە ئەگەر پیرەمێرد



**ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی کوردان**

بەنووسینی ئەم شیعرە مۆری کوردی بوونی لە جەژنی نەورۆز دایەو تاپۆیەکەی نوێ کردۆتەوە، ئەوا زیرەک بە تۆمارکردن و بە "دەنگ"کردنی سروودەکە گیانێکی تری کرد بەبەر شیعرەکە و لە دنیای هونەرو سرووددا نەمرییەکی دا بە سروودەکە و کوردی بوونی نەورۆزی زۆرتر بڵاوکردەوە و دوورتری بردو کردی بە سروودی یەکگرتووی هەموو کورد لە هەموو کوردستان و لە هەموو نەورۆزێکدا.
هەر ئەوەندەی کە زیرەک، لەنێو ئێران و لە سەردەمی شاهەنشادا،

بە دەنگە مەزنەکەی خۆی شیعرە بەرزەکەی پیرەمێرد تۆمار دەکا و دەفەرمووێ:

**ئەمڕۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە.**


بەم رستە مەزن و پیرۆزەی کە پیرەمێرد دەفەرمووێ:
"جەژنێکی کۆنی کوردە" زیرەک و پیرەمێرد جەژنی نەورۆز دەگەڕێننەوە ناو ماڵی خاوەنی راستەقینەی خۆی، کە میللەتی کوردە و ئەو میللەتە بێ حکومەت و وڵات داگیرکراوە لە خاوەندارییەتی بۆ نەورۆز دەخەنەپێش ئێران و حکومەت و شاهەنشا و دەسەڵاتەکەی، ئەمەش لە سایەی هونەرە بەرزەکەی زیرەک بوو، کە لە رۆژگارێکی بێ کەسیدا توانی شیعرێکی بەرز هەڵبژێرێ و- ئەوەندەی بۆی دەکرێ- بە هونەرە بەرزەکەی پێناسەی کورد بوونی نەورۆز بەرزبکاتەوە و دواجار پێناسەکە لە ئاستی هەموو پێناسەکانی تر بەرزتر و بەرچاوتر بێ، نابێ ئەوەش لەبیر


پیرەمێرد

بکەین، لەو ململانێ و بگرە و بەردەیەدا "زیرەک" بە تەنیا بووە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئێران و شاهەنشاکەیدا، وەک دەبینن دواجاریش سەرکەوت.
ئەوەتا سروودی نەورۆز، ئەو سروودەی کە زیرەک شیعرەکەی پێرەمێردی بە ناتەواوی و دەسکاری گوتوویەتی، ئێستا ئەو سروودە بە هەموو کەم و کوڕییەکانییەوە، کەم و کوڕی لە رووی شیعرەوە، هێشتا بەو حاڵەشەوە، ئەم سرودە لە سایەی دەنگی زیرەک لە پێشی پێشەوەی هەموو سروودەکانی ترە، کە بۆ نەورۆز گوتراون، لە رووی زۆر بڵاویی و جەماوەری بوونیانەوە، ئەمەش ئەگەرچی داهێنانێکی ترە بۆ سەر داهێنانەکانی تری زیرەک، ئەوا بەرز کردنەوەی دەوڵەمەندکردنی ئاستی سروودەکان و ئەرشیفی سروودەکانی نەورۆزیشە! کە زیرەک

سەردەستەیانە.
ئەم كارە هونەرییانەی دواجار بەلای سیاسەت دادەشكێنەوە و بە قازانجی كورد دەكەونەوە، ئەمەش هەتادێ، زیرەك دەخاتە خانەیەك كە **ئیتلاعات** و **ساواك** بە بەردەوامی زیرەك بە پەسەند نەزانن، بۆیە دوای چاپكردنی "**چریكەی كوردستان**" زیرەك، ناچار دەبێ دەست بەرداری هەرچی هەیەتی ببێ وسەر هەڵگرێ بۆ ئەوەی نەكەوێتە دەست و نەگیرێ، دیارە پاش رۆیشتنی یان راستتر هەڵاتنی زیرەك "كێشە بۆ میدیا خانمی خێزانی زیرەك دروست دەكەن و تووشی سەرێشەی دەكەن" چریكەی چ٢.

**- ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوێ: یان لەو كەلە دەنگی ساز دێ.**
ئێمە تا ئێستا زۆر كەم لەبارەی بۆنەو مێژووی تۆماركردنی گۆرانییەكانی زیرەك دەزانین، چۆن من لەسەر ئەو باوەڕەم زانینی هۆ و مێژووی تۆماركردنی گۆرانییەكانی زیرەك یارمەتیدەرێكی زۆر باشە بۆ تێگەشتن و شیكردنەوەی گۆرانییەكان، چۆن زیرەك بەهۆی دەست و رستی شیعر گوتن و ئاواز دانان، گۆرانییەكانی زۆریان پەیوەندی بە "بۆنە" و "شوێن" و "كەسایەتی"یەكانەوە هەیە.
یەكێ لە تایبەتمەندییەكانی زیرەك، زیرەك دوو دوو و سێ سێ گۆرانی یەك ناوی هەیە، ئامینێ، چارۆگەی هەولێرییە، وەك قومری و بۆچ منت


شەقڵاوە

ناویٚ و کرماشان و زۆری تر، هەروەها زۆر گۆرانی زیرەک دوو ناویان هەیە، دیسان زیرەک یەک بیرۆکەی بەزۆر شێوە دەربڕیوە، کە ئەمانە هەمووی ئەگەر سیفەتی دووبارەبوونەوەی تێدایە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک زیرەک بەم دووبارەکردنەوانە، لێنەگەڕاوە جوانییە هونەرییەکانی ئەو گۆرانییانە زیانییان پیٚ بگات. ئەم گۆرانییەش یەکیٚ لەو گۆرانییانەیە کە دوو ناوی هەیە "لەو کەلە دەنگی سازدیٚ" و "ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوە" ئەمەش هۆی ئەوەیە، کە بیرۆکە جیایەکان و داڕشتنە جوانەکان لەنێو یەک گۆرانیدا خۆیان پێش دەخەن و هیچ یەک لەبیرۆکەکان ناتوانیٚ ئەوی تر بەلابنیٚ و خۆی ببێتە یەکە ناو- ئەمەش نیشانەی دەوڵەمەندی زیرەکە لە بیرۆکە و بەهێزی زیرەکە لە داڕشتنی بیرۆکەکاندا.

هەروەها تایبەتمەندییەکی تری زیرەک ئەوەیە کە زۆریش گرنگە، ئەوەیش ئەوەیە کە ئافرەت نێوەندی کاری هونەری و گۆرانییەکانی زیرەکە، زیرەک هەموو بابەتەکان، بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئایینی و سیاسی و خێزانی و کەسی و دەروونی و هەر هەمووی لە دەوری بابەتی ئافرەت دا دەسووڕێنیتەوەو لە ڕێگای بابەتی عەشق و ژن و خۆشەویستی و جوانپەرستی و خواست و بیرو باوەڕەکانی خۆی دەردەبڕیٚ. ئەم گۆرانییەش، گۆرانی "لەو کەلە دەنگی ساز دیٚ" یان "ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوە" نموونەیەکی زۆر جوان و بەرزی گۆرانی عەشق و نیشتمان و نەتەوەیە.

ئێستا با تەواوی شیعرەکە بنووسینەوە.

**ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوە**

**ئەمساڵ "خۆم پیر بووم" لە دووریت جەرگم بڕاوە**

**ئەمساڵ بەهارمان کە بیٚ بارانە**

**گوڵاڵەی سوورمان خوێنی یارانە**

**لەو کەلە دەنگی ساز دیٚ**

**هەلاڵە و زەم زەمە**

**قریشکەی خانم ناز دیٚ**

**ماچ کەم ئەو دەمە**

**دەم لەناو دەمە**

**دەس لەسەر مەمە**
**لاڵ بم ئاگری کردەوە**
**شەو لەسەر سنگ و مەمکەکەی**
**رۆژم کردەوە**
**ساڵان بەهارێ دەچوومە سەیران**
**ئەمساڵ بەهارم لێبووە بە زستان**
**لەهەر چوار لاوە شاییە بەرێزە**
**خەنەبەندانمان شینی ئازیزە**
**ساڵان دەچوومە شاخی کوردستان**
**ئەمساڵ وشک بوو گشت باخ و کوێستان**
**ئەمساڵ بەهارمان لێ بوو بە زستان**
**گوڵاڵەی سوورم، ئەی هاوار بوو، خوێنی یاران.**


ئەگەر بە وردی سەیری دیمەن و حاڵەتە دەروونی و سۆزییەکانی ئەم گۆرانییە دوو زەردێنەیەی زیرەک بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ، شاعیر، گۆرانیبێژ، هونەرمەند، لە گەرمەی عەشق و راموساندا، لەسەر سنگ و مەمان، یەکسەر دەچێتە گەرمەی شینێ و لە ساڵی بێ بەهار و خوڕەی بارانی خوێنی یاران، یەکسەر قریشکەی خانم خاس دێ و دەکەوێتە هەڵمژینی شیلەی ژیان، لە نێوان جوانیی و خۆشییەکانی هەوەس و راموسان، ئەمجارە یەکسەر باسی زەمەنی رابردوو دەکات "ساڵان بەهاری دەچوومە سەیران" دوایی دەگەڕێتەوە "ئەمساڵ بەهارم لێ بوو بە زستان

**لەهەر چوار لاوە شاییە بە ریزە**
**خەنەبەندانمان خوێنی ئازیزە**
**ساڵان دەچوومە شاخی کوردستان**
**ئەمساڵ بەهارمان لێبوو بە زستان**
**گوڵاڵەی سوورم، ئەی هاوار بوو، خوێنی یاران"**

ئەم جێگۆڕکێ و تێکەڵکردنی "هەوەس و خەم"ەی زیرەک، ئەو شیعرەی شاعیری گەورەی کورد "**هێمن**"مان دێنێتەوە یاد، کە دەفەرمووێ: "**ئەمن ئەتۆم**

**هەر لەیادە" ئەی نیشتمان**، جا ئەگەر لە شاییدا بم، یان لە شین: "دەفەرمووێ"

**لە شاییدا لەوەختی هەڵپەڕینا**
**لەخۆشیدا لەکاتی پێکەنینا**
**لە کۆڕی ماتەم و شینا**
**ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە.**


مام هێمنی شاعیر

ئەوەی کە زیرەک لە شیعر و گۆرانی "لەو کە لە و ساڵان دەچوومە" دا کردوویەتی، ڕێک ئەوەیە، کە لە شیعری "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە"ی مامۆستا هێمندا هاتووە و هەڵگرتنی خەمی نیشتمانە، لەکاتی گەرمەی خۆشییەکانی ژیان و دەست لە ژیان بەرنەدانە لە کۆڕی شین و لەنێو خوێنی ئازیزان، ئەم حاڵەتە دوو جەرگییەش، ئەو هێزە خۆڕاگرییەی مرۆڤی کوردە، کە بەدرێژایی مێژوو، بەردەوام، پێیەکی لەنێو خاکی ژیاندایەو پێیەکەی تری لە مەیدانی قوربانیدان، ئەگەر "هێمن" شیعرێکی راستەقینەی واقیعی ژیانی مرۆڤی کوردی نووسیوە و شاعیرانە دەستنیشانی جووتەی "ژیان" و "قوربانیدان"ی کردووە، ئەوا زیرەکیش زۆر هونەرمەندانە ئەم گۆرانییەی داهێناوە و باسی مێژووی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەکات و لەرابردووەوەی "ساڵان"ەوە بە "ئەمساڵ"مان دەبەستێتەوە، لەنێو گەرمەی راموسانی "دەم لەسەردەمان"دا دەمانباتەوە نێو خوێنی یاران.

جگە لە ناوەرۆک و مانای شیعرەکەی "زیرەک" ئەوا دەنگ و ئاواز و گوتنەکەشی، بەرجەستەکردن و بە"دەنگ هێنان"ی ئەم حاڵەتە مێژووییە، کە بەڕاستی لەیەک کاتتدا زیرەک، هەم شین دەگێڕێ و هەم شایی، ئەوە زیرەکە پێمان دەڵێ: ئێمەی کورد پێویستە بۆئەوەی بژین و تام لە ژیان بکەین! ئەوا دەبێ قوربانیشی بۆ بدەین، خۆ ئەگەر دەژین بۆ کورد و نیشتمان دەژین، کە قوربانیش دەدەین، ئەوا دیسان بۆ کورد و بۆ کوردستان قوربانی دەدەین. بۆ ئەوەی رەزو بێستانەکان چیتر وشک


نەکەن و وشک نەکرێن، تا بتوانین لەسەر سنگی ژیان رۆژبکەینەوە.
جا ئەم گۆرانییە بەرزەی زیرەک، بەهەر دوو حاڵ، بەهەر دوو بیرۆکە، بیرۆکەی "**کوردبوون**" و "به **کوردی ژیان**" و "**کوردستان ئاوەدان**" بوونە.
ئەگەر زیرەک زۆر هونەرمەندانە و زۆر کوردانە و یەکجار بە هونەرێکی بەرز، ئەم دوو رەگەزەی "ژیان"و "کورد و کوردستان"ی تێکەڵ کردووە و یاری بە "**گوڵاڵەی سوور**" و "**خوێنی سوور**" دەکات و بەسۆزێکی جوان و گەرمی عاشقانە "خەم و خۆشی" دەردەبڕێ و لەوپەڕی عەشق و هەوەسدا، خوێناویترین حاڵەتی مرۆڤی کورد وخاکی کوردستان باس دەکات، نابێ پێمان وابێ، داگیرکەران هەست بەم شینگێڕی و شۆڕشگێڕییەی زیرەک ناکەن و نازانن! گوێگری کورد بە چ هەستێک گوێی لەم گۆرانییە و گۆرانییەکانی تری بەم چەشنە دەگرێ و دواجار ئەم گۆرانییانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر هەست و باوەڕی تاک مرۆڤی کورد دەبێت.
زیرەک بەردەوام، بەهونەرێکی بەرز و بە دەنگێکی زوڵاڵ، هەستە پەنگ خواردووەکانی خۆی، هی تاک تاکی مرۆڤی کورد دەردەبڕێ و زۆر شارەزایانە، خەم جوان دەکات و نەتەوە و نیشتمان پیرۆز! ئەم جوانی و پیرۆزییەش بە هێزترین خاڵی خۆڕاگرییە، بۆ ئەو میللەتەی کە خاک و نەتەوەی کە لەبەردەم لەنێوچوون دابێ، لێرەیە هونەر هونەری رەسەن، دەبێت بە هونەری بەرگری و مانەوە.
دواجار دەبێ مەبەستی زیرەک، لەم ساڵانەو لەم خوێنی ئازیزانە، کام ساڵ و کام کارەساتی کوردستان بێت، وەک پێدەچێ زۆرتر مەزەندە بۆ ئەوە دەڕوات کە زیرەک مەبەستی روخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا بێت.


پێشەوا.. لوتکەی قوربانیدان

## فەیسەڵی سانی و کوڕ شازادەی ئێرانی:

**لە کتێبی "ناڵە شکێنە"ی نووسەر "قادر نەسیری نیا" دا کە کتێبێکە باسی ژیان و زۆربەی گۆرانییەکانی هونەرمەند زیرەک دەکات، نووسەر رەخنە لە زیرەک دەگرێ، دەنووسێ: "لە ژیانی حەسەن زیرەکدا چەند خاڵێک بەدی دەکرێن، کە بەداخەوە وەک خاڵێکی تر لە رابردووی ناوبراو دیارن حەسەن زیرەک هاتووە شیعری نەورۆزی پیرەمێردی، کە لە راستیدا وەک یەکێک لە سروودە میللییەکانی کورد چاوی لێ دەکرێ بەخاتری پێدا گوتن بەشای جینایەتکاری ئێران دەسکاری کردووە و هەروەها ناوبراو بە تاریخی بیست و یەکی ئازەرو چۆتە خوارەوە، واتە بەو رۆژە یان گرتووە کە رژێمی شا کۆتایی بە تەمەنی هەردوو حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان هێناوە" ناڵە شکێنە.**


شا فەیسەڵی دووەم


شا حوسەین

هەرچەندە نووسەر "قادر نەسیری نیا" هەر خۆی وەک نووسیویەتی گومانی لەوەی نەبووە، کە "**حەسەن زیرەک گەڵ و نیشتمانی خۆی خۆشویستووە**"، بەڵام واچاکە بۆ روونکردنەوە و زەمینە و پێشینەی گوتنی ئەم جۆرە گۆرانییانە، بگەڕێینەوە ئەو ساڵانەی، کە زیرەک لە بەغدای پایتەختی عێراق بووە، کە وەک مامۆستای هونەرمەند باکووری باس دەکات، زیرەک لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٣ دا چووەتە ئێستگەی بەغدا و دامەزراوە، هەر لەم ساڵەش بەبۆنەی تاج لەسەرنانی "**مەلیک فیسەڵ لە عێراق و مەلیک حوسێن لە ئوردن**"، لە رادیۆی بەغدا ئاهەنگێکی گۆرانی رێک دەخەن، زۆر لە هونەرمەندان لەم ئاهەنگە گۆرانی دەڵێن، زیرەکیش کە تازە دامەزرابوو،

لەنێو گۆرانیبێژەكان بووە، زیرەک بە سروشتی خۆی، هەر لەکاتی گۆرانی گوتندا "شیعرو ئاواز" بۆ هاتووە، لەم ئاهەنگەشدا گۆرانییەکی گوتووە و ئەمەش دوو دێری یەکەمی گۆرانییەکەیە!

**دەلێدەن لێدەن لە تەپڵی شادومانی**

**ئەوا تەتویجیان کردن "حوسێن" و فەیسەڵی سانی** "گۆرانیبێژە نەمرەکان" من لە مامۆستای هونەرمەند باکووریم پرسی: ئایا داوا لە گۆرانیبێژەکان کراوە، تا گۆرانی بە مەلیک دا هەڵبڵێن؟ لە وەڵامدا مامۆستا باکووری گوتی: نەخێر، لە هەموو زەمەنی مەلەکیدا چوار پێنج گۆرانی بە مەلیکدا هەڵگوتراوە ئەو وەختە مەلیک، زۆر بەخۆیدا هەڵنەدەگوت.

ئەگەر لە رووی هونەری و دەروونییەوە، ئەم هەڵوێستەی زیرەک شیبکەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەوەی کە زیرەک لەبەر ئەم هۆیانە، ئەم گۆرانییەی بە مەلیکدا هەڵگوتووە.

**یەکەم:** وەک مامۆستای هونەرمەند باکووریش دەڵێ: ئەم پێدا هەڵگوتنە پەیوەندی بەسروشتی گۆرانی گوتنی زیرەکەوە هەیە، کە زۆربەی جاران لەکاتی گۆرانی گوتن و تۆمارکردندا، شیعری تازە و ئاوازی تازەی بۆ هاتووە، ئەو وەختەش تازە لەنێو خەڵکەوە چووەتە رادیۆ.

**دووەم:** من وای بۆ دەچم بەشێکی ئەم گۆرانی گوتنەش، پەیوەندی بەوەوە هەبێ، کە زیرەک، خەڵکی ئێرانە و ئەگەر دەفتەر نفووس و جنسییەی عێراقیشی بۆ کراوە، بەڵام ئەو لە دڵی خۆی ئەو ترسەی هەبووە، کە ئەم ئێرانی بوونەی کێشەی بۆ دروست بکات بەتایبەت، تازە پاش دامەزرانی لە رادیۆ و بڵاوبوونەوەی ناوودەنگی ئەو زۆرتر دەناسرێ و پتر دەکەوێتە بەر چاوان و سەرزاران، ئەمەش هۆیەکە کە لە نێو ئەم خەڵکە زۆرە، کەسانێ هەبن، کێشە بۆ زیرەک دروست بکەن!

کە بێگومان هەش بوون، کە رەنگە زیرەک بەم گۆرانی گوتنە وای زانیبێ کە پشتێک بۆ خۆی پەیدا دەکات و دەتوانێ بەردەوام بێت لە کارکردن لە رادیۆ و گۆرانی گوتندا، جارێکی تر نەکەوێتەوە ئاوارەیی و دەربەدەری بەداخەوە، ئەو ترسەی کە ئەو گۆرانییەی پێ گووتووە، دواجار لە ساڵی پەنجاو هەشت و لەگەڵ رووخانی رژێمی مەلەکی، زیرەک تۆمارکردنی ئەم گۆرانییەی، لێ دەبێ بە خاڵی لاوازو دەکەوێتە

بەر تانەو تەشەری ئەوانەی کە بەگەڵ شەپۆڵی "**بژی و بڕوخێ**" کەوتبوون و ئەوانەی کە کاسێتی "خۆشترین گۆرانی هونەرمەند "سێوە" ی رەحمەتییان شکاند هەر لەبەر ئەوەی کە لە گۆرانییەکەدا دەڵێ: "**تا نەڵێن کچە تیوە رەزەوانە**" لەو رۆژانەدا ئەم "شۆڕشگێر"ە لە زەمەن و لە وڵات و لە کۆمەڵگە دابڕاوانە، پێیان وابوو هەموو هونەرێک دەبێ، لە خزمەت بەرنامەی ئەوان دابێ و لەگەڵ ئەوان دابێ، هەر ئەوانەش تەنگیان بە زیرەک هەڵچنیوە و لەسەر گۆرانی "دەلێدەن لێدەن تەپڵی شادومانی" دەهۆڵی مەلەکی بوونیان بۆ زیرەک لێداوەو زیرەکیان ناچار کردووە بگەڕێتەوە ئێران، هەر مامۆستای هونەرمەند باکووری دەنووسێ: "جا زیرەک ترسا، نەبادا ئەفسەرەکانی شۆڕشیان هەڵگیرساند، بیگرن و بڵێن: تۆ لە پیاوانی رژێمی پاشایەتی!!"


**سێوەی هونەرمەند**

زیرەک لەنێو ئەم ئاو و هەوایە سیاسییەدا دەگەڕێتەوە ئێران، لەوکاتەشدا، ئێران زۆر پێویستی بە زیرەک دەبێت، بۆ سەرکەوتن و بەردەوامی رادیۆکانی "تاران و کرماشان و تەورێز"، بە تایبەت کە زیرەک، بە هونەرمەندی و ناو و ناوبانگی و تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەڕایەوە ئێران، لەوێش هێندەی تر سەرکەوتووانە دەستی پێکرد و هەتا دەهات زیرەک سەرکەوتووانەتر بوونی خۆی دەسەڵماند و لایەنگری زۆرتری بۆ خۆی پەیدا دەکرد، ئەوەتا میدیای زەندی خێزانی زیرەک دەنووسێ: "**ئەوکاتە دەوڵەت، نیازی بە دەنگی حەسەن هەبوو**" **چریکە چ٢**

ئەم پێویستییە، دەوڵەتی شاهەنشاهی بە هونەرمەند حەسەن زیرەک و ئەو سەرکەوتنە بەردەوامانەی کە زیرەک لە هونەر و گۆرانی گوتندا لەو ماوە کەمەدا بە دەستی هێناوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە لەو دەوروبەری زیرەک کەسانێ هەبن، چاویان بە زیرەک و هونەرەکەی هەڵنەیێ و بە دوای "**خاڵی لاواز**"ی زیرەک دا بگەڕێن، جگە لەوەش دەوڵەت ویستوویەتی، زیرەک کە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە، بە تەواوی بخاتە خزمەت دەوڵەت و بنەماڵەی شاهەنشاهی خۆی، کە من بە دووری نازانم، داوایان

لە زیرەک کردبێ، چۆن لە عێراق بە "مەلیک حوسێن و مەلیک فەیسەڵ"ت دا هەڵگوتووە، وەرە ئاواش بە شاهەنشا دا هەڵبڵێ!! هەر ئەوەشە، کە وەک لەکۆڵ خۆ کردنەوەیەک، زیرەک بەهەمان شیعرو بە هەمان ئاواز بە کوڕی شاهەنشا دا هەڵدەڵێ:

**دەلێدەن لێدەن تەپلی شادومانی**
**ئەوا هاتە رووی جیهان کوڕ شازادەی ئێرانی.**

وەکو دیارە هەمان شیعرە و هەمان ئاوازە، بەڵام، لە جیاتی "مەلیک حوسێن و فەیسەڵ" هاتووە زیرەک "کوڕ شازادەی ئێرانی" داناوە، هەر ئەم گۆرانییەش "سروودی نەورۆز"و ئەوانی تری بەدوای خۆی دا هێناوە، ئەوانەی کە بە شاو دەوڵەتیدا هەڵگوتووە، ئەمانەش هەمووی بە زۆر و بەناچارکردن بووە، هەر نووسەری کتێبی "ناڵەشکێنە" بەرێز "**قادر نەسیرنیا**" دەنووسێ "**لە کرماشان گۆرانی نەورۆزی بە زۆر پێ دەخوێنن و دوای ئەوەش لەوێ دەری دەکەن" ناڵە شکێنە.**

ئەم دەرکردن و رێگاگرتنە لە هونەرمەند زیرەک، ئەوە دەردەخات کە زیرەک هەرچەندە ئەم گۆرانییانەی بە "شاو دەوڵەت" دا هەڵگوتووە، لەوەشدا ناچارکراوە، لەوە زیاتر زیرەک جگە لەوەی کارمەندی رادیۆ و هونەرمەندی گۆرانی گوتن بووە، هیچ پەیوەندییەکی تری بە دەوڵەتەوە نەبووە، وەک دەبینن **میدیای زەندی** دەنووسێ: "**شوکروڵڵای بابان گوتبووی: نزیکەی ١٥٠٠ گۆرانیمان بە دەنگی حەسەن زیرەک هەیە و ئیتر ئەومان ناوێ"** هەروەها دیسان میدیای زەندی خانمی خێزانی زیرەک، کە لە رادیۆی کرماشان لەگەڵ زیرەک پێکەوە کاریان کردووە جارێکی تر دەنووسێ: "**رەفتاری دەوڵەتی ئەوکاتە، لەگەڵ حەسەندا، کە لە کوردەواری و تەواوی دنیا بەتایبەت عێراق و ئێران ناوبانگی دەرخستبوو، ئەوی تووشی کەندو کۆسپێکی زۆرکرد. بەتایبەت لە کاتێکدا کە دکتۆر شێخ عابدی**


شوکروڵڵای بابان

**سەراجوددینی، سەرۆکی بەرنامەی کوردی رادیۆی تاران بوو، کاتێ حەسەن هاتبووە رادیۆ، "لە مەیدانی ئەرک دا" شێخ عابدی سەراجوددینی، بەدەرگاوانی دەستوردا بوو تا حەسەن رێ نەدەنە ژوورێ، کە ئەم کارە لەسەر دڵی ناسکی حەسەن هێندە شوێنێکی خراپی دانا، کە هیچ کات نەگەڕایەوە بۆ رادیۆی تاران و بە دڵشکاوی پێی و پێڵاوی پێچایەوە بەرەو بەغدا، بەڵام کاتێ گەیشتە بەغدا لەوێدا گرتییان و خستییانە بەندیخانەوە..."چریکەی کوردستان چ٢ چریکە.**

- دەبێ بپرسین بۆچی، شوکروڵڵای بابان، ئەم رۆشنبیرەی رادیۆ لە ئێران، دەڵێ:"**ئیتر پێویستیمان بە زیرەک نییە**!!" هەروەها بۆچی **دکتۆر شێخ عابدی سیراجوددینی**، دەستوور دەداتە دەرگاوانەکانی رادیۆی تاران، **رێگا بە زیرەک نەدەن بچێتە رادیۆ**؟!! کاری ئەم دووانە بەرامبەر بە هونەرمەند **حەسەن زیرەک**، کارێک نییە! لەخۆوە و بە میزاجی خۆیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورەی وەک زیرەک دا کردبێ، ئەوان لە هەموو خەڵک زیاتر و چاکتر گەورەیی و رەسەنی زیرەک و هونەرەکەیان ناسیوە، شوکروڵڵای بابان وەک گۆیندەیەکی رادیۆ کاری زۆری لەگەڵ زیرەک و دەنگی زیرەکدا کردووە، دکتۆر عابدیش، کە بەرپرسی بەشی کوردی رادیۆی تاران بێ، لە هەموو کەس زیاتر پێویستی بە هونەرمەندێکی گەورەی کوردی وەک زیرەک هەیە! بەڵام، ئەوەی ئەوان کردوویانە، کاری زەوق و میزاجی نەبووە، ئەوان کارمەندی دەوڵەتن و دەوڵەت چییان لێ بخوازێ ئەوە دەکەن! ئەوەتا "**عیسا پژمان**" لە باسی چۆنییەتی دەکردنی رۆژنامەی"کردستان" باسی شوکروڵڵای بابان دەکات و راستی پەیوەندی ئەو پیاوە بە دەوڵەتی شاهەنشاهی روون دەکاتەوە "هەر عیسا پژمان" باسی ساواکی بوونی شوکروڵڵای بابان دەکات و دەڵێ: "**ئەو خۆی- واتە شوکروڵڵای بابان دەڵێ: ساواکی بوون جێی شانازی بوونمە، چونکە ئەوکات هەموو کەس نەیدەتوانی ببێت بە ساواک، مانگانە ٣٠٠ توومەنمان وەردەگرت.**" ئەم ساواکی بوونەی شوکروڵڵای بابان هەر بۆ ئەوە نییە، کە شانازی پێوە بکات بە خۆڕاییش مانگی ٣٠٠ تومەنیان نەداوەتێ، بەڵکە بۆ ئەوە بووە کە کاریان بۆ بکات، جا ئەو کارە با دەرکردنی گەورەترین هونەرمەندی کورد و


عیسا پژمان

ئێران بێت، هونەرمەند حەسەن زیرەک لە رادیۆ!!
هەروەها دکتۆر عابدیش کە دەکرێ بە بەرپرسی رادیۆی کوردی تاران، ئەوا بێ شک دەوڵەتی شاهەنشاهی لێی رازی بووە و ئەویش دەوڵەت چ شتێکیان لێ خواستبێ، ئاوای کردووە، با ئەو کارە دەرگای رادیۆی تاران داخستنیش بێ بە رووی گەورەترین هونەرمەندی کورد و ئێران، هونەرمەند حەسەن زیرەک.
ئەگەر ئەم کارە پەیوەندی دکتۆر شێخ عابدی سیراجوددینی و شوکروڵڵای بابان بە دەوڵەتەوە دەردەخات و دەردەکەوێ دەوڵەتی شاهەنشاهی لێیان رازییە! لەبەرامبەریشدا ئەوە دەردەکەوێ، کە دەوڵەت چۆن لە ڕێگای ئەوانیشەوە، دژایەتی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکات و دەرگای بەروو دادەخەن و لە رادیۆ بە زیادەی دەزانن!! چونکە زیرەک بەدڵی دەوڵەت نەبووە! سەیر کە! چەند بەئاسانی چەندە بە هەنجەتی لاواز زیرەک لە



**زیرەک کەوو کەوبار دەخوێنێ لە ئێزگەی رادیۆی کوردی**

## رادیۆ وەدەردەنێن!!

ئەگەر بە مەلیک و شادا هەڵگوتن و گۆڕینی شیعری نەورۆز، ئەمانە خاڵی لاوازی هونەرمەند "حەسەن زیرەک"بن، کە لە راستیدا هەموو لایەک لە دڵەوە خوازیار بوون کە، ئەم خاڵە لاوازانە لە ژیان و هونەری زیرەک دانەبووان، ئەمەش بەهۆی گەورەیی ئەم هونەرمەندەیە ئەوەش دەردەخات کە دەوڵەت چەند بە جددی بەدوای ئەوەوە بووە حەسەن زیرەک دەستەمۆ بکات. بەڵام خوێندنەوەی لاپەڕەکانی ژیان و هونەری زیرەک، دەبێ لەسەر واقیعی "**شوێن**" و لەژێر رۆشنایی "**زەمەن**"ەوە بێت، هەروەها ئەو تونێلە نوتەک و پڕ لە هەوراز و نشێوەی ژیانی تایبەتی زیرەکمان لەبەرچاوبێ، کە

لە ساڵی ١٩٢١ەوە دەست پێدەكات و لە ١٩٧٢/٦/٢٦ دا كۆتایی دێت.
ئەو تونێلەی كە هەر لەسەرەتاوە بە گۆرانی و هاواری "**بێ كەس و بێ دەر**"م دەست پێدەكات و دواجار بە گۆرانی "**جێم نییە تیا بسرەوم خاكم بەسەر بێ لانە خۆم" كۆتایی دێت**، ئەو ژیانەی كە پەنجا ساڵ و چەند مانگێک دەخایەنێ و ئەگەر "٢-٣"ساڵی تاران و كرماشان و خێزانداریەتی لەگەڵ میدیای زەندی لێ ببەینە دەرەوە، كە زیرەک خۆی چ بە قسە و چ بەگۆرانی بە سەردەمێكی خۆش ناوی دەبات و خۆی لەو ساڵانەدا بە بەختیار دەزانێ، دەنا باقی ساڵەكانی تر لەنێوان بێكەس و بێ كاری و برسییەتی و دەربەدەری و ئاوارەیی و بەندیخانەدا بەسەر بردووە و هەر خۆشی دەڵێ: "**نیوەی عومرم تێییانهەڵداوم زۆرجار خۆشم نەمزانیوە بۆچ لێمدەدەن**" ئەم ژیانەی زیرەک لە نێوان عێراق و ئێراندا، كە دوو دەسەڵاتی داگیركەری كوردستان بوون، نەک رێزیان لە هونەرمەندی كورد نەدەگرت، بەلكە بێرێزیان بەرامبەر بەتەواوی پیرۆزییەكانی ئەو میللەتە دەكرد چ جای هونەرمەندان ئەوە جگە لە پاشكەوتەیی كۆمەڵی كوردەواری و هەروەها نەخۆشییە كوشندەكانی نێو "**نووسەران و هونەرمەندانی كورد**"، كە ئەمانە هەمووی زیرەكیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی كە بڵێ: "**ئەوا خەریكم دوو سێ گۆرانی بەم زەمانی پیریمەوە دەڵێم بۆ عالەم بۆ ئاخیری مەرگم كە نزیكەو زەمانێكە خواحافیزی یەكجاری بكەم بچمە ژێر گڵەوە**" "**لێرە میرزا كەریم** و **ئەبوو سەباح** و **جەلال**" دەڵێن: **خودا نەكات ئیشائەڵلا**" بەڵام. زیرەک هەر بەردەوام دەبێت و دەڵێ: **بچمە ژێر گڵەوە كە بەشەری كورد نەبینم**!!" كە میرزا كەریم گلەیی لە زیرەک دەكات و دەڵێ: **زیرەک پێت وانییە زۆر رۆیشتووی**؟! زیرەک دەڵێ: **كاكە من لێرەدا مەقسەدم هەموو كوردێک نییە، مەقسەدی من تەنها ئەو كەسانەیە كە قەدری هونەر نازانن و بە چاوێكی تەسک و بچووک**


میرزا كەریم خۆشناو و حەسەن زیرەک


ئەبو سەباح، میرزا کەریم خۆشناو، حەسەن زیرەک

**سەیری هونەرمەندان دەکەن**" هەروەها زیرەک بەردەوام دەبێت و دەڵێ: "**ماناکەی وا لە دڵی خۆم دایە**" بەڵێ! ماناکەی وا لەدڵی زیرەک دایە! بەداخەوە زیرەک لەم رووەوە بۆی نەکراوە، بە قسەکردن و گێڕانەوە دەردی دڵی خۆی دەربڕێ، جار جارە بە گۆرانی و لە دانیشتنەکاندا بە رستەیەکی کورت، دەستی لەسەر کێشەیەکی گەورە داناوە. سەرەڕای هەموو دەربەدەری و بێ جێگە و رێگەیی زیرەک، لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی ئەم هونەرە بەرز بووە، کەچی بەردەوام، هەندێ کەس و هەندێ ئافرەت. بە شێوەی رەنگ و رووی شکاندویەتییانەوەو ئازاریان داوە، هەندێ کۆلکە خوێندەوار و خاوەن "کارت- بڕوانامە"ش، بە نەخوێندەوارو فۆلکلۆر، فۆلکلۆریش بە سووک تەمەشاکردن خۆی و هونەرەکەیان شکاندۆتەوە، لە کاتێکدا ئەو هونەرو توانایەی کە زیرەک هەیبوو، دەیان و هەزاران"بڕوانامە" و "خوێندەوار" دەبێ لەبەرامبەر توانا و هونەری زیرەک، هەڵسنەوە سەر پێ! ئەگەرنەبوونی "بڕوانامە" و "نەخوێندەواری" بۆ زیرەک هەندێ کەس بە عەیبیان داناوە! ئەوا زۆر "خاوەن بڕوانامە" و زۆر "خوێندەوار" ی بەرزیش هەن شەرمەزاری و عەیبن بۆ مێژوو بۆ میللەتەکەشیان و تا دەگاتە مرۆڤایەتیش.

لێرە من نامەوێ، زیرەک لەکەم کورتیەکانی کە هەیەتی. پاک بکەمەوە! زیرەکیش مرۆڤەو مرۆڤیش بوونەوەری شوێن و زەمەنی خۆیەتی، بەڵام؟، دەمەوێ، ئێمە پێش ئەوەی زیرەک هەڵبسەنگێنین وا چاکە ئەوە بزانین کە لە چ سەردەمێکدا ژیاوەو هەوڵبدەین حەقیقەتی ژیانی زیرەک، وەک

هەبووە و رووپداوە ئاوا بزانین و بناسین، ئەوسا کێش و پێوانە بخەینە بەردەم زیرەک و هونەرەکەی. زیرەک خۆی لە "**چریکەی کوردستان**" زۆر راستگۆیانە و بڕوا بەخۆیانە دەنووسێ:

**کێ بێ گەورە بێ و بەرەڵڵا بێ**
**وەک منی لێدێ و زەحمەتە چابێ.**

ئەم دێرە شیعرە حیکمەت ئامێزەی زیرەک، دەمانخاتە بەردەم پێوانەیەکی ویژدانی زیندووی مرۆڤانەوە.
دواجار دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەو گۆرانییانەی کە ئێمە ئەمڕۆ بەخاڵی لاوازی زیرەکیان دەژمێرین و زیرەکی پێ عەیبدار دەکەین، من ئەوەندەی کە ژیانی زیرەکم خوێندبێتەوە و نەفسیەت و کەسایەتی ئەو پیاوەم ناسیبێ بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: کە زیرەک لەکاتی گوتنی ئەم گۆرانییانە ویژدانی ئاسوودە نەبووە، بەڵام، زیرەک چی بکات کە زۆرجار گوتوویەتی "**شەشدەرم لێگیراوە و بێ هودە هەر مۆرە هەڵداوێم و بەتەمای دووشەشم**"، هەر بۆ ئازاری ویژدان و نائاسوودەیی دەروونی زیرەک، زیرەک دواتر لە بۆنەی تر تۆڵەی ئەم گۆرانییانەی کردووتەوە و سروودەکەی پیرەمێردی "نەورۆز" هەموو شیعرەکەی وەک خۆی گوتۆتەوە و لە زۆر جێگا و گۆرانی تر بۆ سەلماندنی "**کوردی بێ غەلو غەش**"ی خۆی موغامەرەی کردووە و ملی لە چەقۆ خشاندووە.
تاوای لێهات هاوار بکات و بڵێ: "**لە عێراق و لە ئێران جێگام نەبووەوە**".
لەوەش زیاتر، ئەو گۆرانییانەی کە ئێمە ئەمڕۆ لە هونەرو ژیانی زیرەک وەک خاڵی لاواز سەیریان دەکەین و لەکاتی خۆشی زیرەک ئازاری رۆحی و ویژدانی پێ چەشتوون، ئێستا ئەم گۆرانییانە لە رووی هونەرییەوە مردوون و کەس نایەوێ بیانبیسێ، مەگەر ناو هێنان و باسکردنیان، بۆ **شکاندنی هونەری زیرەک!!**
دەنا ئەم گۆرانییانە وەک بەرهەمی هونەری سەیر ناکرێن و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە بێزراون و مردوون تەنیا سروودی نەورۆز نەبێ.

ئەگەر خۆ لەبەر هەر هۆیەكیش بێت، لێكۆڵەر و هونەردۆستان ئەمانە لەسەر هونەری زیرەک حسێب بکەن! ئەوا هونەری زیرەک لەکۆی بەرهەمەکانی ئەوەندەی شاکار هەیە، کە لەپێشی پێشەوەی هەموو هونەرمەندانی کورد و جیهانە و ئەم چەند گۆرانییە، بەهیچ شێوەیەک لە "**کن ئەهلی نەزەر**" یەک زەرە لە نرخی زیرەک کەم ناکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەم چەند گۆرانییەی زیرەک، کە بە مەلیک و شای دا هەڵگوتووە، وای لە دەوڵەت و دەسەڵاتداران کردووە، کە تەماعی لەوە زۆرتر لە زیرەک بکەن و دواجار زیرەک بکەن بەو زیرەکەی، کە خۆیان دەیانەوێ! بەڵام زیرەک خۆڕاگرانە نەچۆتە بن بار وەک خۆی گوتوویەتی بەتەنیا بە گژ دەوڵەتدا هاتۆتەوە و زۆرتر چۆتەوە نێو خەڵک و توندتر کوردایەتی کردووە و بە شیعری:

**ڕۆڵە کوردستان چاوی لە ڕێتە**
**نیشتمان هیوای دوا ڕۆژی پێتە.**

خەباتی هونەرمەندانەی خۆی گەیاندۆتە لوتکە و بەمەش زیاتر دەوڵەت و دەسەڵات و خائین و ساواکی لەخۆ هار کردووە، تا کار گەیشتە ئەوەی، کە چەندین جار لێی بدەن و دواجار ژەهر خواردووی بکەن.



زیرەک لەگەڵ گەورە موزیکژەنی کورد حەسەنی کامگار

## نەیەتە ژوورەوە، پێویستمان پێی نییە"غیر صالح"ە

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە زیرەک لە ئێران و لە رادیۆکانی"تاران"و "کرماشان" چ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا ئێران و رادیۆکانی ئێران پێویستییەکی زۆریان بە هونەرمەند"حەسەن زیرەک"هەبوو، ئەم پێویستییەش لەچەند کارێک دەردەکەوێ، کە دەتوانین ئاوا یەک یەک باسیان بکەین:



زیرەک: خودا هێندم نەکوژێ ساکار پێم بڵێ بابە.

**یەکەم:** کە زیرەک دەگەڕێتەوە ئێران و دادەمەزرێ"میدیای زەند"لە رادیۆ دادەمەزرێنێ و زیرەک هەر زوو وەک میدیای زەندی خۆی باس دەکات:"حەسەن پێشنیازی خوازبێنی لێم کرد"باوکی میدیا بەم داوایەی رازی نابێت، هەر میدیای زەندی باس دەکات، دیارە زیرەک گوتوویەتی:"**ئەگەر ئەو کچە لەمن مارە نەکەن، دەگەڕێمەوە بۆ عێراق و لەئێران نامێنم**"**وەک میدیا باس دەکات:**"**چونکە ئەوکاتە دەوڵەت نیازی بەدەنگی حەسەن هەبوو، بەبێ ئیزنی باوکم لە ٢٦ی رەزبەری ساڵی ٣٣٧ منیان لە حەسەن مارەکرد"کە دەکاتە ساڵی ١٩٥٨ی زایینی.**

**دووەم: دیسان میدیای زەندی لەچاپی دووەمی"چریکەی کوردستان"نووسیویەتی: "ماوەیەک بەسەر ژیانی ئێمەدا تێنەپەڕی بوو کە من داوای منداڵم کرد، گوتم: یا منداڵ یا تەڵاق. دەوڵەتی ئەوکاتە کەهیمان پێویستی بەدەنگی حەسەن بوو، دەست بەجێ بەپارەی خۆی حەسەنیان لە نەخۆشخانەی بازرگانانی تاران خەفاند و د. مەحموود موحسینانی ئەوی جەراحی کرد"و بوونە خاوەنی ساکار و ئارەزوو.**

**سێیەم: هەر میدیای زەندی دەنووسێ"لەساڵەکانی ٤١ تا ٤٣ی هەتاوی حەسەن زیرەک کوڕێکی**



میدیا و ساکار و ئارەزوو

**مۆسیقای بۆخۆی پێکهێنابوو، کە بەڕاستی بەڕاستی پەنجەیان شیرین بوو، لەوکاتانەدا حەسەن ژیانی ئیدارەی کەوتبووە سەرەو لێژی، چونکە دەوڵەت پارەکەی نەدەدا، لەبەرئەوە سەرۆکی بەرنامەی کوردی، شوکرڕوڵڵای بابان گوتبووی"ئێمە نزیکەی"١٥٠٠"گۆرانیمان بەدەنگی حەسەن زیرەک هەیەو ئیتر ئەومان ناوێ، لەوکاتانەدا مامۆستا عەلی مەردان و حەسەن جەزراوی و محەمەد عارف جەزراوی لە عێراقەوە هاتن بۆ ئێران و لەمن و حەسەنیان داواکرد، بڕۆینە رادیۆی بەغدا، لەوکاتانەدا دەوڵەت دەست بەجێ دڵخۆشی حەسەنی دایەوەو پارەو مانگانەو هەموو قەرزەکانیان دایەوە. کاتێ کە میوانەکان چوونەوە، ئینجا ئیتر بەیەکجاری حەسەنیان لە ئیدارە دەرکرد".**



هونەرمەندان عەلی مەردان، حەسەنێ جزیری

ئەودەمانەی کە دەوڵەتی ئێران پێویستی بە حەسەن زیرەک هەبووە، داخوازی و کارەکانی حەسەن زیرەکیان جێبەجێکردووە، ئەوکاتانەش سەرەتای گەڕانەوەی زیرەک بووە بۆ ئێران و سەرەتای دامەزراندنی لە رادیۆکانی تاران و کرماشان و تەورێز بووە، زیرەک بە گەڕانەوەی خۆی، وەک هونەرمەندێکی گەورەو شارەزاو ژیاندۆست گەرم و گوڕییەکی زۆری بە رادیۆ داوەو گوێگرێکی یەکجار

زۆری بۆ رادیۆ کۆکردۆتەوە، بەجۆرێک تا ئەوکاتە هیچ رادیۆیەک و هیچ هونەرمەندێک ئاوای بۆ نەکراوە. هەر میدیا خانمی خێزانی زیرەک لە چاپی دووەمی"چریکەی کوردستان" دەنووسێ:"**حەسەن نزیکەی ١٠٠٠ گۆرانی لەتاران و کرماشان تۆمارکردبوو لەبەر خاتری بڵاوبوونەوەی ئەم گۆرانیانە بوو، کە رۆژانە نزیکەی دوو هەزار نامە بۆ بەرنامەکە دەهات و تەنانەت پوولیشیان دەخستە ناو پاکەتەکەوە، تا زووتر گۆرانی داواکراوی ئەوان- بەدەنگی حەسەن-بڵاوبکرێتەوەو بە تێکڕا. تەواوی بەرنامەی کوردی. لەسەر دەنگی خۆی ئەو دەسوڕا، ئەوکاتانە رۆژانە دوو کەرەت بەرنامەی ئێمەو گوێگرەکان بڵاو دەبووەو حەسەنێک کە بە دەنگە خۆشەکەی ببووە هۆی درەوشانەوەو گەشەی بەرنامەکانی رادیۆی تاران و کرماشان و سیلاوی نامەی لایەنگرانی گۆرانییەکانی، بەرەو ئێزگەکانی رادیۆ دەهات، زۆربەی بەرنامەکانیش بەتایبەتی داواکردنی گۆرانییەکانی حەسەن بوو**".

ئەو پێویستییە زۆرەی کە دەوڵەتی ئێران و رادیۆکان، لەسەرەتاوە بە"حەسەن زیرەک"یان هەبووە، هۆی ئەوە بووە، کە زیرەک وەک دڵی زیندووی رادیۆ وابووەو بووەتە هۆی ئەوەی کە گوێگرێکی زۆر لە رادیۆکان کۆبکاتەوە، کە ئەمە لە خەیاڵی ئەواندا نەبووە، ئەم رەوشە ئەگەرچی رادیۆکانی سەرخستووە، ئەوا زیرەکیش زیاتر بووە بە هونەرمەندێکی ناودار و جەماوەری. کە ئەمەیان بەدڵی دەوڵەت نەبووە! بەتایبەت زیرەک چ خۆی وەک کەسایەتی نەبووە بەو کەسەی کە دەوڵەت ویستوویەتی و چ هونەرەکەشی، هونەرێکی کوردی ساف و بێ خەوش بووە، کە لە تەواوی گۆرانییەکانی، تا دڵداریترین گۆرانی حەسەن زیرەک مێژوو و جوگرافیاو زەوق و جوانییەکانی سروشتی کوردستانی لێ دەچۆڕایەوەو خەڵک گوێگرتن و گوتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی وەک سروودی رەسەنی کوردی گوێ لێ دەگرت و دەگوتنەوە، بۆیە بەرە بەرە دەوڵەت دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە ئەم هونەرمەندو ئەم جەماوەرە لێکبکات و چیتر رێگە نەدات، کە لە رادیۆکانی دەوڵەت، پڕوپاگەندە بۆ زیرەک بکات و زیرەک هونەرەکەی ببێ بەهێزو ورەی خەڵکی کوردستان، چونکە ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوامبێ، دوورنییە لەدەست دەربچێ، هەربۆیە سەرۆکی بەرنامەی کورد، شوکرولڵای بابان دەڵێ: **نزیکەی هەزارو پێنج سەد گۆرانی حەسەن زیرەکمان هەیەو ئیتر پێویستمان بەو نییە!!.**

**هەروەها د. شێخ عابدی سیراجوددینی ئەویش، دەرگاوانەکانی رادیۆی تاران رادەسپێرێ کە رێگەی هاتنە ژوورەوەی حەسەن زیرەک نەدەن**! هەرچەندە بەداخەوە، ئێمە مێژووی رووداوەکان نازانین و زنجیرەی رووداوەکانمان بە ووردی بۆ روون نییە! بەڵام هەر لەو سەروبەندەیە کە لەساڵی ١٩٦٦ حەسەن زیرەک کتێبی "**چریکەی کوردستان**"چاپ دەکات، ئەم کتێبەش وەک گۆرانییەکانی زیرەک رەواج و داواکارییەکی زۆری دەبێ، لەکاتێکدا لەو ساڵانە چاپکردنی کتێبی کوردی کارێکی ئەستەم بوو، کە ئەم کتێبە کوردییە چاپکراوە، بوو بە رووداوێکی مێژوویی، لەلایەکی دیکەوە هونەری حەسەن زیرەک و ناوی"**چریکەی کوردستان**"لە روویێکی ترەوە رووداوەکەی گەورەتر و کاریگەرترکرد. چاپکردنی چریکەی کوردستان، بەجارێک دەوڵەتی لە حەسەن زیرەک توورە کرد، وەک"میدیای زەندی"گوتوویەتی و مامۆستا"عەبدولی حەمە باقی"دەگێڕێتەوە:"دەوڵەت پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی **چریکەی کوردستان فەرمانی گرتنی حەسەن زیرەکی دەرکردووە"زیرەک بەناچاری ماڵ و ژن و منداڵەکانی بەجێدێڵێ و خۆ ناداتە دەست.** وەک زیرەک لە کاسێتێکدا باس دەکات، روو دەکاتە کوردستانی عێراق و دەچێتە ناو شۆڕش، دیارە لەوێ لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و جەماوەرەوە رێزی زۆری لێدەگیرێ و چەند ئاهەنگێکیش دەگێڕێ و لەوێش لەنێو گۆرانییەکانیدا بە پێشمەرگەو شۆڕش و سەرکردەکاندا هەڵدەڵێ! پاش ماوەیەک بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانی روو دەکاتە بەغدای پایتەخت و دەچێتە ئێستگە! بەداخەوە لە ئێستگە، پێشوازی لێناکەن و سەرکەوتوو نابێ لەوەی کە جارێکی تر لە رادیۆی بەغدا بچرێکێنێ، **مامۆستا"عوسمان شارباژێڕی**"لە کارەساتێکی سەمەرە، باسی ئەم چوونەوەی زیرەک بۆ رادیۆی بەغداو پێشوازیکردنی رادیۆ لە زیرەک دەکات، دەنووسێ:"**ساڵی ١٩٦٦ کە هاتووەتەوە عێراق لە بەغدا چووەتە ئێستگەی کوردی"لیژنەی پشکنین"ی گۆرانی داوایان لێکردووە سەرلەنوێ داوا پێشکەش بکا، وەکو گۆرانیبێژ وەربگیرێ. پاش ئەوەی نزیکەی سەدان گۆرانی تۆمارکراوی هەبوو تازە بەتازە. وەکو"یاری مارو پەیژە"لەسەرەوە**



بەرگی کتێبی گەوهەرێ

**گەیاندوویانەتەوە لای کلکی مارەکە. جا وەرە سەری رەش لەم بەزمەی پێیان کردووە سپی نەبێ. بەڵێ "لیژنەی پشکنین" بڕیاردەدەن. دەنگی باش نییە"عیز ساڵح"هیچی بۆ تۆمار ناکەن!** ئەمە چ یاسایەکە، هونەرمەندێک پاش ئەوەی هەزاران گۆرانی هەیە، لە باشترین گۆرانییەکانی رادیۆی کوردی بەغداو تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد، تازە بەتازە لە بەغدا لیژنەی پشکنینی بۆ دادەنێن و پاش تاقیکردنەوە لیژنەی-ناموبارەک- بۆی دەنووسن"**غیر صالح**"!! ئەم غیر صالح ەی رادیۆی بەغداو دەرگا داخستنی رادیۆی تاران بە فەرمانی سەرۆکی رادیۆی کوردی تاران و د. شێخ عابد سراجوددینی و "ئیتر پێویستمان بە زیرەک نییە"ی شوکروڵلای بابانی سەرۆکی بەرنامەی کوردی، بۆ هونەرمەندێکی وەکو زیرەک نابێ بە رێککەوتی تێبگەین.

هەر لەم گەڕانەوەی حەسەن زیرەک دەوڵەتی عێراق دەیگرێ و هەژدە مانگ دەیخاتە بەندیخانەو ئازار دەدرێ، ئازارێک بە زاڵمانەتر شێوەو بە ناشیرینترین شێوە، زیرەک زۆر بە برینداری و خەمەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن لەنێوان بەغداو موسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانیدا لەو بەندیخانەوە دەیبەنە نێو ئەم بەندیخانە"**هێنامیانە سلێمانی شەش مانگ مەخلەس لەژێر ئەشکەنجەو تەعزیبی بەغدا بووم، خوا رەحمی کرد لەهیچدا نەبووم، خوا هاوار بەس من هاوار"، هەر لەم کاسێتەی ئەبو سەباح زیرەک بەردەوام دەبێ دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ: "هێنامیانە"کەرکووک"بردمیانە"موسڵ" بە قەراغ"هەولێر"ی جواندا کە رۆیشتم- ئەی هاوار کوردی هەولێر، کەسێ بەدەرەوە نییە لەحاڵم بپرسێ و بڵێ: چ کارەی؟ لەناو قەفەزی پۆلیسخانەدا- تەنیا نەفەرێک وەک"خولە پیزە"یان گرتبێ"هەژدە پۆلیس"منیان برد، ئەی هاوار لەم ماڵە بووم، لەو ماڵە بووم، تەماشام دەکرد پەنجەرەکانیان دیاربوو، ئەمما**



شاری هەولێر لە شەستەکاندا

**ئەی هاوار"بەشەر" نەبوو بلێ: حەسەن زیرەک بۆ کوێ دەبەن.**
**بەشەر نەبوو بلێ حەسەن زیرەک بۆ کوێ دەبەن، باوکم بۆ من خوله پیزەم، بەڵێ ئەمما ئەمانە هەمووی بەدبەختییە، قەیناکا هێنامیانەوە کەرکووک"١٨"شەو لە بەندیخانەی کەرکووک بووم، بۆ باوکم"** **پاش ئەم هەموو** شار گۆڕین و بەندیخانە گۆڕین و ئازار گۆڕینە لە عێراقەوە بە گیراوی تەسلیمی ئێرانی دەکەنەوە. هەر خاتوو میدیای زەندی لە پێشەکی چاپی دووەمی"چریکەی کوردستان"دا دەنووسێ:"**لە ئێرانیشدا، ساواکی ئەوکاتە گرتی و زۆری ئەشکەنجەدا، کە بەدەنگی خۆی باسی ئەوکاتانەی تۆمارکردووە"و ساواکیش لە بەڵگەیەکدا** دەڵێ: **بە تاوانی جاسووسی خرایەوە بەندیخانە**!؟!.

بەڵێ! حەسەن زیرەک گەورەترین هونەرمەندی کورد و لێهاتووترین هونەرمەند کە گەشەی بە رادیۆی بەغداو تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد دا، ئەم هونەرمەندە رۆژگارێک پایتەختی دوو دەوڵەتی بە دەنگە زووڵاڵەکەی دەلەراندەوەو"کەوو کەوبار دەخوێنێ لە ئێستگەی رادیۆی بەغداو تاران"ئێستا هەردوو دەوڵەت لەیەک کاتدا، نەک گۆرانی بۆ تۆمار ناکەن، دەرگای رادیۆشی بەڕوودا دادەخەن و لەوەش خراپتر لە بەندیخانەی دەپەستن و دوور لە هەموو یاسایەک بەجۆرێک ئەشکەنجەی دەدەن، کە رووی گێڕانەوەی نییە، هەریەکەش بە جاسووسی ئەوەکەی تری تاوانبار دەکات. ئەم هەموو بەندکردن و ئازاردانە بۆچی، لەم دیوو و لەو دیو؟ حەسەن زیرەک چی کردبوو، جاسووسی نێودەوڵەتی بوو؟ مافیای پیاوکوژ بوو؟ تریاک فرۆش بوو؟ چ گوناحێکی هەبوو؟! زیرەک زۆر راستگۆیانە دەڵێ:"**خوا کردی من لە هیچا نەبووم**!" بەڵێ! زیرەک هیچ گوناهێکی نەبوو لەهیچ دا نەبوو! تەنیا گوناهی زیرەک ئەوەبوو هونەرمەندێکی گەورەی کورد بوو، دەیویست بەئازادی بۆ کورد بخوێنێ، دەیویست بەو هونەرە بەرزە، کە بە ئازار پێی گەیشتووە دڵی خەڵکانێک خۆش بکات. بەڵام، میللەتی دواکەوتوو، وڵاتی داگیرکراو، حکومەتی دیکتاتۆر، ئەو زەمینە نییە، کە بە ئاسانی گوڵی هونەری تێیدا بپشکوێ و بولبوولی شادی ئازاد تێیدا بچریکێنێ.
ئێران و عێراق بەم کارە نایاسایی و نامرۆڤانەیان بەرامبەر بە هونەرمەند حەسەن زیرەک و هەردووکیان لەیەک کاتدا، مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێ، کە

ئەم دوو وڵاتە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبن، کە ڕۆحییەتی ئەو هونەرمەندە تێکبشکێنن! ئایا هەر تەنیا ڕێککەوتە لە ئێران لە ڕادیۆ دەری دەکەن و دەرگای بەڕوودا دادەخەن و گۆرانی بۆ تۆمار ناکەن!؟ هەر لەو ماوەیە کە دێتە عێراق و دەچێتە بەغداو ڕادیۆی کوردی وەریناگرنەوەو لەوێش گۆرانی بۆ تۆمار ناکەن؟! ئایا هەر ڕێککەوتە، لە عێراق دەیگرن و دەیخە بەندیخانەو زۆر نامرۆڤانە ئەشکەنجەی دەدەن، لەکاتێکدا هیچ گوناحێکی نییە؟! بەهەمان شێوە لە ئێرانیش ساواک دەیگرێ و بەندی دەکاو ئازاری دەدات و تاوانی جاسووسی دەداتە پاڵ!؟ بەڵام! خوا کردی زیرەک لە هیچ دا نەبوو.

ئەگەر حەسەن زیرەک بە ئازارەوە باسی گیران و ئەشکەنجەدانی خۆی دەکات لە"عێراق" و لە"ئێران" بابزانین"ساواک"ی ئێرانی لەنێو بەڵگەکانییەوە لەبارەی زیرەک چی دەنووسێ: لە کتێبی"**جنبش چپ در ایران به روایت اسناد ساواک**"مجلد اول – تهران ١٣٧٨ لە لاپەڕە "١٩"دا **دەنووسێ**:"..

**بەگوێرەی راپۆرتی١٣٤٦/٢/٢٦ حەسەن زیرەک گۆرانیبێژی پێشووی ڕادیۆی تاران و کرماشان، بەهۆی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و بەهاوکاری پیاوانی.. بەتۆمەتی دەرچوون لە عێراق و چوون بۆ میسر بەمەبەستی کارکردن لە ڕادیۆی میسر بۆ جاسووسی بە قازانجی ئێران دەستگیرکراوە، پاش ئەشکەنجەدان ڕەوانەی زیندان کراوە، لەسلێمانی زیندانی کراوە، لە ڕێکەوتی ١٣٤٦/٧/٤ لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لە مەرزی خەسرەوی ڕادەستی ئێران کراوەتەوە، بە تۆمەتی جاسووسی خراوەتە زیندان**"ئەوەتا ساواکی ئێرانی لە بەڵگەنامەکانی خۆیدا باسی گیرانی زیرەک دەکا لە عێراق لەساڵی ١٩٦٧ و هۆی گیرانەکەشی ئاشکرا دەکات، کە عێراق بە تاوانی دەرچوون لە عێراق و چوون بۆ میسر و کارکردن لە

**ژیاننامەی حەسەن زیرەك وە لە لاپەڕە 22ی کتێبی ( چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك )دا هاتووە**


● حسن زیرک (زله بوکانی) فرزند عبداله در سال ١٣٠٢ هش در مهاباد به دنیا آمد وی که خواننده کردی رادیو عراق بود در سال ٣٥ به ایران آمد و در رادیوی سنندج آواز می‌خواند. برابر گزارش ساواک در مورخه ٢٦/٥٥/٢٦ حسن زیرک (خواننده سابق برنامه‌های کردی رادیو ایران و کرمانشاه) وسیله مقامات امنیتی عراق و

به اتهام

خروج از عراق و رفتن به مصر به منظور استخدام در بخش کردی رادیوی مصر برای جاسوسی به نفع ایران دستگیر و در بغداد زندانی و پس از شکنجه به زندان سلیمانیه اعزام شد. در تاریخ ٤٦/٧/٤ وسیله مقامات عراقی جزو سوقیها در مرز خسروی تحویل ایران گردید و به اتهام جاسوسی بازداشت گردید. وی در سال ١٣٣٧٧ در رادیو ایران به فعالیت پرداخت و تا سال ٤٢ در رادیو ایران، ماند. پس به اجرای برنامه در رادیو و تلویزیون کرمانشاه روی آورد و تا سال ١٣٤٥ هزار ترانه محلی و فارسی خواند. وی اغلب شعرهای ترانه‌هایش را نیز خود می‌سرود وی به علت استعمال تریاک و هروئین از رادیو اخراج گردید.

وی در تاریخ ٥١/٤/٦ بدنبال یک بیماری معدی در بوکان درگذشت.

اسناد ساواک، پرونده‌های انفرادی

**له بەڵگەنامەکانی ساواک**

رادیۆ بەمەبەستی جاسووسی بۆ ئێران!!! هەر ئەو بەڵگەنامەیەی ساواک باسی ئازاردانی زیرەک و زیندانی کردنی لەعێراق و سلێمانیدا دەکات. واتا حەسەن زیرەک لە عێراق بە تاوانی جاسووسی بۆ ئێران گیراوە. کەچی عێراق لە رێکەوتی١٣٤٦/٧/٤دا لە مەرزی خەسرەوی بەگیراوی دەیداتە دەست ئێران، هەر ئەو بەڵگەیەی ساواک دەنووسێ لە ئێران- بە تاوانی جاسووسی خراوەتە زیندان، دیارە ئێرانیش کە تاوانی جاسووسی دەداتە پاڵ حەسەن زیرەک دەبێ جاسووسی حکومەت و لایەنێک بێت دژ بە ئێران!! لەم راپۆرتەی ساواک پشتگیرییەکی تەواو بۆ قسەکانی زیرەکی تێدایە، کاتێ لە کاسێتی"ئەبو سەباح"زیرەک باسی گیرانی خۆی دەکات لە عێراق و ئێران و زۆر بە راستگۆیی و دڵ پڕ لە حەسرەت و ژانەوە دەڵێ:"**خوا کردی من لەهیچا نەبووم**"ئەگەر کەسانێک هەن ئێستاش گومان لەو هەموو ئازار و راستگۆیییەی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکەن! ئەی بۆ ئەم بەڵگانەی ساواک چی دەڵێن!؟ ئایا زیرەک جاسووسی کام دەوڵەت بووە؟! ئێران یان عێراق؟!؟ ئەرێ هیچ بەڵگەیەکی دیکە پێویستە بۆ بێ گوناهی هونەرمەند حەسەن زیرەک!! ئەرێ بەڵگە لەم بەڵگەیەی ساواک راست و روونتر هەیە!؟!

ژیانی زیرەک، رێک وەک ژیانی میللەتەکەیەتی، میللەتی کورد! زیرەک- لە هونەر هیچی کەم نییە! بەڵام، ئەوەتا لەگەرمەی تەمەنی جوانی و داهێناندا، ئێران و عێراق پێکەوە لەیەک کاتدا دەرگای هونەر و ژیان بەڕووی زیرەک دادەخەن، دەرگا داخستێک، کە رۆژ بەڕۆژ ژیانی زیرەک ناخۆشتر و زەحمەتتر و دەربەدەرتر دەبوو، لەگەڵ ئەم ژیانە دۆزەخییەش هونەرەکەشی دەکەوێتە قۆناغێکی تر.

لە ئەنجامی ئەو زووڵمە دوو دەوڵەتییە، زیرەک لە"**میدیای زەندی**"جیا دەبێتەوەو ئەو ماڵەی کە لە گۆرانییەکدا دەڵێ:"**چەندم پێخۆشە ناوماڵ**"دەرگای ئەو ماڵەشی بەڕوودا دادەخرێ و لەنێو ئەو ماڵەدا"**ساکار** و **ئارەزوو**"هەر بە خونچەیی بەجێدێڵێ و سەردەمی"**بولبوول ئەو ساڵ من زۆر بەختیارم**" زۆر زوو بەسەردەچێ و جارێکی تر"**گلەیی دەکەم بەلای خوداوە**"دەستپێدەکاتەوەو:"**جێم نییە تێیدا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانەخۆم**" زۆر بەتووندی یەخەی دەگرێتەوە، رۆژ بەڕۆژ لە"**هێندەم نەماوە بمنێنە گوێزێ**"نزیک دەبێتەوە.



زیرەک و دوو کچەکەی ساکار و ئارەزوو


میرزا كەریم خۆشناو، زیرەک

## له لێدانەوە تا ژەهر!!

پاش ئەم هەموو دڵشكاندن و رووشكاندن و دەرگا بەڕووداخستن و گرتن و لێدانە، زیرەک ژیانی خێزانیشی لێ تێكچوو و كەوتەوە قۆناغێكی پڕ لە بەدبەختی و كوێرەوەری. لەم قۆناغەدا نووسینەكانی دۆستی و دڵسۆزو نزیكی زیرەک"**میرزا كەریم خۆشناو**"باشترین سەرچاوەن، چونكە میرزا كەریم لەم ماوەیەدا دراوسێ و دۆستی گیانی بەگیانی و تێكەڵی خێزانیان هەبووە، بەرچاوترین بەدبەختییەكانی زیرەک ئەم هەموو شەڕ پێ فرۆشتن و ئەم هەموو لێدانەیە كە یەک لەدوای یەک و بە بەرنامە ژیان لە زیرەک تاڵ دەكات. زیرەک لە شوێنێكدا بۆ میرزا كەریم دەگێڕێتەوەو دەڵێ:"**جا برا ئەمن زۆرم تێهەڵدان دیوە، بێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم دەدەن**". لێرەدا میرزا كەریم فرمێسكی بەچاویدا دێتە خوارەوە بۆ زیرەک، زیرەک"دەسماڵی لەگیرفانی دەرهێناو چاوی میرزا كەریمی سڕی و گوتی: گوێبگرە كاكە گوێبگرە. دەستی دایە دەفەكەی و بە غەریبی ئەم گۆرانییەی گوت:



**قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم**
**ئەی خودا چەند بێكەس و بەدبەخت و چارە رەشم**

كە زیرەک گۆرانییەكە تەواو دەكا دەڵێ: **كاكە عادزی پێناوێ بەخودا تا سەر مابێ لەش تێهەڵدانی هەر دەبێ.**

بەڵێ لێرە بەدواوە بەشی زیرەک هەر لێدان و تێهەڵدانە! ئەوانە كێن لە زیرەک دەدەن؟! بۆچی لێی دەدەن؟ چۆنی لێدەدەن؟!

**نێرەکەو**

زیرەک هونەرمەندێکی گەورەو پیاوێکی خۆڕاگربوو، پاش ئەم هەموو کارەساتە، ئەمجارە روو لەکانی مەلا ئەحمەد دەکات و لەوێ چایخانەیەک دادەنێ و کاسبی دەکات، بەڵام!، تۆ بڵێی ئەوانەی لە رادیۆ دەریان کردووماڵیان لێ تێکداو لە پایتەختەوە دەریانپەڕاند، لەم سەرسنوور و لەم شوێنە دوورە دەستەش لێی بگەڕێن!!

عەرەب گۆتەیەکیان هەیەو دەڵێ:"**پیرۆزی شوێن، لە پیرۆزی ئەو کەسەوەیە کە لێی دادەنیشێ**"بۆیە بەهاتنی زیرەک کانی مەلا ئەحمەد ناوێکی تری پەیدا کردو رەونەقێکی تری گرت!جگە لە خوێندەوار و رۆشنبیرانی ناوچەکە، وەک میرزا کەریم باس دەکات، کە دەهاتن بۆلای زیرەک، ئەوا هونەرمەندانی **کورد** و **فارس** و **تورکیش** لە هەموو ئێرانەوە روویان دەکردە"کانی **مەلا ئەحمەد**"و




**زیرەک لەگەڵ هەوادارێکیدا**

بەبۆنەی زیرەک و لەسایەی زیرەک و لە پەنای زیرەک، ئاهەنگیان دەگێڕا، ئەگەر هونەرمەندە فارسەکان تەنیا بە فارسی گۆرانیان دەگوت، تورکەکان بە تورکی و فارسی گۆرانیان دەگوت: ئەوا زیرەکی هونەرمەند جگە لە زۆربەی لەهجە کوردییەکان وەک هونەرمەندێکی مەزن بە کوردی و فارسی و تورکی زۆر سەرکەوتووانە کۆڕی شادی و گۆرانی گوتنەکانی گەرم دەکرد، دیارە لەم کۆڕو کۆبوونەوانە ئەوانەی کۆدەبوونەوە،

زۆربەیان ئەو کەسانەبوون زیرەک ئاسا دەوڵەت پێیان رازی نەبوو، جگە لەوەش لەو کۆبوونەوانەدا گۆرانی و بابەتی وا دەهاتنە پێشەوە، ئەوانیش بەدڵی دەوڵەت نەبوون!!

میرزا کەریم دەنووسێ: **هەرچی خاوەن دڵێکی زیندوو بوو کۆڕی ئاواز و گۆرانی پێ خۆشبووایە رووی دەکردە گازینۆی"حەسەن زیرەک"زۆرجار گۆرانیبێژی کورد و تورک فارس سەردانی زیرەکیان دەکرد، لەکاتی ئەم کۆبوونەوانەدا خەڵکی شاری بانەش دەوریان دەدان"کە نۆرەی زیرەک دەهات هەروەک نێرەکەو دەیقاچپاند بەسەریاندا، ئەوەندەش بە سۆز و لەناخی دەروونییەوە دەستی بە گۆرانی گوتن دەکرد، کە مرۆڤ مووی لەشی رێک وەک نیشتەر دەوەستا"**.




بەرگی کتێبی حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی


لە یەکێ لەم کۆبوونەوەوانەدا گۆرانیبێژێکی"لوڕ"کە دەنگێکی خۆشی دەبێ و مۆسیقاژەنێکی باشی لەگەڵ دەبێ، گۆرانیبێژی لوڕ دەست دەکا بە گۆرانی گوتن، هەندێ گۆرانی تازەو مۆد دەڵێ، زیرەک هەر تەنیا سەر بادەدا، تا دەگاتە گۆرانی"**دایە. دایە**"کە گۆرانییەکی سیاسی کوردییەو لەکاتی راپەڕینی شێرە ژن"قەدەم خێر"گوتراوە:

**دایە دایە وەختی جەنگە**
**قیتارکی باڵا سەرم پڕ فشنگە.**

گەنجەکان هەموو بۆیان دەگێڕایەوەو لەدڵدا ناڕەحەت بوون، بۆچی زیرەک وەڵامی ئەم گۆرانیبێژە ناداتەوە؟ لەپڕ زیرەک بەهەمان کێش و ئاوازی گۆرانی دایە دایە دەستی پێکرد:

**لایە لایەت بۆ دەکەم**
**بەڵکو خەو بتباتەوە**
**دەست خەمە نێو مەمکۆڵانت**
**شەو تا رۆژ بەلاتەوە**
**ئای خلخاڵ بم بەپاتەوە**

هێندە بەخۆشی و رێکی ئەم گۆرانییەی گوت، دانیشتوانی کۆڕەکە مات و مەبهوت سەیری دەمی"زیرەک"یان دەکرد، لە کەیفان وەک سەرخۆشیان لێهاتبوو.
زیرەک لەگەڵ گۆرانیبێژە لوڕەکە زۆر گۆرانی دەڵێن، هەرچی دەڵێ، زیرەک بەهەمان کێش و ئاواز وەڵامی دەدایەوە. پاش ئەوەی کۆڕەکە تەواو دەبێ، بە زیرەک دەڵێن! **ئەم گۆرانییە وەڵامی دایە. دایە نەبوو!؟**
**زیرەک گوتی: بەڵێ وایە گۆرانییەکەی ئەو هەڵقوڵاوی جەنگەکەی"قەدەم خێری بیرانەوەند"ە، خۆشم دەزانم! جەوابی بدەمەوە، بەڵام! ناوێرم چونکە ئەوەندەیان لێداوم هەرجارەی بە بەهانەیەک، ئەی بۆ ناڵێن دەمێکە کاکی میوان گۆرانی دەڵێت و منیش گوێم بۆ شلکردووە، ئەزانی جەوابەکەشیم ئامادە کردبوو، کە لێی دەپرسن توخوا زیرەک وەڵامەکە چی بووە، دەڵێ:**




**لایە لایەت بۆ دەکەم با غیرت بتباتەوە**
**دەس کەیتە تفەنگی بڕنەو شەو تاڕۆژ بە یاڵەوە**
**جا کەوش ئەبووم بەپاتەوە.**

**بەڵام، بەڕاستی ئەگەر شتێکم گۆتبا چ لەوشەو زووترنەبوو سەت جووت شەقیان تێم هەڵدەداو بەهانەیەکی چاکیشیان بۆ دەدۆزیمەوە"**
لێرە لەم قسانەی زیرەک بەدەردەکەوێ، کە لەوێش لە کانی مەلا ئەحمەد"گازینۆی حەسەن زیرەک"زیرەک هەر لەژێر چاودێری ئیتلاعات و ساواک بووە، ئەگەر شتێکی گوتبێ و بەدڵیان نەبووبێ، هەنجەتێکی دروستکراویان بۆ دۆزیوەتەوەو خراپ لێیانداوە.

## دیسان لێدان:-

کانی مەلا ئەحمەد ئێستا بە گازینۆی"حەسەن زیرەک"دەناسرێ، حەسەن زیرەک هونەرمەندێک لە عێراق و ئێران لەسەرئاستی فەرمی و خەڵکەوە ناسراوە، زۆرکەس بە هونەرمەند و رۆشنبیر و خەڵکی ئاساییەوە، لە کورد و فارس و تورک و هەموو خەڵکی ناوچەکەوە ئاواتەخوازن لە نزیکەوە زیرەک ببین و گوێیان لەدەنگی ئەو هونەرمەندە مەزنە ببێ. ئێستا زیرەک لەشوێنێکی شەعبی و بەبێ"**پاسەوان**"و بەبێ"**سکرتێر**" و "**پرسگە**"یەو خەڵک رۆژانە هاتووچۆی گازینۆکەی ئەو دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن، گازینۆی حەسەن زیرەک گازینۆیەکی ئاسایی نییە، زۆرجار هونەرمەندان و رۆشنبیران لێرە کۆدەبوونەوە، هەربۆیە چ حەسەن زیرەکی هونەرمەند خۆی، چ گازینۆکەی و چ هەموو ئەوانەی بەردەوام و ناوە ناوە لەم گازینۆیە کۆدەبنەوە، لەژێر چاودێری"**ئیتلاعات**"دابوون، هەرکارێکیش روویدابووایە، تاوانی گەورە دەدرایە پاڵ زیرەک و هەر زیرەکیش بەهۆی سەرەکی دادەنرا. بۆیە"**ئیتلاعات**"بیری لەوە کردۆتەوە، کە زیرەک لێرە هەڵبقەنێنی بۆئەوەی ئەو کۆبوونەوە گومانیاوییانە، چیتر لێرە روونەدەن و زیرەکیش ئەم"کاسبی"یەی لەدەست بچێ و بێکار بکرێ و برسی بکرێ و ناچار بکرێ. جا بۆئەوەی کە زیرەک ناچار بکەن ئەم شوێنە بەجێبێڵێ، "**ساواک**" چەقوکێش و شەقاوەی تێبەردەدا.



**کانی مەلا ئەحمەد**

## وەرن زیرەکیان کوشت!

میرزا کەریم خۆشناو دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بەیانییەکی زۆر"رابیعە خانم" و شاگردێکیان لە زەنگی دەرگایان دا، دەرگام کردەوە، رابیعە خانم گوتی: ببەخشە ئا لەم وەختە موزاحیمت بووین، گوتم: تۆ لەم قسانە گەڕێ بڵێ



**هەردوو خانەوادەی میرزا کەریم خۆشناوو حەسەن زیرەک**

بزانم چیتان بەسەرهاتووەو لەکوێ دێن و چی روویداوە؟ رابیعە خانم گوتی: ئەمشەو شەڕیان لەگەڵ کردین، هەندێکیشیان لە زیرەک دا، هەڵبەت ئەویش دەستی کردەوە خوا هەڵناگرێ شەڕێکی چاکی کرد، بەڵام، تاڵایان کردەوە کوڕە کوڕەی"بانە"یی لێیان وەدەستهاتن و سەرو گوێلاکی هەمووانیان بەخوێنداهێنا، هەی رەبی خوا بمکات بەقوربانی دەستەکانیان هەزارجار، وایان لێکردن هەر خوا خوایان بوو نەجاتیان بێت لەدەستیان هەریەکەی بەلایەکەوە هەڵاتن، ئێمەشیان بە ماشێنی خۆیان بردە ژاندارمەری و شکاتیان پێکردین و شایەتیشیان بۆ داین و ژاندارمەریش زۆریان دڵنەوازی کردین و بەڵێنیان پێداین ئەم شەڕفرۆشانە بدۆزنەوەو بەزووترین کات سزای توندوتیژیان بدەن و لەمەودواش هەرکەسێ دەستدرێژیمان بەسەردا بکەن دەستیان ببڕن، ئا بەم قسە خۆشانە ئێمەیان هەناردەوەو ئێستا لەوێ دێینەوە.

میرزا کەریم دەپرسێ، **ئەمانە کێن شەڕیان لەگەڵ کردوون؟ رابیعە خانم دەڵێ: وەڵڵا بڵێم چی کاکە هەندێکیان جلی خاکیان لەبەربوو، هەندێکیشیان"کۆت و شەرواڵ"و بەفارسی قسەیان**


میرزا کەریم خۆشناو

**دەکرد، بەڵام بەخوا وابزانم یان"ئیتلاعات"ی یان"زدی ئیتلاعات"بوون، شێوەیان زۆر لە جینایەتکار دەچوو.**
پاشتر میرزا کەریم زیرەک دەبینێ و بەپێکەنینەوە لێی دەپرسێ: زۆریان لێداوی یان نا؟ زیرەک پێکەنی گوتی: **وەڵڵا زوو فریام کەوتن، بەڵام منیش چاک لێیان وەدەست هاتم، کاکە تەورزینێکم هەیە دەستم دابوویە بەدەوربەری خۆما دەمسوڕاند، کە ئەممالّی بەناوشانی هەر یەکێکیان وەک گا دەیانبۆڕاند، ئەمما وەختێ دەوریان لێدام و تەورزینەکەیان لەدەست گرتم پەکم کەوت و شاگردەکەم هاواری کرد و گوتی: کوڕینە وەرن"زیرەک"یان کوشت!! کاکە. کەدیم هەر کوڕە لاوەو بە قیزیکەوە هەندێک کورسی بەدەستەوە بوو، هەندێک بەشەق، هەندێک بەشاپ بەربوونە گیانی شەڕکەرەکان و هەڵیان بڕین و کردنیان بەبەردی برا برای و هەر دوو سێ کەس بەدوای نەفەرێکیاندا رای دەکرد و دەیگوت:**"وایسەپدەر....."واتا راوەستە هەی بابەکەت.
زیرەک لێرە زۆر بە دڵخۆشییەوە باسی بەدەست هاتنی کوڕانی بانە دەکات و دەڵێ:"**بەم تاریکە شەوە بوو بە نەڕۆی نەڕۆیەک و پێکەنینێک وەک جەنگی مەغلوبەی لێهاتبوو، وەڵڵا باوەکو زۆریشیان تێهەڵدابووم، ئەمما ئەوەندەم لەزەت لەم"سەحنە"یە کرد کە دەمبینی هەریەک لە شەڕکەرەکان کەوتبووە دەست دو سێ نەفەرەی خۆمان لێیان دەدان و وامدەزانی ئەم دنیایە خودا تازە بۆمنی خەلق کردووە. ئێش و ئازاری خۆم لەبیر چووبۆوە، لە خۆشیان هەر پێدەکەنیم، هەروەک مشکێک بەدەست کلکی بگریت و لە لیتەی قوڕی هەڵکێشی و بەرەڵڵای بکەی، کە نازانێ چۆن هەڵبێت و روو لە کام لا بکات، ئا ئەوهایان لێهاتبوو، میرزا کەریم خۆزیا چاوێکت لێیان بووایە وای وای لەو هەڵوێستە پیاوانەیەی کە پێی هەڵسان قەت لەبیرم ناچێتەوەو مەمنوونیانم.**
میرزا کەریم دەڵێ: **زیرەک زۆر لەناخەوە هەستی خۆی دەردەبڕی و زۆر رازی بوو**، منیش گوتم: **زیرەک دەنا هەموو سەرو گوێلاکیان شین و مۆر کردوویەتەوە**، زۆریش سوپاس بۆ خوا هەر بەوە کۆتایی هات و ئیتری بەدواوە نەبوو، زیرەک پێکەنی و وتی: **کوڕە بەقوربانی کوڕە"بانە"یی بم، ئەگینا ئێستا دەیانکردم بە"ماری ژنان کوشتوو"، وتم: زیرەک بەشەڕهاتن لەگەڵ تۆ چ جێ پێیەکی بۆ دەدۆزیتەوە؟ زیرەک وتی: یانی چی؟ وتم: شەڕەکەیان لەسەر چی بوو؟ زیرەک وتی: بەخوا کاکە سەربەخۆ شەڕیان پێ فرۆشتم بێ ئەوەی هیچ خەتایەکم هەبێ!!**

لەم پرس و وەڵامە بەردەوام دەبن، تا زیرەک دەڵێ:"**جا کاکە ئەگەر بڵێم بێ گوناح لێیانداوم و نیوەی عومریشم هەر بەتێهەڵدان بردووەتە سەر لەوانەیە، باوەڕ نەکەی!**

میرزا کەریم دەڵێ: **زیرەک زۆر نهێنی هەبوو، نەیدەوێرا بیدرکێنێ**، هەروەها دەڵێ: **پیاوانی"زەدەی ئیتڵاعات - مخابرات" ئەوساکە راویان نابوو، وەک خۆی دەڵێ: لەهیچ جێگایەک نەیاندەهێشت جێگای ببێتەوەو بە ئاسوودەیی بژی. ئازاریان دەدا.**

**رۆژێک هەندێ گۆرانی بۆ گوتم منیش تۆمارم کرد. لەدوای گۆرانییەکە هەستم پێکرد کە زیرەک زۆر بێ ئومێد بووە خەریکە دەگریێ لەدەست چەرخی زەمانە وەک پاڕانەوەیەک گۆرانییەکەی دەگوت: وەک بڵێ لە جیهانێکی ترەوە کەوتۆتە بەردەستی دووژمنە بێ بەزەییەکان و لەهەمان کاتیشدا بۆمی بەدیار دەخست کە هیچ گوناحێکی نییە، تەنانەت ئەوە نەبێ کە کوردێکی بێ غەل و غەشە وەک خۆی دەڵێ سەنگی مەحەکم بۆ چییە رەقیب لێم گەڕێ بە ویژدان کوردی بێ غەل و غەشم.**

ئەگەر بە ووردی ئەم رووداوو لێدانەی حەسەن زیرەک شی بکەینەوە دەگەینە ئەوەی کە:

**یەکەم:** ئەوانەی کە لە"هونەرمەند حەسەن زیرەک"یان داوە، "**ئیتلاعات — زەدەی ئیتلاعات**"**بوون.**



**حەسەن زیرەک و رابە خانم**

**دووەم:** وەک رابیعە خانم دەیگێڕێتەوە، کە کوڕە بانەییەکان دەیانبەنە ژاندارمەری- لەوێ ژاندارمەری بە قسەی خۆش بەڕێیان دەکەن و بەتەوسەوەش پێیان دەڵێن: **لەمەودواش لێناگەڕێین کەس لێتان بدات**، وەک ئەوەی دەزانن، ئەوانەی کە لێیان داون کێن و هەر ئەوانە وازیان لێناهێنن و لەمەودواش شەڕیان پێ دەفرۆشن و لێیان دەدەن!؟!

**سێیەم:** وەک میرزا کەریم باس دەکات، **زیرەک زۆر نهێنی لەدڵدا بووە، بەڵام، نەیوێراوە باسیان بکات**، ئەو نهێنیانەش هەر ئەو زوڵم و زۆرەی ئاشکراو نهێنی ئیتلاعات بووە، کە ژیانی لە زیرەک تاڵکردووە، دەنا زیرەک هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵ کەس نەبووە، ئەوە هەر رژێمە دیکتاتۆرەکانن، زوڵم لە هاووڵاتیان دەکەن و هاووڵاتییەکانیش ناتوانن دەردی دڵی خۆیان بۆ هەموو کەس باس بکەن.

**چوارەم:** زیرەک هیچ گوناحێکی نەبووە، جگە لەوەی کوردێکی بێ غەل و غەشەو دەیەوێ ئەو بێ غەل و غەشییەی خۆی بپارێزێ.


(زیرەک) و (حوسێن)ی برای

میرزا کەریم زۆر بە دڵسۆزییەوە، زۆر نهێنی ژیانی زیرەکی بۆ ئاشکرا کردووین، ئەوەتا پاش مردنی زیرەک دەچێ چەند پرسیارێک لە"**حوسێن زیرەک**"ی برای حەسەن زیرەک دەکات و ئەویش لەوەڵامدانەوەدا راستییەکان بەتەواوی ئاشکرا دەکات. میرزا کەریم دەنووسێ لە"**حوسێن زیرەک"م پرسی! برام زیرەک خراپەی کەسی نەبوو، حەزیشی لە شەڕو گێچەڵ نەبوو، بۆچی تا لەبانە بوو دوو سێ جار شەڕی کرد؟**

حوسێن لەوەڵامدا دەڵێ: **ئێمە چەندجار پێمان گوت: کاکە ئەتو تەنها خۆت و براژنە"رابیعە"ی ژنتەو ئارەزوو و ساکاریش لای دایکیانن، ئێمە زۆرچاک دەتوانین بەخێوتان بکەین، یان وەرە لێرە کاسبی بکەو ئێمەش یارمەتیت دەدەین و چاویشمان لێت دەبێ کەسیش ناتوانێ بێ خود شەڕت پێ بفرۆشێت**، زیرەک پێکەنی و گوتی: **باوکم خۆ منیش ئەوەی تۆ دەیڵێی دەیزانم و زۆریشم بەلاوە چاکە، بەڵام، ئێوە شتێک دەزانن و مینیش زۆر شت، من بەڵاتان لێ وەدوور دەخەمەوە**، حوسێن دەڵێ منیش گوتم: **بەڵای چی کاکە ئەو هەموو مودەتە ئێمە ئاگاییمان لە مردن و ژینی یەکتر نییە! ئەو بەڵایەی بۆتۆ دێتە خوارەوە با ئێمەش شەریکی غەم هەڵگرتنت بین و غەمێکت بۆ بخۆین.**

"زیرەک"تەماشایەکی ئەولاو ئەملای خۆی کردو بەدەنگی نزم گوتی:

حوسێن"زەدەی ئیتلاعات" ئەزیەتم دەدات و دەڵی: **دەبێ بچیتە ئەودیوو ئیشمان بۆ بکەی! چەندی دەڵێم باوکم ئەمن هی ئەوجۆرە شتانە نیم و"سەوواديشم"نییە! ئێوە چۆن ئیستیفادە لەمن دەکەن؟!**

**دەڵێن ئەتو بەماڵەوە بڕۆ بۆ عێراق ئێمە پارەیەکی زۆرت دەخەینە ئیختیار و خۆشمان خەڵکت بۆ دەنێرین و تۆش هەرچی زانیاریت هەیە پێیان بڵێ و ئەوانیش بۆ ئێمەی دەهێننەوە! هەڵبەت خۆشت دەزانی ئەمجۆرە شتانە بەمن ناکرێت و ئەگەر پێشم بکرێ نایکەم با ساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بە هەژاریش دەژیم و بەڵام"ئەو کانییەی ئاوم لێ خواردووەتەوە هیچ کاتێک بەردی تێ ناخەم و خیانەت بە خاکەکەی عێراقیش ناکەم" لەناو خەڵکیش سەربەرز دەژیم، لەدواییدا بە شۆخییەوە پێکەنی گوتی: بەتەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەتیش دەکەم..!**

بەڵێ کرۆکی مەسەلەکە لێرەدایە، ئیتلاعات دەیەوێ زیرەک ئەو ناوو دەنگ و هونەرەی کە هەیەتی بۆ ئەوان بەکاری بێنێ و خیانەت لە براکانی خۆی بکات. لە بەرامبەریشدا چەند پارەی بوێ بیدەنێ، بەڵام، زیرەک دەڵێ: **ئەوە کاری من نییەو هیچ کاتێک بەرد ناخەمەوە ئەو کانییەی، کە ئاوم تێیدا خواردووەتەوە، با ساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بە هەژاریش دەژیم و لەناو خەڵکیش سەربەرز دەبم، بە تەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەت دەکەم.**

بەڵێ: زیرەک خیانەتی نەکرد و بە هەژاری ژیا، بەڵام دەوڵەت"ساواک"بە ژەهر کوشتی، راستیشی کرد بەتەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەتی کرد و گیانی خۆی لەسەر دانا.

## لێدانی کاوبۆیی!!

**میرزا کەریم خۆشناو دەنووسێ:**

**ماوەیەک بەسەر لێدانی"حەسەن زیرەک"تێپەڕیبوو و ئازار و ناڕەحەتییەکانی لەبیر چووبووەوە، دەستی کردبوو بە کاسبی. هەڵبەت ئێمەش هاتووچۆمان دەکرد وەک جاران، ڕۆژێک بەیانی رابیعە خانم هات بۆ ماڵی ئێمەو گوتی: کاکە ئێمە لێرە نامێنین، لەگەڵ قسەکردنیش دەستی کرد بە گریان.**

میرزا کەریم دەنووسێ: **منیش زۆرم پێ سەیر بوو** گوتم: **بۆ لێرە نامێنن رابیعە خانم،** فرمێسکەکانی سڕیەوەو گوتی: **کاکە وابزانم ئەگەر چیتر لێرە بمێنینەوە لەوانە شەوێک هەر بشمانکوژن!!** گوتم: **ئاخر چی بووە چی ڕوویداوە با منیش بیزانم؟!**

رابیعە خانم گوتی: **ئەمشەو ئەوەندەیان بە لوولەی تفەنگ لە"زیرەک"داوەو هەرچی پوولیشمان هەبوو هەموویان لێ سەندووەو هیچمان نەماوە**، میرزا کەریم دەچێتە کانی مەلا ئەحمەد بۆلای زیرەک، سەیر دەکات زیرەک لەسەر کورسییەک دانیشتووە، چاوی بە میرزا کەریم دەکەوێ، دەزانێ بۆ زیرەک پەرۆش و ناڕەحەتە، بە پێکەنینەوە دەڵێ: **ئەمە بەهاوارمەوە هاتووی؟**

میرزا کەریم دەڵێ: **ئەوە چیت بەسەرهاتووە؟**

زیرەک دەستی بۆ کراسەکەی برد و هەڵیدایەوەو گوتی: **سەیرکە، کاکە بزانە چیان بەسەرهێناوم! کە سەیری سینەو پشتیم کرد موچڕکە بەبەری پێمدا هات و لەتۆقی سەرم هاتە دەرەوە، جێگای هەر لوولە تفەنگێ لێیاندابوو وەک بڵێی بەبۆیەی شین ژمارە پێنجی لەسەر سنگ و پشتی نووسرابێ وابوو جێگای قۆنداغی تفەنگ بەپانی و درێژی قۆناغەکە پشتی زیرەکی شین و مۆر کردبوو.**

گوتم: **زیرەک ئەتو ئەوانەت ناسی؟**

گوتی: **بەخوا نەمناسین، بەڵام، کوڕە جحێڵێکی باڵا بەرزیان تێدابوو زۆر لایەنگری لێوەکردم، بەڕاستی ئەگەر ئەو نەبووایە شپرزەیان دەکردم. زۆرتریش هەتیوێکی خرکەلەی چوارشانەی شڕووڕی تێدابوو زۆر بەبێ ویژدانی لێیدام، ئەو هەتیوە پیسە هەرهات و غاری دایە ژوورەوەو شوشەیەکی ویسکی کوپەیی هەڵپچڕی و نای بەسەریەوەو لاسایی عیسابەکانی سینەمای دەکردەوەو خۆی بەمن تاقی دەکردەوە، دەم نادەم فڕێکی لە ویسکیەکەی دەداو پشتی لێوی خۆی دەسڕیەوەو دەهات لوولە تفەنگێکی لە سینگی من دەکوتی و شووشە ویسکیەکەی دەلەقاندەوەو فڕێکی تری لێدەدایەوەو سەیرێکی منیشی دەکرد و قسەیەکی زۆر ناخۆشی پێدەگوتم: منیش زۆرم پێناخۆشبوو ئەو هەموو لێدان و ئەوانی تر و پوول**

**بردن و قسەی ناشیرین بەلایەک، دیمەنی ئەو"ناپیاوە" بەهەمووی هەبوو، حرس گرتبوومی و خۆم بۆ رانەگیراو گوتم: ئاخر هەی ناپیاوی نا ئینسان، ئەتو دزی یان ویسکی خۆری؟ ئەگەر مەشروب خۆری بۆ لێمدەدەی وەرە دانیشە با خۆراکیشت بۆ بێنم زۆریشت خزمەت بکەم زۆریش بخۆرەوە وەک پیاو. کاکە هەر ئەوەندەم گوت و شووشەکەی داناو گوتی:"هەی پیرە دایکت..."ئەوە دیارە ئەمنت بەپیاو دانەناوە!! ئەمجارە بەهەردوو دەست تێم بەربوو، ئەگەر ئەوکورە بالا بەرزە نەبووایە بەخوا شڕی دەکردم،** گوتم: **هاتوونەتە سەرت هەموو لەشیان شکاندووی سەرەڕای ئەو هەموو لێدانەشت مەتحیان دەکەی؟**

گوتی: **راستە ئەو نەوعە کەسانە هی مەتحکردن نین، بەڵام، دەگوترێ، ئەوەیان لەمەیان چاکترە، بەڵام چاکیان تێدا نییە!**

گوتم: **شکاتت نەکردووە؟**



**وێنەیەکی خانەوادەیی**

گوتی: **لەپێش تۆ"ژاندارمە"کان لێرەبوون و"بازجویان"لێ کردم، بەڵام خۆ ناشوێرم بڵێم: وەک مەسەلەکەیە، کابراش دەکوژن و لەگەڵ جەنازەکەشی دەڕۆن!!**

گوتم: **"زیرەک"ئەتو دەزانی بۆچی لێت دەدەن، بۆچی بەمن ناڵێیت؟** بە دڵێکی پڕ باوەڕ سەیرێکی منی کرد و گوتی: **ناوێرم دەردی خۆم بەکەس بڵێم، بەڵام هەڵبەت شت لەتۆ ناشارمەوە، ئەگەر تۆزێک سەبر بگری و پەلەم لێ نەکەی تا وەختی خۆی دێت.**

گوتم: **یەعنی چی کاکەگیان قسەکردنیش سەبری دەوێ؟!**

گوتی: **پێم نەگوتی وەزعی من وەزعێکی"معمولی"نییەو ناوێرم دەردی دڵی خۆم لای هەموو**

**کەس بکەم، بەلام، رۆژێک دادێت پڕ بەدەم هاوار بکەم و خەڵکیش حاڵی بکەم کە بۆچی نایەڵن لەهیچ شوێنێک جێگام ببێتەوە، هەر وەختێکیش ئارەزوویان لێبێت ئەوە بەهانەیەکم بۆ دەدۆزنەوەو تێروپڕم تێهەڵدەدەن و دەڕۆنەوە.**

دوو سێ رۆژ هاتووچۆیان پێکردە ژاندرمەری کە گوایە تۆڵەی بۆ لە تاوانکارەکان وەردەگرنەوە، پاش ئەو هەموو بازجۆیەو هاتوو چۆکردنە پێیان گوت: **کاکە ئەتو چ دەکەی لەو چۆڵ و دوورە شارە؟ بەقسەی ئێمە دەکەی بڕۆ جێگایەکی تر بۆخۆت کاسبی بکە، باشترە! هەتا شەوێک نەیانکوشتووی، دوایی زیرەک بەناچاری سەری خۆی هەڵدەگرێ و باردەکات.**

زیرەک بەم دواییە زۆر ناڕەحەت بوو، وەک جاران کە خەڵک حەزی دەکرد قسەی لەگەڵ بکات، هەمیشە دەم بەپێکەنین و رووخۆش و شۆخی و بازبوو. بەلام! ئەم ماوەیە هەروەک بڵێی"حەسەن زیرەک"ی جارانیش نەبوو.

شەڕ پێفرۆشتن و لێدانی زیرەک بەردەوامە، ئەمجارەیان زۆر روونە کە کێن ئەوانەی لەزیرەک دەدەن، رابیعە خانمی خێزانی زیرەک بە"میرزا کەریم"دەڵێ: **ئەگەر لێرە بمینین دەترسێم شەوێک بشمانکوژن**، لە وەلامی زیرەک بۆ میرزا کەریم، کە دەپرسێ شکاتت کردووە؟ زیرەک دەڵێ: **ناوێرم بڵێم وەک کابرا، دەیکوژن و لەدوای جەنازەکەشی دەڕۆن**، هەروەها زیرەک دەڵێ: رۆژێ دێ بۆ هەموو خەڵکی باس بکەم، پاش هێنان و بردنێکی زۆر ژاندارمەری لەجیاتی ماف وەرگرتنەوەو پاراستنیان، بە زیرەک دەڵێن: لەو شوێنە چۆڵ و دوورەی شار مەمێنن، با شەوێک **نەشتان کوژن**!!

زیرەک زۆر راست دەکات کاتێ دەڵێ: **لەهەموو عێراق و ئێران جێگام نەبووەوە، ماندوو بووم! شەکەت بووم. هیلاک بووم.**

**جێم نییە تێیدا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانەخۆم**

**بێکەس و بێ دەر بێ یار و هاودەم بێ مەی و مەیخانە خۆم.**

ئەگەر بەوردی سەرنجی قسەکانی"زیرەک"و"رابە خانم"و"ژاندارمەری"بدەین! ئەوا دەبینین وشەی"کوشتن!!!" لای هەرسێکیان دووبارە دەبێتەوە، هەرچی زیرەک و رابە خانمە گەیشتوونەتە ئەم باوەڕە، کە ئەم هەموو لێدانە بەخۆڕاییەوە، ئەم هەموو شەڕ پێفرۆشتنە بێ بەزییانەی ساواک و ئیتلاعات زەدەی ئیتلاعات کۆتایی نایێ و ئەنجامەکەی"**کوشتن**!!!"ە!! هەرواش دەرچوو.

هەرچی"ژاندارمەری"شە، ئەوە وەک ئاگادارکردنەوەیەک ترساندنێک، پاش ئەم هەموو لێدانە!! بە گەفی کوشتن دەیترسێنن و بە هێما پێی دەڵێن: ئەوانەی کە لێیانداوی دەشتوانن بتکوژن!! بەڵێ! دواجار توانیان دەرمانخواردیان کردوو و کوشتیان.



**هەتا جەوان بووم فرە پیر نەبووم**
**دەم کرد راوی باز سۆنە گیر نەبووم**
**زیرەک**

## شەوی ناو حەوزەكە:

زیرەک لە یەکێ لە گۆرانییەکانی بەتورکی دەڵێ:"هەریانەن گیدرەم غەریبەم، غەریب" واتا دەچمە هەر جێگایەک، ئەمن هەر غەریبم، غەریب!! بەڵێ زیرەک دەچێتە هەر جێگایەک هەر لێیدەدەن، لێدان!!

پاش رۆیشتنی زیرەک، میرزا کەریم ماوەیەک هەواڵی زیرەک نازانێ، دواجار دەپرسێ! دەڵێن وا لە "سابلاغ"ێیە! هەرچۆنێک بێت لە سابلاغ ئەو ماڵە دەدۆزێتەوە، کە زیرەک لەوێ بووە، کە میرزا کەریم دەگاتە ئەوێ"زیرەک"لەوێش نەماوە، خاوەن ماڵ ئاوا هاتن و رۆیشتنەکەی زیرەک بۆ میرزا کەریم دەگێڕێتەوە:"**كە هاتنە ئێرە من لەماڵی خۆم ئەودیوەم بۆ بەتاڵكردن، خۆی و رابیعە خانمی خێزانی و هەندێ كەلوپەلی پێویستی ماڵ، ئێوارەیەك لەگەڵ هەندێك برادەر چوونە دەرەوە بۆ"ریستوران"ی "ئیپریم" برادەران داوای گۆرانی دەكەن، پاش تۆزێك سەرگەرم بوون، ئەویش خان باجی دەگوت، كە خەڵك دەنگی زیرەك دەبیستن، هەموو لە زیرەك كۆ دەبنەوەو وەكو كۆرس گۆرانی دەڵێنەوەو دەنگیان دەگاتە سەر خیابان، لەو رۆژگارەشدا"سابلاغ"لەژێر چاودێری و"ئیختیناق"دا دەژیان، ئەفسەرێكی"شهربانی"هەمیشە لەگەڕاندا بوو، لەگەڵ چەند پاسەوانێكی چەكدار دەگەنە نزیك ریستورانی"ئیپریم"ئەو هەموو شلۆقییە دەبینێ، یەكسەر روو دەكەنە ریستوران و دەستیان كرد بە دەركردنی خەڵكەكە، خەڵك لێرەوە دەردەكران و لەولایەوە دەچوونەوە ژوورەوە.**

ئەفەسەرەکە چووە ژوورەوە، بینی حەسەن زیرەک گۆرانی دەڵێ و خەڵکەکەش دەیڵێنەوە، روو دەکاتە زیرەک و هاوار دەکات لەسەرخۆبن ئەمە چییە ئەم جێگایەتان شلۆق کردووە؟ کەس گوێی نەدایە ئەفسەرەکەو زیرەکیش گوێی نەدایەو تا گۆرانییەکەی تەواوکردو گوتی:"**سەروان"گۆرانی گوتن قەدەغە نییە، ئەتو بۆچی هاتووی زەوقی ئێمە دەشكێنی؟**

**ئەفسەرەكە گوتی: ئەم شلۆقییە قەدەغەیە، ئەم شێوە گۆرانی گوتن كە ببێتە هۆی كۆبوونەوەی خەڵك ئەمە قەدەغەیە، زیرەك گوتی: كاكە بۆچی لای ئێوە گۆرانی دەڵێن و رەقسیشی بەدەمەوە دەكەن، لەسەر رۆخی خیابان یان لەناو"پاركێك"زۆر لێرە شلۆقترە بۆچی بۆئەوان قەدەغە نییە بۆ ئێمە، كە لەناو چوار دیواری ئەم ریستورانەو تەنیا یەك دەرگای هەیە بێ پەنجەرە بەگۆرانی دەردی دڵی خۆم بەبادەم بۆ دەبێ مانعتان هەبێ.**

**قسەیەك لە ئەفسەرەكەو قسەیەك لە زیرەك، ئەفسەرەكە یەك زللە لەبن گوێی زیرەك دا!! زیرەكیش نەیكردە نامەردی و هەستایە پێوەو تا تینی تێدابوو زللەیەكی لەبن گوێی**

**ئەفسەرەکە دایەوەو پشتاوپشت بەریدایەوەو خەڵکی دەوروبەری دایان پەرۆسینە سەریەک بوو بە شەڕێک لە هەموو ئێرانت نەیانتوانیوە ئاوا لە ئەفسەرو پاسەوانان بدەن، وایان لێکردبوون خۆیان بۆ بەسەرپێوە رانەدەگیرا. ئەوەندەی پێنەچوو دوو ماشێن پڕ لە پاسەوان و چەکدار لەبەردەمی ریستوران خۆیان فڕێدایە خوارەوەو غاریان دایە ژوورەوەو دەستیان کرد بە لێدانی خەڵکەکە، ئەوجارە بووە بای پاسەوانەکان و تۆڵەی ئەوانی دیکەیان لێکردنەوەو هەموویانیان خستە ناو ماشێن بە پاڵەپەستۆو تێهەڵدان بەتایبەت ئەفسەرەکە زۆری لە زیرەکداو دەستی لەدواوە بەستەوەو لەبەرچاوی خەڵک دایە بەرشەق و سواری ماشێنی کرد، بەڵام هەرچی لەشی ئەفەسەرەکە بوو خوێنی لێ دەهاتە خوارەوە، شەڕەکە کۆتایی هات و هەموویان بردن بۆ"شەهرەبانی"خەڵک زۆر هەوڵیاندا بۆ بەردانی زیرەک، بەڵام ئەفسەرەکە خەڵکی تری هەمووی بەردا تەنها زیرەکی هێشتەوە، ئەویش هەردوو دەستی لەپشتەوە بەستبووەوەو خستبوویە ناو حەوزی حەوشەی"شەهرەبانی" دەم نادەمیش لێی هەڵدەستاوەو تێی بەردەبوو و بەشەق و زللە تا ماندوو دەبوو، ئا بەم شێوەیە"زیرەک" ئەوشەوەی بە ئەشکەنجەو ئازار بردە سەر تا وەختی بەیانی لەسەر خۆی چوو خەریکبوو بمرێ، رەوانەی بیمارستانیان کرد، پاش ئەوەی ئاغای"محیەدین دۆستالی"دەبێتە کەفیلی و بەری دەدەن، پاشان زیرەک بە خاوەن ماڵ، واتا ئەوەی زیرەک لای کرێچی بوو، دەڵێ: من لێرە دەڕۆم، ئەویش پێی دەڵێ: ئاخر برام بۆ دەڕۆی و تاکەی ماڵی تۆ هەر لەسەر پشتی وڵاغ بێت، با لەناو ئێمەدا تۆزێک ئۆقرە بگری و بحەسێیتەوە! سەیری منی کرد و گوتی: ئەمن تازە رووم نییە لێرە بمێنمەوە پێنج و دوو رۆژێکم ماوە دەچم بۆ شارێکی گچکەو نانێکیش هەر دەبێ من رابە سکمان پێ تێر بکەین، لە قسەکانیدا دیاربوو کە زۆر دڵشکاو بوو، لەکاتی قسەکردندا خەریکبوو دەگریا بۆ"زیرەک"و گوتی: دەستی شکاوم کاکە لێرە ماڵیان بارکردو ناشزانم، چوونە کام شار.**

ئەم رووداوە پەیوەندی بە باری گشتی ئێران و کوردستانەوە هەیە، بەڵام زیرەک بەهۆی ئەوەی کە هونەرمەندەو خەڵکەکە دەوری ئەوی داوەو بەهۆی ئەو کۆبوونەتەوە، کابرای ئەفسەر روو لەو دەکات و دەیەوێ بە بێدەنگکردنی زیرەک، خەڵکەکەش بێدەنگ بکات، کە زیرەک دەیەوێ لەنێو ئەم چوار دیوارە یەک دەرگاو بێ پەنجەرەیەدا، ئازادی گۆرانی گوتنی خۆی بپارێزێ، ئەفسەرەکە شەقا زللەیەک لەبنا گوێی زیرەک دەدات، زیرەکیش نایکاتە نامەردی و هەتا تینی تێدا دەبێ زللەیەک لە ئەفسەرەکە دەداتەوەو پشتاو پشت بەریدەداتەوە، لێرە خەڵکەکە دەکەونە

گیانی ئەفسەرو پاسەوانەکان، دواجار ئەفسەرەکە زیرەک دەگرێ و هەردوو دەستی لەپشتەوە دەبەستێتەوەو دەیخاتە ناو حەوزە ئاوی پۆلیسخانەو دەم نادەم بە شەق و زللە وەری دەگەڕێتێ و تا ماندوو دەبێ، ئەمکارە تا بەیانی درێژە دەکێشێ و بەیانی زیرەک لەخۆدەچێ و دەیبەنە نەخۆشخانە. لەم ڕووداوەدا زیرەک بێ ئەوەی بیەوێ رۆڵی پێشڕەوو سەرکردە دەبینێ، ئەگەر بە ووردی ڕووداوەکە بخوێنینەوە ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەوا رۆحی ئازادی زیرەک، ئازادی گۆرانی گوتنی خۆی پاراستووە، تا گۆرانییەکەی تەواو نەکردووە بێدەنگ نەبووە، هەروەها لە وەڵامی شەقا زللەی ئەفسەرەکە زۆر تووندتر وەڵامی دەداتەوەو بە پشتای خستووە! بەڵام دواجار دەرکەوت زیرەک بەهێزی خۆی لە ئەفسەرەکەی داوەو، ئەفسەرەکەش بەهێزی دەوڵەت!! نا بەرابەری ئەم دوو هێزەش لای هەموو کەس دیارە.

ئەوە هەر هونەرمەندی گەورەی کوردە، لەژێر دەسەڵاتی دیکاتۆرییەتی داگیرکەر!! بەدەستی بەستراوەو لەنێو حەوزە ئاو شەو تابەیانی لێی دەدرێ!! کەچی وڵاتانی پێشکەوتوو هونەرمەندانی خۆیان لەبەرامبەر زۆر یاساشکێنی و داب و دەستوورشکێنی دەپارێزن و هونەرمەند بە سەرمایەی نەتەوەیی خۆیان دەزانن.

## ژەهری قەستەسەر:

تائێرە بۆمان روون بووەوە، کە"**دەوڵەت**" و "**ئیتلاعات**" و "**زدی ئیتلاعات**" و "**ساواک**" لە ئێران، لە پایتەختەوە بەدوای"زیرەک"ەوەن هەتا سەر سنوور، لێناگەڕێن لەهیچ جێگایەک بحەسێتەوەو هەست بە دڵنیایی بکات، هەرکارێک بکات لێی تێکدەدەن و هەر رۆژەی هەنجەتێکی پێ دەگرن و چینێکی خۆشی لێدەدەن، لێدانێک بەقەستی کوشتنیّ!! لەکاتێکدا"زیرەک" هیچ ناحەزێکی شەخسی لەگەڵ کەسدا نەبوو، هیچ کێشەیەکی بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک نەبوو!! ئەوانەی لێیاندەدا ئاشکرابوو کیّ بوون!! ئەوانە پیاوی دەوڵەت بوون بە سەرپەرشتی"**ئەفسەر**"و "**ئیستوار**" شەقاوەو چەقۆ کێش لە"**سنە**" و "**کرماشان**" وەدەهێنران و لە"**کانی مەلا ئەحمەد**"زۆر بێ رەحمانەو بەخۆرایی بەردەدرانە گیانی"هونەرمەندی کورد **حەسەن زیرەک**" زیرەک خۆی ئەمەی دەزانی، رابەخانمی خێزانی دەیزانی!! ئەوەتا زیرەک دەڵێ: "**وەکو کابرا دەشی کوژن و لەدوای جەنازەکەشی دەڕۆن**" رابەخانمی خێزانی زیرەک بەخۆڕایی نییە! کە بەگریانەوە دەڵێ: ئەگەر لێرە بمێنین شەوێک **دەشمان کوژن**!! سەیرکە زیرەک لە وەڵامی میرزا کەریم چۆن ئاگر لە هەناسەی دێتە دەرەوەو دەڵێ:"**پێم نەگوتی وەزعی من وەزعێکی"معمول"نییە!و ناوێرم دەردی دڵی خۆم لای هەموو کەس باس بکەم. بەڵام رۆژێک دادێت پڕ بەدەم هاوار بکەم و خەڵکیش حاڵی بکەم، کە بۆچی نایەڵن لەهیچ شوێنێک جێگام ببێتەوە، هەر وەختێکیش ئارەزوویان لێبێت، ئەوە بەهانەیەکم بۆ دەدۆزنەوەو تێروپڕ تێم هەڵدەدەن و دەڕۆنەوە**"



زۆرداری و زوڵم روونە! زۆرداری دەوڵەتی ئێرانەو زوڵم و غەدرە لە زیرەک دەکریّ، زیرەکی بیّ گوناە، زیرەکی هونەرمەند، زیرەکی کوردی بیّ غەل و غەش.

بەڵیّ، دەزگا دەست بەخوێنەکانی دەوڵەتی ئێرانی شاهەنشاهی بەدوای زیرەکەوەن، لە رادیۆ دەریان کرد،

ماڵ و خێزانیان لێ تێکدا، لە پایتەخت و شاری گەورەی کرماشان دەریان پەڕاند، ئەوەتا لەسەر سنوور لە"کانی مەلا ئەحمەد"کە زیرەک دەیەوێ لێرە بەکاسبی بۆخۆی بژی، لێناگەڕێن و هەرجارەی بە هەنجەتێک و بەدەستی دەستەیەک لە قەچۆکێش لەخوێندا سووری دەکەن و کەسیش نییە، دادی بپرسێ! زیرەکیش ریخۆڵە بەدوای خۆی رادەکێشێ و زۆر بە ئارامەوە، زۆر بە خۆڕاگرییەوە ئازارە رۆحی و دەروونی و جەستەییەکان دەکێشێ و هێشتا ناوێرێ لای کەس باسی ئەوە بکات، کە کێن ئەوانەی لێیدەدەن و ئەوانە بۆچی لێیدەدەن، بەڵام، بەوهیوایەیە کە رۆژێ دابێ و بۆ هەموو خەڵکی روون بکاتەوەو پڕ بەدەم هاوار بکات و راستییەکان بڵێ و بڵێ: **ئەوە منم زیرەک هونەرمەندی کوردی بێ غەل و غەش، ئەوانەش کە لێمدەدەن، ئیتلاعات و زدی ئیتلاعات و ساواکن.**

بەڵام، تۆبڵێی ئەمانە هەر بەوەندە وازبێنن! ناوە ناوە بێن و چینێکی خۆش لە زیرەک بدەن و زیرەکیش بەبێ دەنگی و بەهێمنی، برینە جەستییەکانی خۆی سارێژ بکات و برینە دەروونییەکانی قووڵتر!! نا نەخێر!!

وەرە با گوێ لە"رابە خانم"بگرین! رابە خانمی دوا خێزانی زیرەک، ئەو خێزانەی کە لە ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانی زیرەک زۆر دڵسۆزانە پشتی زیرەکی بەرنەداو لەگەڵ زیرەک ژەهری ئازارەکانی زیرەکی چێشت!!

رۆژی ٢٠١٠/٧/٢٠ سەعات شەشی ئێوارە لەماڵی رابەخانم لە شاری هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەو خانمە بەرێزە، کە بە دەنگ و رەنگ تۆمارکراوە، ئەو خانمە زۆر بەروونی خاڵ لەسەر پیت دادەنێ و پاش سی و هەشتساڵ دوای کۆچی زیرەک ئەو راستییە ئاشکرا دەکا، ئەم چاوپێکەوتنەش لە ژمارە"١٤٦"رۆژی"٢٠١٠/٨/٨"ی هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە، رابەخانم لەبارەی لێدانەکانی زیرەک دەڵێ: **ئەوانەی لە زیرەکیان دەدا"ساواک"بوون، ئەگەرنا"ئیستوار"ێک لە کرماشانەوە بۆچی چەقۆکێش لە سنەو کرماشان دێنێ و دێ لەکانی مەلا ئەحمەد لە زیرەک دەدات؟!**

هەروەها لەبارەی نەخۆشییەکەی زیرەک دەڵێ: **زیرەک هیچ جۆرە نەخۆشییەکی نەبوو، ئەوڕۆژەی چووە شاییەکە، ئێوارە ئاگاداریان کردمەوە زیرەک لە بیمارستانەو نەخۆشە! کە چووم لە نەخۆشخانەبوو ئاگای لە وڵات نەبوو. ژنێک لەوێ بوو منی بینی زۆر دڵی پێم سوتاو منی بردە ژێر زەمینەکەو گوتی:"من لە راهی خوا بۆتی باس دەکەم، چۆن**



زیرەک لەگەڵ نەسرین شێروانی

**دەبینم تۆ ژنێکی دڵسۆزی بۆ زیرەک و زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە و کەسی نییە!، با خوێنەکەی بزر نەبێ! زیرەک نەخۆشی نییە، ساواک ژەهری داوەتێ و خوێنەکەی با بزر نەبێ و دکتۆرەکانیش باسی ناکەن و نەخۆشییەکەی دەشارنەوە".**

هەروەها رابەخانم دەڵێ: کە زیرەک لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە ئاوا باسی هۆی نەخۆشییەکەی خۆی کرد، گوتی:"**من چوومە دەرەوە، کە گەڕامەوە ژنە شاگردێکی ئاشپەزەکە قاپێک ئاشی هێناو گوتی: ئەمە بۆ ئاغای زیرەکە، لەگەڵ ئیستیکانێک قەنداخ، زیرەک گوتی: لە شیوەکە دوو کەوچکم خوارد، بەڵام قەنداخەکەم خواردەوە، کە چووینەوە بۆ شاییەکەو لەکاتی گۆرانی گوتندا سەرم گێژ بوو رهێل بوومەوە" هەر بەڕێز"رابەخانم"خێزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەڵێ: پاش ئەو نەخۆشییە زیرەک راستەڕێ نەبووەوەو دواجار لەتەمەنی پەنجاو یەک ساڵی هەر بەو نەخۆشییە کۆچی دوایی کرد.**

ئەوەی کە"حوسێن زیرەک"ی برای زیرەک و "رابیعە خانم"ی خێزانی زیرەک باسی دەکەن، دوو دیوی یەک دراوەو تەواو کێشەکە روون دەکاتەوە، کە **ئیتلاعات چیان لە زیرەک دەوێ، کە زیرەکیش ئەوە ناکات! ئەوە ئەوانیش ئەو خواردنە ژەهراوییە بە زیرەک دەدەن، کە زیرەک نایەوێ بیخوات!؟!.**

## لەگۆمانەوە بۆ راستی!

ساڵی ١٩٧٢ هەر لەگەڵ كۆچی دوایی زیرەک، ئەو گومانەش بڵاوبووەوە، کە مردنی"هونەرمەند حەسەن زیرەک" مردنێکی ئاسایی نییەو گومان هەیە!! لەو گومانەش بەڕای من دیسان"ساواک"دەکۆشا گومانەکە بەلایەکی دیکەدا بباو ئەو گومانە لەخۆی و دەوڵەتی ئێران دوور بخاتەوە، من لێرە باسی ئەو کەس و لایەنە گومان لێکراوانە ناکەم! کە دەوڵەت ناوی دەهێنان!! چونکە بەڕای من پاش ئەو هەموو ساڵەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر هونەرمەند"حەسەن زیرەک" هەرجۆرە ژەهرێکی دەرخوارد درابێ و هەرکەسێک ژەهرەکەی پێدابێ و لەهەر بۆنەیەک بووبێ و لەهەر شوێن و شارێکدا بووبێ، ئەوا لەڕاستیدا هەر"**ساواک**" ئەمکارەی کردووەو هەر دەوڵەتی ئێران لەم تاوانە گەورەیەدا بەرپرسیارە، بۆیە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بەدوای ئەو هۆو هۆکارانەدا گەڕاوە، کە دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەزگا سیخوڕییەکەی"ساواک"ی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی کە "زیرەک" دەبێ بکوژرێ.

جگە لەو گومانەی کە هەر لەسەرەتاوە بڵاوبووەوە، دواتر لەگەڵ چاپکردنی کتێبە دوو بەرگییەکەی"میرزا کەریم خۆشناو" کە باس لەو دژایەتی و ئەو هەموو لێدانە لەخۆڕایی و بێ بەزەییانەی چەقۆکێش و شەقاوەکانی ئێران بەسەرپەرشتی ساواک و هەروەها دانپێدانان و راستی گوتنەکەی رابەخانم، ئەوا لەچەندماڵپەڕێکی کوردانی رۆژهەڵات، لە باسی زیرەک و مردنەکەی ئەو دەسەواژەیە چەند جارێک دووبارە بووەتەوە، کە دەڵێ:"**مردنێک کە هێشتا لێی دوودڵن و ئەو گومانە هەیە کە دامەزراوە سیخوڕییەکانی ئەو وەختەی دەوڵەت دەستیان تێیدا هەبووبێ**" هەروەها لەچاپکردنەوەی"چریکەی کوردستان"بۆجاری دووەم و پێشەکیەکەی"خاتوو میدیای زەندی" ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دەوڵەت لە مردنی هونەرمەندی گەورەی کوردی ئێرانی چەند بێ خەم و خوێند سارد بووە، کە پێشتریش لە تەواوی ماوەی نەخۆشییەکەی زیرەک، ئەویش پشت تێکردن و رێ لێگرتن و دەستی دەستی پێکردن و ساردی ساردی پێکردنە، نەخۆشییەکە تەواو دەست لە زیرەک دەوەشێنێ و ئومێدی چاکبوونەوەی نامێنێ! کە ئەمە ئەنجام ومەبەست و خواستی دەوڵەت بووە.

ئەگەر بەکورتی و بەچەند خاڵێک ماوەی نەخۆشییەکەی زیرەک بەسەر بکەینەوە ئەوا ئەو هێڵە بەدەر دەکەوێ، کە دەوڵەت چی کردووەو مەبەستی چی بوو.
- زیرەک بەردەوام لەژێر چاودێری"ئیتلاعات و زدی ئیتلاعات و ساواک"دا بووەو هەروەختێک ویستبێتیان قەچۆکێشیان ناردووەتە سەر و ئەشکەنجەیان داوە، زیرەک خۆشی ئەمەی زانیوەو باسی کردووە، لەکاتی هاتنی هونەرمەندە لوڕەکە زیرەک نەیوێراوە بەدڵی خۆی گۆرانی لەگەڵدا بڵێ و وەکو پێویست وەڵامی بداتەوە، هەر خۆی لەوەڵامی ئەوانەی کە چاوەڕوان ببوون زیرەک بە گۆرانی سیاسی وەڵام بداتەوە دەڵێ: **ناوێرم، چونکە هەر ئەمشەو هەنجەتێکم پێ دەگرن و تێم هەڵدەدەن**، هەروەها لەپاش لێدانی جاری دووەم زیرەک دەڵێ: **پیاو ناوێرێ. دەنا وەک کابرا خەڵک دەکوژن و لەدوای جەنازەکەشی دەڕۆن**، واتا ئەوان ئاگاداری هەڵسوکەوتی زیرەک بوون، رۆژ بەڕۆژ و پێ بەپێ، کەچی کە نەخۆش دەکەوێ، چونکە نەخۆشییەکە دەستکردی خۆیانە، بەئاشکرا خۆی لێ بێ خاوەن دەکەن و لەژێرەوە کێشە بۆ چارەسەرکردنەکەی دروستدەکەن.
- هەر لەسەرەتاوە، دکتۆر راستی نەخۆشییەکەی باس ناکەن و کەسوکاری و زیرەک بەلایەکی تردا دەبەن.
- کە نەشتەرگەریشی بۆ دەکەن، نەشتەرگەرییەکی چاوبەستەیەو بۆ چارەسەری نییە! لەلایەک دەڵێن: شێرپەنجەیەتی و لەلایەک بەناوی نەشتەرگەری گورچیلە، نەشتەرگەییەکی چاوهەڵخەڵەتێنی بۆ دەکەن.
- کە زیرەک زۆر شڕ دەبێ و براکانی داوا دەکەن لە نەخۆشخانە بیخەوێنن، دکتۆر دەڵێ: تەختی بەتاڵ نییە، لەکاتێکدا تەختی بەتاڵ هەیەو کارمەندێکی نەخۆشخانە ئەم راستییە بە براکانی زیرەک دەڵێ:
- کە نەشتەرگەری بۆ دەکرێ، ئەم هونەرمەندە گەورەیەی ئێران هەرچەندە نەخۆشییەکەشی کوشندەبوو! بەڵام لە بچووکترین شارۆچکەی سەر سنوور و کەمترین ئیمکانیاتدا نەشتەرگەری بۆ دەکەن.
- کە میدیای زەندی، بە نەخۆشی زیرەک دەزانێ و دەچێتە مەهاباد و دەیەوێ زیرەک بباتە تاران، کەچی دەوڵەت تەنیا"ئەمبولانس"ێکی پێ نادا، هەرچی میدیای زەندی هەوڵدەداو ئەملاو ئەلا دەکات، ئەوەتا

دەنووسێ"زۆرم لەكاربەدەستانی ئەوكاتە تكا كرد، كە كارێك بكەن، بەڵام، هیچ كامیان تەنانەت ئەمبولاسێكیان نەدا بەمن تا حەسەن ببەم بۆ دكتۆر".

- ئەم هەموو خۆ بێ خاوەن كردنەی بەرپرسان و دەست رۆیشتووانی ئەوێ رۆژ بەرامبەر بە زیرەک، شتێكی بەخۆڕایی نەبوو، ئەوە ئەو فەرمان دەركردنەی دەوڵەتە لەژێرەوەو رێگا گرتنییەتی لەوەی كە هیچ كەس هاوكاری زیرەک بكات، سەرەڕای ئەوەی كە خۆی هۆو دروستكەری"میحنەتەكانی زیرەک"ە، ئەو گۆتەیەش زۆر راستە كە دەڵێ: **"ئەگەر دەوڵەت ئەتوی بوغزاند، ئەوا خەڵكیش دەتبوغزێنن"** دەنا زیرەک چ وەک هونەرمەند و چ وەک كەسایەتییەكی نێو كوردەواری ئاوا بێكەس و بێدەر نەبوو، بەڵام، ئەو فەزا پڕ لە خەفەقان و ئیرهابە ژێر بەژێرەی دەوڵەت، رێگر بووە لەوەی كە خەڵك بتوانن یارمەتی شیاوی هونەرمەندەكەی خۆیان بدەن، لە خوێندنەوەی وردی كتێبەكەی"میرزا كەریم خۆشناو"لە باسی نەخۆشییەكەی زیرەک و هەوڵە كەم و لاوازەكانی چارەسەرییەكان، زۆر بە روونی ئەو فەزا پڕ لە خەفەقانە هەست پێدەكرێ، چونكە هەر خۆیان ژەهریان داوەتێ و هەر خۆشیان رێگرن لە چارەسەری راستەقینەو نایانەوێ زیرەک نێوەندی كۆبوونەوەی خەڵک بێت، ناشیانەوێ ئەمجارەش هەڵسێتەوە سەر پێ.



**زیرەک و میدیای زەندی و ساكاری كچیان، لە رۆژانی ئەم وێنە گرتنەیە كە زیرەک دەڵێ: چەندم پێخۆشە ناوماڵ**

**لە دەرکردنەوە بۆ ژەهر!!**

ئێمە ئەوەمان خوێندەوە، کە لەکاتێکدا زیرەک لەسەردەمی زێڕینی خۆی دەژیا، لەڕووی ماڵ و منداڵ و وەزیفەو هونەرەوە، لەم کاتەدا دەوڵەتی ئێران و دامەزراوە سیخوڕییەکانی زیرەکیان بەدڵ نابێ، وەک دواجار دەرکەوت ئەوان نەخشەیەکی ژەهراوی بۆ زیرەک دادەڕێژن و بەم شێوە دەست بە جێبەجێکردنی نەخشەو پلانەکەیان دەکەن.

-١ بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین لە"کار - رادیۆ"دەریدەکەن و بێ کار دەبێ.

-٢ ئەم بێکارییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دواجار لە میدیای زەندی جیا ببێتەوەو بەمەش لە ماڵ و منداڵەکانی دادەبڕێ.

-٣ دەرگای تۆمارکردنی گۆرانی بەڕوودا دادەخرێ لای کەم لە رادیۆی تاران و کرماشان، لەکاتێکدا زیرەک لە گەرمەی داهێنان و گۆرانی گوتندا بووە، چونکە ئەو ماوە کەمەی لە تاران و کرماشان بووە، ریکۆردی هەموو قیاسێکی شکاندووە، لە تۆمارکردنی زۆری گۆرانی و گۆرانی سەرکەوتوودا، ئەوەتا شوکرڕوڵڵای بابان وەکو هەنجەت دەڵێ:"نزیکەی هەزار و پێنج سەد گۆرانی زیرەکمان هەیەو ئیتر پێویستمان بەو نییە!!" ئەم ژمارە زۆرە لەماوەی دوو سێ ساڵدا تۆمارکراوە، تائێستا هیچ هونەرمەندێک ئەو توانایەی نەبووە، ئەم ژمارە زۆرە لە گۆرانی لەم ماوە کەمەداتۆمار بکات.

-٤ لە تارانی پایتەخت و کرماشانی جوان دادەبڕێ و دەکەوێتە سەر سنوور.

-٥ لەو سەر سنوورەش هەر ناوە ناوە هەنجەتێکی پێ دەگرن و تێروپڕی تێهەڵدەدەن و سووکایەتی پێ دەکەن.

-٦ دواجار لەو کاسبیەی سەر سنووریشی دەکەن و زیرەک دەخەنە ناو ژیانی بێکاری و بێ پارەیی و بێ خانوو و سەرەڕای ئەوەش هەردەم کێشەی بۆ دروستدەکەن و لەڕووی جێگاو بژێوەوە دەیخەنە سەر ساجی عەلی و بەردەم تۆقاندن!!

-٧ دواجار ژەهریشی دەرخوارد دەدەن و نەخۆشی دەخەن، نەخۆشییەکی کوشندە، لەڕووی جەستەییەوە جەستەشی نەحۆش و لاواز و بێ هێز دەکەن و دوا سەرمایەی لەدەستدەدەن!!.

واتا زیرەک، بێکار دەکرێ و راو دەندرێ و لێی دەدرێ و هەر رۆژەی ماڵی لەسەر پشتی ولاغێک دەبێ، لەسەر قسەی خاوەن خانووەکەی.



**چۆن کوردم و بەکوردی قسە دەکەم**
**هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو**
**زیرەک..!**

**هەموو ئەمانە بۆچی؟**

دەوڵەت دەیەوێ زیرەک وەک هونەرمەندێکی گەورە بۆ خزمەتی خۆی بەکاربێنێ، داوای لێدەکات بێتە کوردستانی عێراق و سیخوڕی بەسەر براکانییەوە بکات، زیرەکیش بەتووندی ئەمە ڕەتدەکاتەوە، دەوڵەتیش بۆ ناچارکردنی زیرەک، لەهەموو روویێکەوە ژیان لە زیرەک تاڵ دەکات و ئێرانی لێ دەکات بە دۆزەخ، زیرەکیش یەک بڕیارانە زۆر بە ئارام و قەناعەتەوە، رووبەڕووی ئەم پیلانەی دەوڵەت دەبێتەوەو دەڵێ:"**باساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن، هەتا سەر بمێنێ تێهەڵدان هەر دەبێ**، ئەگەر زیرەک بەم هەموو ئازارەوە ناچێتە ژێربارو"بەرد ناخاتە ناو ئەو کانییەی کە ئاوی تێیدا خواردووەتەوە"لەولاوە ساواک مکوڕە لەسەر ئەوەی، کە هەتا دوا قۆناغ بەدوای زیرەکەوە بێ، چۆن یەک لە رەوشتەکانی دەزگا ئیرهابییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتە داگیرکەرەکانە، ئەگەر داوایەکیان لە هاووڵاتییەک کردو، هاووڵاتییەکە وەک زیرەک گوتی:"ئەمە کاری من نییە!!"ئەوا دواجار بڕیاری کوشتنی ئەو هاووڵاتییە دەدەن، جا کوشتنیش زۆر ریگاو زۆر جۆری هەیە، یەک لەو ریگایانە کوشتنی بە ژەهرە.

لەکاتی دەردە دڵی زیرەک بۆ براکەی دەڵێ: **بەتەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەت** دەکەم، بەڵێ، زیرەک قسەی خۆی بردە سەر و بەر بەرەکانێی دەوڵەتی کرد بەتەنیاو هەر بەخۆی، ئەم بەر بەرەکانێیە بەم شێوەیە بوو:

-١ دەوڵەت وەکو دەوڵەت لەڕێگای دەزگا سیخوڕییەکانی داوای لێدەکات، بێتە کوردستانی عێراق و خیانەت لە براکانی بکات، زیرەک وەکو زیرەک ئەمە رەتدەکاتەوە.

-٢ پاش ئەم هەموو دەرکردن و ئازاردانە، زیرەک ناکەوێتە پاڕانەوە لە دەوڵەت و لە ناخۆشترین حاڵ و بەپڕ زەحمەتترین شێوەو لە دوورترین سەرسنوور دەکەوێتە کارو کاسبی، ئەو کاسبییەی خۆی دەیەوێ.

-٣ پاش هەر گرفت بۆ دروستکردنێک و هەر لێدانێک زیرەک جارێکی تر دەکەوێتە کاروکاسبی و ئەشکەنجەو ئازارەکان تەحەموول دەکات و بە گۆرانی خۆی دەلاوێنێتەوە.

-٤ کە چوار پێنج چەقۆ کێش شەڕی پێ دەفرۆشن و لێی دەدەن، هەرچەندە زیرەک بەدڵنیاییەوە، دەزانێ ئەوانەی کە لێی دەدەن، ئیتلاعات و زەدەی

ئیتلاعات و پیاوی دەوڵەتن، دیسان كوردانەو ئازایانە بە تەورزێن دەكەوێتە گیانیان و هەتا بۆی دەكرێ وەكو زیرەك خۆی دەگێڕێتەوە: دەست لە هەریەكەیان دەوەشێنێ، كابرا وەك گا دەبۆڕێنێ، ئەم دەستكردنەوەیەی زیرەك، دەستكردنەوەی تەنیا كەسێكە، كە هەر بەتەنیا بەهێزی خۆی شەڕ لەگەڵ چوارپێنج شەقاوەی ئیتلاعاتی دەكات، كەچی ئەوان بە پشت بەستن بە هێزی دەوڵەت هەر پێنجیان لە زیرەك دەدەن.


زیرەک

-٥ جاری دووەم كە ئەفسەرەكە زللەیەك لە زیرەك دەدات، زیرەك نایكاتە نامەردی و بەهەموو هێزی خۆی وەكو زیرەك زللەیەك لە ئەفسەرەكە دەداتەوەو پشتاو پشت دەیخا، زیرەك تەنیا بەهێزی خۆی لە ئەفسەرەكە دەدات، كە ئەفسەر واتا دەوڵەت، دواجار ئەفسەرەكەش بەهێزی دەوڵەت دوو دەستی زیرەك لەپشتەوە دەبەستێتەوەو دەیخاتە ناو حەوزی ئاوی حەوشی ژاندارمەری و تا بەیانی بەهێزی دەوڵەت لێی دەدا.
-٦ لەگەڵ هەموو ئەم لێدان و ئازاردانە دەروونی و رۆحی و جەستەییەی زیرەك، زیرەك وەك هونەرمەندێكی رەسەن! رەسەنێك كە تەنیاو تەنیا گۆرانی گوتن بەكاری سەرەكی خۆی دەزانێ، گۆرانی گوتن بەزمانی كوردی، جا بەم حاڵە شەوە تا هەناسەی دێ و دەچێ، هەر گۆرانی دەڵێ: بەڵام گۆرانییەكانی ئەم قۆناغە بە تەواوی گۆرانی"**گریان و ناڵین و هاوار**"ە. هاوارێكی پیاوانەو كوردانەو زیرەكانەو هونەرمەندانە، بەڵام، دەوڵەت

ئەم گریان و ناڵین و هاوارەش بە زیرەک رەوا نابینیٚ، بۆیە وەک"رابیعە خانم"ی خێزانی لە چاوپێکەوتنەکەدا باس دەکات، لەگەرمەی گۆرانی گوتن و لەنێو شاییدا ژەهری دەدەنێ و لەکاتی گۆرانی گوتندا رهێڵ دەبێ و بەلا دادێ و بەبێ ئەوەی کە پێشتر هیچ نەخۆشییەکی هەبێ!!

-٧ زیرەک پاش چاپکردنی"**چریکەی کوردستان**"کە فەرمانی گرتنی دەردەچێ، خۆی ناداتە دەست و دەچێتە ناو شۆڕش، لەوێ لەسەر ئاستی خەڵک و پێشمەرگەو بەرپرسان رێزی لێدەگیرێ، هەر لەم ماوەیەدا گۆرانی بە شۆڕش و پێشمەرگەدا هەڵدەڵێ و ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێران پتر رقی لێ هەڵبگرێ و ئەمەش بەجۆرە یاخی بوونێک بزانێ و ئەمەش دەبێتە تاوانێکی دیکەی زیرەک بەرامبەر بە ئێران، هەربۆیە کە لەعێراق بەگیراوی دەیدەنەوە ئێران و لەوێش دەیگرن و دەیخەنە بەندیخانەو بە تاوانی جاسووسی و ئازاری دەدەن.



**زیرەک لە گەرمەی داهێناندا**

**ئەنجام:**

ئێستا بۆمان روون بۆوە، كە زیرەك هەر لەسەرەتای گەڕانەوەی لەساڵی ١٩٥٨ بۆ ئێران، ساواك بە ووردی چاودێری هەڵسوكەوتی حەسەن زیرەكی كردووەو بەدواوەی بووە لە"تاران" و لە"كرماشان" تا"كانی مەلا ئەحمەد" لەسەر سنوور، لە گەرمەی هونەر و ژیان و داهێنانەوە، تا مەرگ و گۆڕ.

ئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیەش لەم چەند خاڵەدا كۆ دەكەینەوە:

-١ ئەگەرچی لەسەرەتای گەڕانەوەی زیرەك بۆ ئێران لە رادیۆكانی تاران و كرماشان و تەورێز و مەهاباد و سنە زۆر پێویستی بە كەسێكی وەك زیرەك دەبێت و هەر ئەو پێویستییەش وادەكات چەند داخوازییەكی زیرەك جێبەجێ بكەن، وەك خواستنی"میدیای زەندی" و نەشتەرگەریی بۆ منداڵ بوون و گەڕانەوەی مووچە راگیراوەكەی، بەڵام، ئەمانە ئەگەر وەك كارمەندێكی رادیۆ بۆی كراوە، كەچی لەولاوە ساواك زۆر بە ووردی هەڵسوكەوتی زیرەكی خستووەتە ژێر چاودێری.

-٢ ئەوەی كە"دكتۆر شێخ عابدی سیراجوددینی" "شوكروڵڵای بابان"لەگەڵ زیرەكی دەكەن، وەك بەرپرسانی رادیۆی تاران و كرماشان، بەوەی كە دكتۆر عابد بە پاسەوانی رادیۆ دەڵێ:"لێنەگەڕێن زیرەك بێتە رادیۆ!!"و هەروەها شوكروڵڵای بابانیش دەڵێ: هەزارو پێنج سەد گۆرانی زیرەكمان هەیەو ئیتر پێویستمان بە حەسەن زیرەك نییە!! ئەمانە لەسەر خواستی ساواك بووە، دەنا ئەم رادیۆیانە هیچ كاتێك ناگەنە ئەو ئاستەی پێویستیان بە هونەرمەندێكی گەورەی وەك زیرەك نەمێنێ.

-٣ ئەم كارەی دكتۆر عابدو شوكروڵڵای بابان دەبێتە هۆی دەركردنی حەسەن زیرەك لە رادیۆو ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیرەك لەو نێوەندە هونەرییە داببڕێ و بێ كارو بێ مووچە بێت.

-٤ ئەم دەركردن و بێكاربوونەی حەسەن زیرەك، دەبێتە هۆی ئەوەی كە زیرەك كێشەی كۆمەڵایەتی و خێزانی بۆ دروست ببێ، دواجار لە میدیای زەندی جیا دەبێتەوە و لە منداڵەكانی دوور دەكەوێتەوە.

-٥ بەمكارە جارێكی تر زیرەك دەكەوێتەوە نێو ژیانی دەربەدەری و ناچارە دیسان لەسەر دەستێكی خاڵییەوە دەست پێبكاتەوە.

-٦ كە بەناچاری دێتەوە عێراق و دەچێتەوە رادیۆی بەغدا، پاش ئەم

هەموو سەرکەوتن و هونەرە بەرزەی لە عێراق و ئێران، لە عێراق وەک سوکایەتی پێکردن، تاقی دەکەنەوەو لە تاقیکردنەوەکەش بە"غیر صالح" واتا "ناگونجێ!!" وەڵامی دەدەنەوە، ئەمەش کاریگەریی دەروونی زۆری دەبێت لەسەر رۆحییەتی زیرەک، هەروەک ئەوەی کە لە تاران، دەرگای رادیۆی بەڕوودا دادەخەت، لەسەر قسەی میدیای زەندی، پاش ئەم دەرگا گرتنە زیرەک جارێکی تر روو ناکاتەوە رادیۆی تاران.

-٧ هەر لەو سەفەرەی عێراق، وەک جاسووسێک بۆ ئێران دەیخەنە زیندان و ئەشکەنجەی دەدەن، کە دەیدەنەوە دەست ئێران، ئێرانیش وەک جاسووس دەیخاتەوە بەندیخانەو ئەوانیش دیارە بە گوڵ پێشوازی لێناکەن!!.

-٨ کە لەئێرانیش وەک خۆی دەڵێ:"**خوا کردی لەهیچیا نەبووم**" لە بەندیخانە بەردەبێ! بەربوونێک کە هەموو ژیانی گۆڕاوەو گەڕاوەتەوە سەردەمی بێکەسی و دەربەدەری، لەگەڵ ئەوەش ساواک پێ بەپێ و چرکە بەچرکە بەدوایەوەو بەتووندی چاودێری دەکات.

-٩ لەکاتێکدا شەڕی هونەری و ئابووری و کۆمەڵایەتی وخێزانی لەگەڵدا دەکەن و دەیانەوێ بە برسیکردن و ماندووکردن، ناچاری بکەن کاریان بۆ بکات و داوای لێدەکەن"بچێتە عێراق و جاسووسیان بۆ بکات، بەسەر براکانییەوە، زیرەک ئەمە رەتدەکاتەوە".

-١٠ لە ئەنجامی رەتکردنەوەی زیرەک، کە جاسووسی بۆ ئێران بکات، ساواک شەقاوەو چەقۆ کێشی بەگژەوە دەنێ و هەرجارەی هەنجەتێکی پێ دەگرن و لێدانێکی خراپ لێی دەدەن.

-١١ کە زیرەک، ئەم هەموو ئازار و لێدانانەش قبووڵ دەکات و دەڵێ: با ساڵێ دوو سێ جار تێم هەڵبدەن، بەڵام ئەمکارە ناکەم و بەسەربەرزی لەنێو خەڵکدا دەژیم، ساواک هەموو ئەمانە بە تەعدایەک دەزانێ بۆخۆی و بۆیە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە کۆتایی بەم شەڕی مشک و پشیلەیە بێنێ و پەنا بۆ ژەهر دەبات.

ئەمانە هەمووی بەدەستی دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران ژیانی زیرەک سەرەو لێژە دەکات و زیرەک لەهەموو روویێکەوە، لەڕووی بژێوی ژیان و شوێن و کارو هونەر و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ

هەموو خۆڕاگرییەکیش دەڵێ:" با ساڵی دوو سێ جار تێرو پڕمان لێ بدەن"دواجار دەگاتە ئەو حاڵەتەی کە بڵێ"جێگام نەبووەوە لە ئێران و لە عێراق ماندوو بووم. شەکەت بووم. هیلاک بووم!!"جا چۆن جێگای ببێتەوە! کە دوو دەوڵەتی داگیرکەر بۆی لە کەمین بن! چۆن ماندوو و شەکەت و. هیلاک نەبێ! کە دەوڵەتێک بەهەموو هێزی دەوڵەتی خۆی و بەهەموو بێ یاسایی و بێ بەزەیی دەزگا سیخوڕییەکانییەوە بەدوایەوەبن و هەرچی ئەو بەخوێنی دڵ و بە ریخۆڵە بەدوو خۆدا راکێشان دروستی بکات و پەیدای بکات! ئەوان بەدەستی چەقۆکێش و شەقاوەکانی ئیتلاعات و زەدەی ئیتلاعات و ساواک لێی تێکبدەن.

ئایا ئەمەی تا ئێرە کە وەک رۆژ رووناکەو هیچ گومان هەڵناگرێ، کوشتن نییە؟! کوشتنی بە کوتکی ناو هەمبانە؟ کوشتنی بە زیندوویی چاوان! بەڵام، عەشقی زیرەک بۆ ژیان و بۆ هونەر، بە گۆرانی، گۆرانی لەدڵەوە، بە دەنگە زووڵاڵەکەی برینی خۆی سارێژ دەکردوو ژانی لێدانەکانی فەرامۆش دەکرد، بەڵام، ساواک چاوی بینینی زیرەکی نییە، هەتا ئەگەر زیرەک لە خوێندا سووربێ! ساواک گوێی بیستنی زیرەکی نییە! هەتا ئەگەر"بەم دەنگە زوڵاڵەکەی بگری و بناڵێ و هاواریش بکات" و بڵێ:"جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانەخۆم" دەبێ ئەو بێ جێگایە بەم دەنگە زوڵاڵەیەوە بێدەنگ بکرێ!!



زیرەک و دۆستانی

بۆ بێدەنگکردنی"زیرەک"یش، بولبوولی دڵبریندارى کورد، باشترین شت"ژەهر"ە، ژەهری قەستەسەر، ژەهری دەستی ساواک!!
هەرچەندە ئەوەی تائێستا لەبارەی ژیانی زیرەک نووسراوە، هەموو ئازار و هەموو بەسەرهات و هەموو نهێنییەکانی ژیانی هونەرمەندی گەورەی کورد و جیهانی حەسەن زیرەک نییە! بەڵام، ئەوەندە هەیە، کە ئەوەی هەیە، بەسە بۆئەوەی حەقیقەتی ژیانی ئەو هونەرمەندە بێ وێنەیە بناسین و لەوە تێبگەین، کە هونەرمەندی کوردی بێ غەل و غەش"حەسەن زیرەک"، "ساواک"کوشتوویەتی.
ئێستا بەدڵنیاییەوەو بەدەنگی بەرز دەڵێم: هیچ کوردێک لە حەسەن زیرەک کوردتر نییە! کەسیش لەو زیاتر کوردایەتی نەکردووە! بەڵام، هەرکەسەو بەشێوەی خۆی کوردایەتی دەکات، کوردایەتی زۆر کەس ڕۆژێک دێت کاڵ دەبێتەوە،کەچی کوردایەتی حەسەن زیرەک هێندە ڕەسەنە، هێندە مەزنە، هێندە پڕ داهێنانە، هێندە پڕ قوربانییە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەش تر و بەرزتر و پیرۆزتر دەبێت، هەر تەنیا گۆرانی گوتنی حەسەن زیرەک بە زمانی کوردی، بۆخۆی گەورەترین کوردایەتییە! هەتا ئەگەر هیچ گۆرانی و سروودێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیشی نەگوتبا، کوردایەتی حەسەن زیرەک بە هونەر کوردایەتی کردووە، هونەرێکی ڕەسەن و بێ وێنەو جیهانی، کە دواجار هەر ئەم هونەرە پڕ کوردایەتییە بووە هۆی ئەوەی کە حەسەن زیرەک گیانی خۆی بۆ بکاتە قوربانی و لەم ڕێگایەوە سەر دابنێ و ببێت بە یەکێک لە شەهیدانی هونەر و کوردایەتی.
ئەگەر بە وردی، شوێن پێی زیرەک هەڵبگرین، بەتایبەتی دوای دەرکردنی لە ئێستگەی(تاران) و (کرماشان) ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە(ساواک) بەردەوام بەدوای زیرەکەوە بووەو دواجار گەیشتووەتە ئەو بڕیارەی کە زیرەک دەبێ لەنێو بچێ! بەتایبەت کە داوای لێدەکەن، بێتە عێراق و کاریان بۆ بکات! ساواک ئەمە ڕەت دەکاتەوە! بۆیە کوشتنی زیرەک بەرنامەو ئامانجی ساواک بووە! بەڵام! هێندەش هەیە! چەند خواستی ساواک بووە، هێندەش زەمینەی نێو کوردەواری ئامادەو لەبار بووە، بۆ ئەم تاوانە گەورەیە، ئەگەر نەخشەی کارەکە دەستدرێژی ساواک بوو، ئەوا تەواوی کارەکتەری جێبەجێکردنەکە کورد بوون، بۆیە زیرەک ناحەق نەبوو، کە

لە جێگایدا دەڵێ: هێندەی نەماوە بچمە ژێر گڵ و بەشەری کورد نەبینم! بەڵێ! ئەو کوردانەی نرخی هونەر و هونەرمەندان نازانن.
دواجار دەبێ ئەوە بڵێم، ئەوەی تائێرە بە بەڵگەو شیکردنەوە هێناومانەتەوە، لە بەڵگەی نووسراوو قسەی بیستراوو شیکردنەوەی گونجاو، هەموو ئەوە نییە کە دەیزانین و بیستوومانە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ:
یەکەم: بەداخەوە هێشتا کاتی گوتنی هەموو راستییەکان نەهاتووە.
دووەم: هەندێک لەو هەواڵانەی کە لەبارەی کوشتنی (زیرەک)ەوە لەلایەن ساواکەوە بیستوومانە، پێویستی بە بەڵگەی پتر هەیە.
بەو هیوایەی لێرە بەدواوە، ئەو بەڕێزانەی کە لەم بارەیەوە راستییەک دەزانن و بەڵگەیەکیان بەدەستەوەیە، بەشێوەیەک لە شێوەکان بڵاویان بکەنەوە.



ساکار و ئارەزوو کچانی زیرەک

سەرچاوەکان:


-١ چریکەی کوردستان، حەسەن زیرەک، پێشەکی: د. محەمەد سەدیق موفتی زادە، ئامادەکردن و لەسەر نووسینی: میدیای زەندی، پێداچوونەوەو لەسەر نووسین و وەرگێڕاوی: فاورق بۆرەکەیی صەفی زادە، چاپی دووەم، چاپی سازمانی انتشارات بورەکەیی مرکز نشر بژوهشای کردستان شناسی، چاپخانەی- شابک، سنندج ١٣٧٦ خورشیدی.

-٢ حەسەن زیرەک، هیوا عومەر ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٧.

-٣ گەوهەرێ، عوسمان شارباژێڕی، کۆماری عێراق، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی السعدون- بەغدا ١٩٨١.

-٤ حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی، نووسینی: میرزا کەریم خۆشناو، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حسام- بەغدا ١٩٨٤، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی چاپکردنی داوە.

-٥ حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی، نووسینی: میرزا کەریم خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم- چاپخانەی القادسیە – بەغدا ١٩٨٦، ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی چاپکردنی داوە.

-٦ ناڵەشکێنە، ئامادەکردن: قادر نەسیرنیا، پێداچوونەوەو رێکوپێککردنی: حەسەن گۆران، نووسینی نۆت: وەحید موحتەسەمی، چاپی دووەم، چاپخانەی شابک، دەزگای رۆشنبیری گۆران، سنە ٢٧٠٧.

-٧ گۆرانیبێژە نەمرەکان، دانانی: باکووری، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.

-٨ رۆڵی حەسەن زیرەک لە موزیکی کوردیدا، ئامادەکردنی: زۆزک ئەحمەد قەرەداغی، زاهیر محەمەد عەزیز، زنجیرەی کتێبی ئینستیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان – سلێمانی ٢٠٠٤.

-٩ جوگرافیای کوردستان: دکتۆر عەبدوڵڵا غەفوور، چاپی دووەم کوردستان.

-١٠ رابیعە خانم، چاوپێکەوتن، د. مەولود ئیبراهیم حەسەن. هەفتەنامەی بەدرخان، ژمارە"١٤٦"رۆژی"٢٠١٠/٨/٨"هەولێر.

١١- محەمەد حەمە باقی"نووسەری ناسراوی کورد"چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی، کەناڵی گەلی کوردسات ٢٠١٠.
١٢- باکووری، دانیشتنێک لەگەڵ هونەرمەند باکووری رۆژی ٢٠١١/١١/٢٨ماڵی باکووری، هەولێر.
١٣-عەبدولی حەمە باقی"نووسەری زیرەک دۆست" دانیشتنێک لەسلێمانی لە رۆژی ٢٩/٨/ ٢٠١٠.
١٤- پشتبەستن بە یادەوەرییەکانی لێکۆڵەر.
١٥- چەند ماڵپەڕێکی کوردەکانی رۆژهەڵات.
١٦- کۆمەکان – پاوەو هەورامان.
١٧- جنبش چپ در ایران بە بەروایت اسناد ساواک – جلد اول- تهران ١٣٧٨.

- زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزم دکتۆر یاسین سەردەشتی، کە کتێبی"جنبش چپ"ی بۆ پەیدا کردم و بەڵگەکانی سەبارەت بە حەسەن زیرەک بە کۆپی کراوی و وەرگێڕدراوی بۆ رەوانە کردم.
- زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێز د. ئازاد عوبێد کە ئەویش دواجار کتێبی - جنبش چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک - خستە بەردەستمان.


**زیرەک پیاوێکە..**
**هەتا پتر شارەزای ژیانی بیت زۆرترت خۆشدەوێت.**
**هونەرمەندێکە..**
**هەتا  زۆرتر گوێ لە گۆرانییەکانی بگری،**
**دەنگیت لا خۆشتر دەبێت.**

بەڵێ.. حەسەن زیرەک
هونەرمەندێکی جیهانییە!!

# بەڵێ..
# حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی جیهانییە!!

**نووسەر و لێکۆڵەری مۆسیقا و گۆرانی د. تۆفیق ئاڵتوونچی دەنووسێت. زیرەک یەکەمین هونەرمەندە لە هەمووجیهان کە زۆرترین ژمارەی گۆرانی تۆمارکردووە.**
**میدیای زەندی دەنووسێ وەختێ حەسەن زیرەک لە رادیۆی کرماشان کاری دەکرد رۆژانە نزیکەی ٢٠٠٠ نامە بۆ زیرەک دەهات و داوای گۆرانییەکانی زیرەکیان دەکرد هەندێ لەو نامانە خاوەنەکانیان پارەیان دەخستە ناو پاکەتەکان و داوای گۆرانی دڵخوازی خۆیان دەکرد لە گۆرانییەکانی زیرەک تا بۆیان بڵاوبکرێتەوە.**

ئەمساڵ بەبۆنەی سی و هەشتەمین ساڵەی کۆچی دوای هونەرمەند "حەسەن زیرەک" زنجیرەیەک وتارم لە هەفتەنامەی "بەدرخان" دا بڵاوکردەوە، یەکەمین ئەلقە لە رۆژی ٢٠١٠/٦/٨ و لە ژمارە "١٢٤"ی ئەم رۆژنامەیە بوو، نووسینەکە لە ژێر ناوی "حەسەن زیرەک: ژیانێک پڕاوپڕ لە داهێنان و لێوانلێو لە دەربەدەری بوو!؟ هەروەها لە رۆژی ٢٠١٠/٨/٨ی هەمان رۆژنامە و لە ژمارە "١٤٦"دا چاوپێکەوتنێکی گرنگمان بڵاوکردەوە، ئەو چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز "رابە خانم" دوا خێزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک بووە کە لەم چاوپێکەتنەدا، بۆ یەکەمجار هۆی مردنی نەمر حەسەن زیرەک روون بووەوە و ئەوە ئاشکرا بوو کە ساواک ئەو هونەرمەندەی دەرمانخواردوو کردووە، بەو هۆیەوە پاش نەخۆشییەکی دوو ساڵە و بێ چارەسەری، دواجار لە رۆژی ١٩٧٢/٢/٢٦ سەدەی رابردوو ئەم هونەرمەندە مەزنەی کورد دەگاتە کاروانی شەهیدان و لە تەمەنی پەنجا ساڵە و شەش مانگی دا ژەهر کوژ دەکرێ:



زیرەک لەسەردەمی رادیۆی بەغدا

ئەوەی لەم نووسینەدا دەمەوێ هەڵوێستەی لەسەر بکەم و بەچەند خاڵێک روونی بکەمەوە، ئەوە "جیهانی بوونی هونەرمەند حەسەن زیرەک"ـە، چۆن من لەم ماوەیە دا و لەم نووسینانەدا چەند جارێک نووسییومە "حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی جیهانی"یە لە کاردانەوەی ئەم دەستەواژەیە، لەم رۆژانەی رابردوو برایەکی خۆشەویست و رۆشنبیرم گلەیی لەسەر ئەم "جیهانی بوون"ـە هەبوو، گووتی: راستە حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە! بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە! کە هونەرمەندێکی جیهانییە!!
ئەوەش لە بیرنەکەین زیرەک هونەرمەندێکی نەخوێندەوار بوو!!
جامن بۆ وەڵامی ئەو برا بەڕێزەو بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەش کە لەسەر ئەو رایەن، ئەوا لێرەدا بە چەند خاڵێک رای خۆم لە بارەی جیهانی بوونی هونەرمەند حەسەن زیرەک روون دەکەمەوە:
سەرەتا بۆ جیهانی بوونی هەر هونەرمەندێک، دوو خاڵ پێویستە:.
یەکەم: ئەو هونەرمەندە کارێکی کردبێ، کە پێشتر کەس نەیکردبێ!
دووەم: ئەو هونەرمەندە هونەرەکەی لە جیهان پێشوازی لێبکرێ و سنووری وڵات و نەتەوەی خۆی بڕیبێ!
هەریەک لەم دوو خاڵەش، ئەگەر بۆ هونەری هەر هونەرمەندێکی هاتە پێشەوە، ئەوا ئەو هونەرمەندە جیهانییە و هیچ گومانێک هەڵناگرێ، چونکە بۆ هەریەک لەم دوو خاڵە چەندین مەرج پێویستە، تا ئەم دووخاڵە ببن بەواقیع. کەلێرە زۆر بە پێویستی نازانم، بچمە ناو وردەکاری مەرجەکانی ئەم دوو



زیرەک لەگەڵ تیپی مۆسیقا

خاڵەوە بەڵام، ئەوە دەڵێم: کە هونەرمەند زیرەک زۆر بەسەرکەوتوویی ئەم دووخاڵەی بەدەست هێناوە و زۆریش سەرکەوتووە لە بەدەست هێنانی مەرجەکانی بەجیهانی بوون! بە جیهانی بوونی هونەری زیرەک. جا من کە چەند جارێک نووسییومە، زیرەک هونەرمەندێکی جیهانییە، ئەوا جیهانی بوونی هونەری زیرەک لەم خاڵانەدا دەبینم.

یەکەم: زۆری ژمارەی گۆرانییەکانی زیرەک و زۆری "میلۆدی"یەکانی، هەموو ئەوانەی کە باسی زۆری ژمارەی گۆرانییەکانی زیرەک دەکەن، تا ئێستا هەر یەکەو باسی ژمارەیەک دەکات کە ژمارەکان لە "٤٠٠٠" چوار هەزار گۆرانییەوە دەست پێدەکات، تا دەگاتە "١٠٠٠" گۆرانی، واتە لە هەزار "١٠٠٠" گۆرانییەوە بۆ "١٥٠٠" هەزارو پێنج سەد گۆرانی بۆ "٢٠٠٠" گۆرانی و هەروەها "٣٠٠٠" گۆرانی و تا دەگاتە "٤٠٠٠" گۆرانی. جا ئەم ژمارانەش هەریەکێکیان بگری و هەریەکێکیان راست بێ بۆ زیرەک لە نێو هونەرمەندانی جیهان ئەم ژمارەیە، ریکۆرد شکێنە!

نووسەرو لێکۆڵەری مۆسیقا و دکتۆر "تۆفیق ئالتونچی" دەنووسێ:

- زیرەک یەکەمین هونەرمەند لە هەموو جیهان کە زۆرترین ژمارەی گۆرانی تۆمار کردووە- دیارە ئەم ژمارە زۆرەی گۆرانیش، زۆرترین ژمارەی داهێنانی تێدایە، هەروەها هونەرمەندێکی شارەزای مۆسیقا کە لە نەتەوەی فارس بوو، لە سەتەلایتی "کورد سات" گووتی: **هونەرمەند حەسەن زیرەک بەتەنیا خاوەنی "٢٠٠٠" دانە میلۆدییە!** لە کاتێکدا مامۆستای هونەرمەندی کوردو شارەزای مۆسیقا "**مەزهەری خالقی**"دەڵێ: **هەموو ئەوروپا "هەزار دانە میلۆدییان نییە!** کەوابێ هونەرمەند زیرەک، بەتاقی تەنیا دوو ئەوەندەی هەموو ئەوروپا میلۆدی هەیە، دیارە زیرەکیش کوڕی نەتەوەیەکە. هەر لەسەر قسەی مامۆستا مەزهەری خالقی کە خاوەنی "١٧٠٠٠" گۆرانی و میلۆدییە! جا ئەوە


**هونەرمەند مەزهەری خالقی**

سەیر نییە! کە زیرەک دەوڵەمەندی گۆرانی و میلۆدی بێت. چونکە کوڕی میللەتێکی دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندێکی بێ وێنەو بێ هاوتا لە گۆرانی و میلۆدی دا.


زیرەک

دووەم: هەر مامۆستای هونەرمەند مەزهەری خالقی دەنووسێ:
کاتێ لە رادیۆی کرماشان لەگەڵ مەرحوم حەسەن زیرەک پێکەوە کارمان دەکرد، رۆژانە سەدان نامە بۆ زیرەک دەهات، هەر لەم بارەیەوە "میدیای زەندی" گوێندەی رادیۆ و خێزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، باسی ئەو رۆژانە دەکات و دەنووسێ:
رۆژانە نزیکەی دوو هەزار نامە بۆ زیرەک دەهاتە رادیۆ و داوای گۆرانی زیرەکیان دەکرد، هەندێک لە خاوەن نامەکان "پارە"یان دەخستە نێو نامەکان و داوایان دەکرد، گۆرانی دڵخوازی خۆیان بۆ بڵاوبکرێتەوە، لە گۆرانییەکانی زیرەک، ئەم نامە زۆرە بۆ رادیۆ لەلایەن گوێگرەکانەوە، ئەگەر نیشانەیەکی هەبێ، ئەو نیشانەی سەرکەوتوویی و زۆری گوێگرو هەواداری زیرەکە، کە من تا ئێستا نەمخوێندۆتەوە و نەشم بیستووە، هونەرمەندێکی تر، چ کورد و چ غەیرە کورد، ئەم ژمارە زۆرەی نامەی بۆ هاتبێ! بۆ رادیۆ، پارەشیان خستبێتە ناو زەرفی نامەکە ئەگەر زەمەنەکەش لە بیرنەکەین، کە لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٢ی سەدەی رابردووە، جگە لەوەش زیرەک وەک هونەرمەندێکی کورد و هونەرەکەشی، لە نێو باری سیاسی و هونەری میللەتی کورد دابوو، ئەوە تەنیا رادیۆ بوو دەنگی زیرەکی بڵاو دەکردەوە، دەنا تەلەفزیۆن و شانۆو سینەما و رۆژنامە و گۆڤارەکان، هاوکار نەبوون، جگە لەوەی ئەو هونەرمەندە، فرسەتی گەڕانی وڵاتانی نەبوو، وەک هونەرمەندێک و بۆ ئاهەنگ و کۆنسێرت، ئەوەی هەبوو دەربەدەری بوو لە نێوان ئێران

و عێراق و بە شێکی ئەم دەربەدەرییەش گرتنی نێو بەندیخانەکان بوو، پۆلیسی عێراقی پاش گرتنێکی زۆرو ئازار دانێکی زۆر لەگەڵ هەموو بێ گوناهییەکەی، پۆلیسی عێراق بەگیراوی دەیداتەوە دەست پۆلیسی ئیران و پۆلیسی ئیرانیش لەگەڵ هەموو بێ گوناهییەکەیەوە دەیانخستەوە نێو بەندیخانەی ئێران و ئەوەی پۆلیسی عێراقی پێیان نەکردبوو، ئەوان بە زیادەوە پێیان دەکرد. ئەو هونەرمەندە جیهانییە، ئاوا پۆلیسی پێشوازییان لێ دەکرد نەک نێوەندە هونەری و حکومەت و میللەت!!؟

سێیەم: گەرووی زیرەک، زیرەک ئەگەر هونەرمەندێکی گەورە بوو، ئەوا خاوەنی **"گەرووێکی تایبەت"**یش بوو، ئەوەتا، بەڕێز **"رابەخانم"**ی خێزانی زیرەک باسی ئەوە دەکات، کە پاش مردنی زیرەک، کۆمەڵێکی ئەمریکایی دێن و دەیانەوێ لاشەی زیرەک بکڕن و گەرووی فەحس بکەن و بزانن ئەو گەرووە، تایبەت مەندییەکەی لە رووی زانستیەوە لەچی دایە.

دیارە ئەم هاتنەی پسپۆڕە ئەمریکاییەکان هەروا بەخۆڕایی نەبووە و پێشتر ئاگاداری هونەری زیرەک بووینە و بەهۆی دەنگ و گۆرانییەکانییەوە، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە گەرووی زیرەک، گەرووێکی جیایە لە گەرووی هونەرمەندانی تر، دەنا بۆچی لە وێوە دەهاتن و لە شارێکی بچکۆڵەی وەکو بۆکان ئامادەبوون پارەیەکی یەکجار زۆر بدەن تا لاشە یان گەرووی زویرەکیان دەست کەوێ! دیارە لە سایەی دەنگ و ئاوازی زیرەک گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە گەرووی زیرەک گەرووێکی جیایە، لە گەرووی هونەرمەندان و کەسانی تر. بەداخەوە ئەو پسپۆڕە ئەمریکاییانە لە سەردەمی ژیان و زیندوویێتی زیرەک نەهاتوون، بۆ ئەوەی زیرەک خۆی هەست بەم گرنگی پێدانە بکات و دڵنیام کە زیرەک، رایەکی جیاوازی دەبوو، لە رای بەڕێز "رابە خانم"و هەموو ئەوانەی کە لێنەگەڕاون، گەرووی زیرەک بکەوێتە دەست ئەو زانایانە و پشکنینی زانیستیانەی بۆ بکرێ، کە بەدڵنیاییەوە گەرووی زیرەک جیابوو لە گەرووی کەسانی و تر و هونەرمەندانی تر، چۆن ئەوەتا زیرەک لە سەردەمی نەخۆشی و لاوازی دا لە وەڵامی ناسیارێکدا دەڵێ: **من نەخۆشییەکەم ئەوە تا لە نێو سک و هەناوم دایە، دەنا گەرووم ئێستاش وەک کوڕێکی پازدە بیست ساڵە گۆرانیت بۆ دەڵێم!** بەڵێ! گەرووی زیرەک گەرووێکی جیاواز بوو، گەرووێکی

جیهانی بوو، چۆن مێشکی ئەنیشتایین: مێشکێکی جیاواز بوو لە مێشکی کەسانی ئاسایی، لەسەر قسەی زاناکان ئەوانەی کە مێشکی ئەنیشتاینیان پشکنیوە. دیسان بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: ئەگەر گەرووی زیرەک بکەوتبایە دەست زاناکان و ئەویش پشکنینی زانستیانەی بۆ کرابوایە، ئەوا بێشک زاناکان بەلێکۆڵینەوەی زانستی دەگەیشتنە ئەو رایەی کە: گەرووی زیرەک گەرووێکی جیایە، لە گەرووی خەڵکی ئاسایی و گەرووێکی تاقانەیە و گەرووێکی جیهانییە. هەر ئەم هاتنەی پسپۆرانی ئەمریکایی و هەوڵدان بۆ بە دەست هێنانی لاشەو گەرووی زیرەک، بۆ پشکنین! خۆی بەڵگەی گرنگی و جیایی گەرووی "زیرەک"ە لە گەرووی کەسانی تر، دەنا رۆژانە بێ ژمارە خەڵک دەمرن و هونەرمەند دەمرن لە هەموو جیهان، کەچی


د. محەمەد سدیق موفتی زادە

هەر ئەو زانا و پسپۆڕانە داوای لاشە و گەرووەکانیان ناکەن.

پێنجەم: نەخوێندەواری زیرەک، وەک ئەو برا بەڕێزەم گووتی و زۆری تریش، نەخوێندەواری زیرەک بە عەیب و کەم و کورتییەک بۆ زیرەک ئەژماردەکەن، کەچی من بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڕێزانە، نەخوێندەواری زیرەک بە شانازییەک دەزانم بۆ زیرەک، چونکە نەخوێندن و بێ بڕوانامەیی زیرەک نەبۆتە هۆی ئەوەی کە هونەرەکەی هیچ کەم و کورییەکی هەبێ، هەر ئەم نەخوێندەوارییەی زیرەک، کە خاوەنی ئەم هونەرە بەرزەیە، لێرە هەر نەخوێندەوارییەکەی خاڵێکی گرنگی بە جیهانی بوونی زیرەکە.

وەک بەڕێز دکتۆر "محەمەد سەدیقی موفتیزادە" **دەنووسێ "زیرەک لە هونەر هیچی کەم نەبوو!"** ئەوەتا "رابە خانم" خێزانی بە وەفای زیرەک، زۆر بە سادەیی و زۆر بەزانایی دەڵێ: **"راستە زیرەک بێ سەواد بوو، بەڵام زۆر باسەواد بوو"** بەڵێ: نەخوێندوار بوو، بەڵام، بەڕاستی خوێندەوار بوو! ئەگەر خوێندەواری مەرجی بەرهەمداری و داهێنان بێ، ئەوا داهێنان و زۆری بەرهەمی زیرەک، مەرجی

خوێندەوارییەکەیەتی، ئەگەر هەموو بڕوانامەیەک نیشانەی زانایی و رۆشنبیری خاوەن بڕوانامەکە نییە! ئەوا نابێ، هەموو نەخوێندەواری و بێ بڕوانامەیەکیش نیشانەی نەزانی و بێ بەرهەمی بێت، ئەوەتا زیرەک بەنەخوێندەواری خۆی، ئەوەی سەلّماند کە بۆ داهێنان، هەر تەنیا خوێندەواری و بڕوانەمە مەرج نییە! لێرەش زیرەک بەنەخوێندەواری خۆی و بە زۆری و بێ رکابەری بەرهەمیش، جارێکی تر دەبێ بەکەسێکی بێ هاوتاو بێ وێنەو.
دەبێ بە کەسێکی جیهانی، زیرەک کورد بوو!! زیرەک بێ کەس و دەربەدەر بوو!! دەنا زیرەک بە زیاتر لە جارێک و زیاتر لە دەرگایەک دەچووە نێو کتێبی "گینس"ی جیهانی. ئەوکاتە دەبوو بە یەکەمین کورد و یەکەمین



زیرەک سەرکردەی شۆڕشێکی هونەری کوردی تایبەتە

هونەرمەند، کە زیاتر لە جاریک دەچێتە نێو کتێبی گینسی جیهانی و بێ ئەوەی مافی کەس بخواو رکابەری هەبێ.
شەشەم: زیرەک لە ژیانی پڕ کوێرەوەری و دەربەدەری خۆیدا، لە سایەی لێهاتوویی و سەرکەوتوویی هونەرەکەی، هەنگاوی باشی بڕیوە لە بەجێهێانی بوونی هونەرەکەی خۆی، زیرەک بێ ئەوەی تیپێکی مۆسیقای لە پشت بێ، بێ ئەوەی دەزگایەکی هونەری لەپشت بێ، بێ ئەوەی عەشیرەتێک حزبێک و حکومەتێکی لە پشت بێ، لە سەردەمی ژیانی خۆی بەهۆی رەسەنی و پڕ داهێنانی هونەرەکەی سنووری کوردستان و عێراق و ئێرانی بڕی و گوێگری کوردو فارس تورک و عەرەب و ئەرمەن و زۆری تریشی بۆ خۆی پەیداکردوو

دەنگی گەییشتە رادیۆ جیهانییەکانی وەکو "دەنگی ئەمریکا" و "مۆنتیکارلۆ" و زۆر نێوەندی تر، ئەگەر بۆ هەموو ئەمانە کەس پشتگیری نەدەکرد ئەوا بێ شک پێشگرو رێگری زۆریشی هەبوو، ساڵی ١٩٦٦ کە دێتەوە عێراق، لە رادیۆی بەغدا، تاقی دەکەنەوە بۆئەوەی وەک گۆرانیبێژ وەری بگرنەوە، کەچی دەری ناچوێنن و دەڵێن: دەنگت بۆ رادیۆ ناگونجێ، دەرگای بە روودا دادەخەن و هیچ گۆرانییەکی بۆ تۆمار ناکەن، لە کاتێکدا، چ لە سەردەمی بوونی خۆی سالآنی سەرەتای پەنجاکان هەتا ساڵی ١٩٥٨ رادیۆی بەغدا بەشێکی زۆری گوێگرەکان گوێگری هونەرمەند حەسەن زیرەک بوون، پاش ئەو ماوەیەش لە هەموو بەرنامەیەکی گۆرانی داواکراودا، لەو رادیۆیە، گۆرانی زیرەک زۆرترین داواکاری هەبوو، کەچی ئەمجارە دەست بە روویەوە دەنێن و نەگۆرانی بۆ تۆمار دەکەن نە وەک هونەرمەندێک لە رادیۆ وەری دەگرنەوە، پاش ئەو دڵشکاندن و بێ هیواکردنە، لە عێراق کە دەگەڕێتەوە ئێران، لەوێش، ئەو رادیۆیەی کە لە سایەی دەنگی زیرەک دامەزراو گوێگری زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد، هەر ئەو رادیۆیە، ئەویش دەست بەرووی زیرەکەوە دەنێ و نەوەک کارمەندو نەوەک هونەرمەند وەری دەگرنەوە و نەگۆرانی بۆ تۆماردەکەن، لێرەوە شکستێک و بەدبەختییەکی تر یەخەی زیرەک دەگرێ و تامردن یەخەی بەری نادا.

حەوتەم: زیرەک لەڕووی "**دەنگ**" و "**ئاواز**" و "**گوتن**"دا داهێنەرێکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، بەداخەوە لەڕووی زانستی مۆسیقی ئەو تایبەتمەندییە، بۆ کێومالْکردنی هەموو گۆرانییەکانی زیرەک نەکراوە، کە بەڕای من وەک گوێگرێک دەنگی زیرەک- ئاوازەکانی زیرەک لە"سێ"خانەدا کۆدەبنەوە:

**یەکەم:** ئەو ئاوازانەی کە زیرەک گوتووینەتییەوە، چ فۆلکلۆری خۆمان چ ئاوازی بیانی چ ئاوازی کەسانی تر، زیرەک بەشێوەیەکی زیرەکانە گوتوویەتییەوەو مۆرکی خۆی لێداون و ئێستا بە ئاوازی زیرەک دەناسرێن، ئەمەش هێزێکە لە هێزەکانی داهێنان.

**دووەم:** زیرەک هەندێک ئاوازی داهێناوە، لەئاستی داهێنراوەکانی هونەرمەندانی ترن، بەڵام، ئاوازی تایبەتی زیرەکن.

**سێیەم:** زیرەک هەندێک ئاوازی داهێناوە، کە ئاستی بەرزی داهێنانەکانی هونەرمەندانی دیکەی کورد و غەیرە کوردی بەزاندووەو چووەتە ئاستی

داهێنانی جیهانی. كە ئەم سێ تایبەتمەندییەو لەنێو ئەم ژمارە زۆرەی گۆرانییەكانی زیرەك، پشتگیرییەكی گەورەیە بۆ بەجیهانبوونی هونەری زیرەك و زیندوو مانەوەی دەنگی زیرەك.

هەشتەم: هونەرمەند حەسەن زیرەك بەو هەموو تایبەتمەندییە هونەرییەی كە هەیەتی پێویستە وەك مافێكی خۆی بچێتە نێو كتێبی "گینس"لێرەوە تكا لە هونەرمەندی ناسراوی كورد مامۆستا"ع.ج. سەگرمە"و هەموو ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەی لەڕووی زانستی هونەرەوە كاریان لەسەر هونەری زیرەك كردووەو دەنگیان بكەنە یەك و بەڵگە زانستییە هونەرییەكان كۆبكەنەوەو لەڕێگای یاسای هونەری جیهانی داوای ئەوە بكەن، كە زیرەك وەك خاوەن تایبەتمەندییە نەوازەكان- ئەگەرچی درەنگیشە، بەڵام بچێتە نێو كتێبی "گینس"ی جیهانی و جێگای شیاوی خۆی بگرێ.

لێرەوە لە نێو ئەم ژیانە پڕ لە دەربەدەری و بێ كەسی و بێ جێگاییەی زیرەك، زیرەك لە دوولاوە هەنگاوی زۆرو باش ناوە بۆ بەجێهانی بوونی هونەرەكەی!

-١ هونەری زیرەك هەموو مەرجەكانی جیهانی بوونی تێدایە، لەرووی هونەری مۆسیقاو شیعرو ناوەرۆكەوە، بە "ئاواز" و "دەنگ" و "گوتن" و ژمارەی زۆر داهێنانەوە، ئەوەش لەبیر نەكەین كە زیرەك بە "كوردی و فارسی و توركی"یش گۆرانی گووتووە و ئەمەش یارمەتیدەرێكی باشە بۆ نێو نەتەوەیی بوونی، هونەری زیرەك، وەك ئەوەی دەربەدەری زیرەك لە نێوان عێراق و ئێران و بڵاوبوونەوەی دەنگی لە هەموو ئەو وڵاتانەی كە كورد و توورك و فارسی تێدایە جارێكی تر یارمەتی دەرە بۆ نێو دەوڵەتی بوونی هونەری زیرەك، ئەوا جگە لە هەواداران و گوێگرانی نێو نەتەوە وڵاتانی تر: هەروەها چاولێكردن و گووتنەوەی ئاوازی زیرەك لە لایەن زۆر هونەرمەند و مۆسیقا كارانی نەتەوە و وڵاتە جیا جیاكانی رۆژهەڵات و ئاسیا و جیهانیش.

-٢ حەسەن زیرەك یەكەم هونەرمەندە، كە لە نێوەندی ئەدەبی و هونەریدا هێزێكی بزوێنەرەو تائێستا- هێندەی من ئاگادار بم- زیاترە لە ١٥ كتێبی جیا جیای لەبارەوە چاپكراوە، جگە لەوەی سەدان وتارو لێكۆڵینەوەی لەبارەوە لە رۆژنامەو ماڵپەڕ و گۆڤارەكاندا بڵاوكراوەتەوە، دیسان بە

سەدان بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی بۆ سازکراوەو دەیان کۆڕ و سیمیناری بۆ گێڕدراوە، هەروەها لە ئینتەرنێت دەیان ماڵپەڕ و بەشە ماڵپەڕ بۆ زیرەک لە پەنای زیرەک دانراوە بازاڕیان گەرمە.
٣- زیرەک یەکەم هونەرمەندە کە زۆرترین چاولێکەر و لاسایی کەرەوەی خۆمانی و بیانی هەیەو بەردەوامیش لەزیادبووندان، هەندێ لەو لاسایی کەرەوانەی زیرەک دواجار هونەرمەندی ناوداریان لێ هەڵکەوتووە.
٤- هەر لەسایەی هونەری زیرەک، لە کوردستان خەڵکێکی زۆر ناویان لە کوڕەکانیان ناوە زیرەک، جگە لەوەی هەر بە خۆشەویستی زیرەک، ناوی"زیرەک" بۆ سەدان شوێن و تیپ و دەستە بەکارهاتووە.
-٥ پاش ئەم هەموو ساڵە ئێستاش گۆرانییەکانی زیرەک، لەکۆی بڵاوکردنەوەی کاسێت و سیدی بازاڕو رادیۆو تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕەکانەوە، زیرەک لە پێشی پێشەوەی هەموو هونەرمەندانی کوردستانە.
٦- لەو رۆژەوە زیرەک هاتۆتە نێوەندی هونەری، بەشێکی گرنگ و باشی بازاڕی هونەری و ئابووری هونەری لەسەر ناوو هونەری زیرەک دەگەڕێ و زۆر کەس نانیان لەسایەی هونەری زیرەک دەست دەکەوێ.
٧- پێداگری و پڕ داهێنانی و زۆر بەرهەمی زیرەک سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکانی ژیان، ناو و دەنگی زیرەکی گەیاندە زۆر نێوەندی هونەری و راگەیاندن و زۆر



شادم بەشادی براو گەل و هۆز    براو رەفیقم جەژنتان پیرۆز

پسپۆڕ و شارەزایی نێو دەوڵەتان و نێو نەتەوان، ئەمانە هەمووی زیرەک بە تاکە کەسی و بەهەژاری و بەدبەختی کردوویەتی، ئەوەی ماوەتەوە و ئەمڕۆ لەسەر میللەتی کورد و نێوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکانی کورد پێوستە بیکەن، تەنیا کارکردنە، بۆ بڕینی شریتی ئەم بە جیهانی بوونەی هونەرمەند حەسەن زیرەک. هونەرەمەند حەسەن زیرەک، تەنیا کەسە کە لەگەڵ هەموو ئەو نەخوێندەوارییەی کە هەیبوو، پسپۆڕان و شارەزایانی مۆسیقای کوردی کورد و غەیرە کورد هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە و کاریان لەگەڵ کردووە و ئەوانەش لە دوورەوە دەنگیان بیستووە، بە هەموو قەناعەتەوە، حەسەن زیرەک بە مامۆستا "**استاد**" و "**عەبقەری**" و "نابغە" و "**ئەعجوبە**" و"**ئەفسانە**" و "**کەم وێنە**" و "**بێ وێنە**" و "**دووبارە نەبووەوە**" ناوی دەبەن و لەو ناو هێنانەشدا دوو دڵ نین، ئەمە لە کاتێکدا هێشتا لێکۆڵینەوەی زۆر و هەمە لایەنە لە رووی "**هونەر**" و "**داهێنان**" و "**تایبەتمەندی**"**یەکانی** "**ئاواز**" و "**دەنگ**" و "**گوتن**" و "**شیعر**" و "**هونەرەکانی شیعری گۆرانی**" کە هەریەک لەمانە تایبەتمەندی"زیرەک"انەی خۆیان هەیەو زۆری ترماون هێشتا پەی پێ نەبردراوە، ئەوا چەندساڵێکی تر و پاش لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی و نووسینی چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر لایەنە جیا جیاکانی هونەری زیرەک- زیرەکی نەخوێندەوار- بۆمان روون دەبێتەوە، میللەتی کورد خاوەنی چ قوتابخانەیەکی بێ وێنەو تاقانەی دەوڵەمەندە، دەوڵەمەند لە سایەی زیرەکی بێ جێ و بێ کەس!! ئاوارەو دەربەدەر و هەژارو نەخوێندەوارە!!
لە داهاتوودا، زۆر کەس نامەی ماستەرو دکتۆرا لەسەر کارەکانی زیرەکی نەخوێندەوار وەردەگرن و پسپۆڕی لە هونەرو ئەدەبی زیرەک پەیدا دەکەن! پسپۆڕی لایەنێکی ئەو هونەرو ئەدەبە، نەک هەموو لایەنەکانی بەرهەمی زیرەک، چونکە بەرهەمی زیرەک بەرهەمێکی زۆرو هەمەلایەنە، لە توانای تەنیا کەسێک و تەنیا پسپۆڕێکدا نییە! بتوانێ لێکۆڵینەوەی زانستی لە تەواوی بەرهەمی زیرەکدا بکات. هەربۆیە لە داهاتوودا زۆرکەس دەبنە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای ئەکادیمی لە سایەی بەرهەمەکانی زیرەکی نەخوێندەوار و هەر یەکەی لە روویێکەوە دەبن بە زیرەکناس.
کە دەشنووسم، لەلایەنی ئەدەبی و هونەری زیرەک، مەبەستمە بڵێم: چۆن زیرەک لە هونەری مۆسیقا و دەنگ داهێنەرە! ئەوا بەهەمان شێوە لە

رووی ئەدەبیشەوە داهێنەرە، زۆربەی هەرە زۆری شیعری گۆرانییەکانی دانانی خۆیەتی و هەموو ئەوانەش کە فۆلکلۆرن و گووتوو نییەتەوە ئەوە، مۆرکی رەسەنی خۆی لێداون و ئێستا هەموو شیعرەکانی گۆرانییەکانی زیرەک، بە شیعری زیرەک دەژمێردرێن، جگە لەوەی کە کتێبی "**چریکەی کوردستان**" بەبێ هەموو دوو دڵیەکەوە، دەبێ بە "دیوانە شیعری" زیرەک بژمێردرێ و زیرەک وەک "شاعیرێک" و خاوەن "دیوانە شیعر" هاتووەتە نێو ئەدەبی کوردی، چ ئەو شعیرە دوور و درێژەی، کە باسی ژیانی خۆی دەکات لە منداڵیەوە، تا گەڕانەوەی بۆ ئێران پاش ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق، چ ئەو شیعرەی کەباسی ئامێرە مۆسیقییەکان و ئاوازە کوردییەکان دەکات، کە جگە لەوەی هەریەک لەم بابەتانە، بۆ خۆی بۆ ئەوکات زۆر نوێن لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ هونەرمەندێکی نەخوێندەواری وە زیرەک، دەبن بە بەرهەمی شیعری، کە ئەم کتێبی "**چریکەی کوردستان**"ـە کە لە ساڵی ١٩٦٦ زیرەک بڵاوی کردۆتەوە، لە زۆر رووەوە لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێ، ئەوە جگە لەوەی کە زیرەک لەم شیعرە ژیاننامەیەدا، باسی ژیانی خۆی دەکات، ئەوا لە هەمانکاتیشدا ئاوێنەیەکی ئەو رۆژگارەی کوردەوارییە بۆ ناسینی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو جوگرافیایەی کە زیرەک لەو ماوەیەدا تێیدا سوڕاوەتەوە. گرنگترین خاڵێک کە بمەوێ لێرەو لە باسی شیعرە ژیاننامەکەی "زیرەک" دا باسی بکەم، ئەوا خاڵی "ئیعتیرافات" واتە "دانپیانان" کە زیرەک چ لە چریکەی کوردستان و چ لە نووسینەکانی **میرزا کەریم خۆشناو** و چ لەو قسەکردنانەی نێو کاسێتەکان، بە زۆر بڕوا بەخۆبوونەوە، لە چەند جێگایەک بە زمانێکی رەوان دان بە کارەکانی خۆی دادەنێ و دان بەوەش دادەنێ کە لە بەندیخانەکاندا پێیان کردووە، هەر ئەم دێرە شیعرەی زیرەک، کە حیکمەتێکی زیرەکە و لەو ژیانە پڕ لە ناخۆشی و دەربەدەرییەکەی خۆی بەدەستی هێناوە، سەیرکە چەند راستگۆیانە و ئازایانە دەفەرمووێ:

**کێ بێ گــــەورە، کـە بـەرەڵڵابێ**
**وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ**

ئەو دانپێدانانەی زیرەک، داهێنانێکی زیرەکە و تا ئێستا هیچ کەس لە کورد لەوانەی کە باسی ژیانی خۆیان کردووە، وەکو هونەرمەند "حەسەن زیرەک" نەیانتوانیوە ئاوا بێ دەمامک و زمان رەوان واقیعی ژیانی خۆیان باس بکەن، بەڵکە زۆربەیان ژیانێ خۆیان وەکو "پاڵەوان" و "فریشتە" وێنا دەکەن، ئەوا زیرەک بەزاری خۆی دەفەرمووێ: "من ژیانی خۆم ئاوا بردۆتە سەر" لە کۆتاییدا بەبێ دوو دڵییەوە دەینووسم و دەیڵێم! زیرەک، کەسایەتییەک و هونەرمەندێکی بێ وێنەیە و داهێنانەکانی زۆر لە وەزیاترەکە بیکات بە هونەرمەندێکی جیهانی، بەڵام، ئەوە هەر "زیرەک"ە دەتوانێ بەجوانی باسی خۆی و هونەرەکەی بکات! دەفەرمووێ: **"هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو! چۆن کورد بووم و بە کوردی قسەم دەکەم"** ئەوانەی کە لە نزیکەوە زیرەک دەناسن و لە ئێران ئاگاداری ژیانی ئەو هونەرمەندەن! باسی ئەوە دەکەن، کە فارسەکان زۆرجار داوایان لە زیرەک کردووە، بە سەبکی فارسی و بە فارسی گۆرانی بڵێ! کەچی زیرەک ئەمەی نەکردووە، تۆ بیهێنەوە بەرچاوت ئەگەر زیرەک وەک کەسانی تر کە بە فارسی و عەرەبی و تورکی گۆرانیان گوتووە، ئەویش بە فارسی گۆرانی گوتبا! ژیانی ئاوای بەسەر نەدەهات!؟ بەڵام! زیرەک بە ئاگاداری و راستگۆییەوە عاشقی کورد و کوردستان و سروشت و کلتوورەکەیەتی و دڵسۆزانە خزمەتی دەکاو قوربانی بۆ دەدات. بەداخەوە! ئەمڕۆکەش، کە ئەوا سی و هەشت ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە نەخوێندەوارەدا تێدەپەڕێ، لەگەڵ هەموو خراپ و نارێک بەکارهێنانی گۆرانییەکانی زیرەک، لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە! هێشتا دەنگی زیرەک، هونەری زیرەک، لە ریزی پێشی پێشەوەی هونەری کوردییەو ئێستاش سەرقافلەی بێ رکابەرە، کەچی هێشتا خەڵکانێک هەن، هەموو زانیاری و ئاگادارییەکیان لە بارەی ژیانی زیرەک، لە "رستە" و "دەستەواژە"یەکی ناشیاوگیر بووەو ناتوانن خۆیان لەو خراپ تێگەیشتنە لە کەسایەتی زیرەک و هونەری زیرەک رزگار بکەن و چۆن زیرەک چ وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی خۆی وەکو خۆی ناساندووە و راستگۆو سەربەرزیشە لەو خۆناساندنە! ئاوابناسن! دێن سەرپێیانەو لاسەنگانە بەو رستەو دەستەواژە دوژمنکارانە باسی زیرەک دەکەن و خۆ لەو هەموو جوانی و داهێنانە دەبوێرن، کە زیرەک هەر

خۆی و بێ هەموو یارمەتییەک و لە نێو ژیانێکی دۆزەخ ئاسادا بەرهەمی هێناون، دەچن لە سەر ئەو چەند خاڵە دەوەستن، کە دەسەڵات و کۆمەڵگە و رۆژگار زاڵمانە بەسەر "زیرەک"ی داهێناوە! بەڵێ وەک "گۆران"ی مەزن دەفەرمووێ! **"لەنێو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار، وەک عەکسی قەمەرِ وایە لەنێو گۆمێکی لێخندا."** ئەوانەی کە بڕیاری سوتاندنی گالیلۆیان دا، پاش سێ سەدە میراتگرەکانیان، پەشیمان بوونەوە و داوای لێبوردنیان لێ کرد!!
تۆ بڵێی زیرەک کوژەکان رۆژێ بێت پەشیمان ببنەوە و دان بە تاوانی خۆیان دابنێن و داوای لێبوردن لەگیانی زیرەک بکەن!



**زیرەک**

**تێبینی:**

-١ هونەرمەندێکی گەورەی وەک "حەسەن زیرەک" لەگەڵ ئەم هەموو بەرهەمە زۆرو نایابەی کە هەیەتی، سەدجار بەداخەوە "رادیۆ" و "تەلەفزیۆن"ەکان و "سەتەلایتەکان"هیچ بەرنامەیەکی هونەری و شیاو یان نییە، بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانییە خۆش و جوانەکانی زیرەک، زۆر کەم گۆرانییەکانی زیرەک بڵاودەکەنەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ژمارە کەمەش، لە هەڵبژاردنی گۆرانییەکان هیچ خوێندنەوەیەک بۆ کات و جۆری گۆرانییەکە ناکەن، چۆن زیرەک دوو جۆرە تۆمارکردنی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە رادیۆکانی بەغدا و تاران و کرماشان و تەورێزو مهاباد تۆماری کردوون و ئاستی تۆمارکردنییان بەرزە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە لە رادیۆکاندا هەبووە، تۆماری دووەم ئەو گۆرانییانەیە کە زیرەک لە بۆنەو دانیشتنەکاندا و لە دانیشتنی تایبەت تۆماری کردوون. جا هەر بۆیە هەڵبژاردنی جۆری گۆرانی و کاتی گۆرانی، بۆ گۆرانییەکانی زیرەک زۆر پێویستە، بۆ نموونە! ئەو گۆرانییانەی کە گەرم و پڕن لە خۆشەویستی ژیان، بە بیستنی ئەم گۆرانییانە گوێگر دڵگەرمتر دەبێ بۆ کارو بۆ ژیان، هەندێک لە گۆرانییەکانی زیرەک، گۆرانی خەماوی و گریاناوین و پێویستیان بەکاتی تایبەت و رۆژانی تایبەت هەیە. بەڕای من تەواوی گۆرانی و میلۆدییەکانی زیرەک دەکرێ بەسەر بیست و چوار سەعاتی شەو و رۆژ و هەفتە و هەر چوار وەرزی ساڵ دابەش بکرێن، ئەگەر لێکۆڵینەوەی دەروونی و سروشتی وردیان بۆ بکرێ.

-٢ ئەو "کاسێت" و "سیدی"یانەی کە تۆمارگاکان بڵاویان دەکەنەوە، زۆر نارێک و بەربادن و زیانێکی زۆر بە هونەری زیرەک دەگەیەنن، چۆن تێکەڵکردن و خراپ تۆمارکردن و بڕینی گۆرانی لە ناکاو و زۆرکاری تر کە زەوقی گوێگر تێکدەدەن و زیان بە هونەری بەرزی زیرەک دەگەیەنن. بۆیە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری مەرجی هونەری هەبێ و کەسانی پسپۆر چاودێری ئەم جۆرە تۆمارکردنانە بکەن و کەسانی سەرپێچی کار سزا بدەن و ئاستی هونەری تۆمارکردنی گۆرانییەکانی زیرەک و هەموو هونەرمەندان بپارێزن.

-٣ ئەوەی کە زۆر کارێکی جوان و شیاوە و خزمەت بە هونەری هونەرمەندی



**مامۆستا عەبدوڵا جەمال سەگرمە**

كورد زیرەک دەكات، كاری مامۆستای دڵسۆز و پسپۆر لە مۆسیقای كوردی **مامۆستا ع.ج سەگرمەیە** و لە دڵەوە دەست خۆشی لێدەكەم و هیوادارم، بەردەوام بێت لەسەر ئەم خزمەتە جوانە.

٤- دیسان ئەو كارەی كە "**ئەنیستیوتی كەلەپووری كورد**" لە سلێمانی بۆ هونەرمەندانی كوردی كردووە و رەونەقێكی تازەی داوە بە كارەكان و لە نێوان كارەكاندا.هونەرمەند "**حەسەن زیرەک**"یش كاری تایبەتی بۆ كراوەو هەشت دانە "سیدی" یان بەشێوەیەكی شیاو لە پاكەتێكدا كۆكردۆتەوە و ژیانێكی تازەیان وەبەر گۆرانییەكاندا كردووتەوەو زۆر شارەزایانە و هونەرمەندانە ژمارەیەكی زۆر لە گۆرانییەكانی رۆژانی زووی هونەرمەند "حەسەن زیرەک" یان خستۆتە بەر دەستی نەوەی نوێ و ئاشقانی دەنگی ئەم هونەرمەندە. من لێرە خۆزگە دەخوازم و تكایان لێ دەكەم، بە تایبەت مامۆستایانی هونەرمەند، مامۆستا "**مەزهەری خالقی**" و مامۆستا "**ع. ج سەگرمە**" كە وەختی زۆرتر بۆ بەرهەمەكانی زیرەک تەرخان بكەن، چونكە ئەم كارە هەر لەو بەڕێزانە دەوەشێتەوە. لەگەڵ دنیایەک سوپاس و دەست خۆشیم بۆ ئەم نێوەندە و مامۆستایانی سەرپەرشتیكار و تەواوی دڵسۆزانی كاركەر لەم "ئەنیستیوتی كەلەپووری كورد"یە، كە بەراستی كارێكی شیاوە لەوەختی خۆیدا دەكەن.

## چاوپێکەوتنێکی گرنگ و مێژوویی لەگەڵ رابیعەخانم خێزانی هونەرمەندی گەورەی کورد و جیهانی نەمر حەسەن زیرەک

# چاوپێکەوتنێکی گرنگ و مێژوویی لەگەڵ رابیعەخانم خێزانی هونەرمەندی گەورەی کورد و جیهانی نەمر حەسەن زیرەک

## ژیان و مردنی زیرەك لە دەمی رابەخانمی خێزانییەوە



چاوپێکەوتن: د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم ئەڵقەی "**حەسەن زیرەک: ژیانێک پڕاوپڕ لە داهێنان. لێوانلێو لە دەربەدەری!؟** لە ژمارە ١٤٢ی رۆژی ٢٠١٠/٦/٨ هەفتەنامەی بەدرخان کاک عومەر عەزیز لە بارەگای دەزگای بەدرخان گوتی: دکتۆر دەزانی رابەخانمی خێزانی زیرەک لێرەیە. گوتم: لە هەولێر؟ گوتی: بەڵێ هەولێر. گوتم: بەمیوانی هاتووە؟ گوتی: نەخێرماڵی لێرەیە. گوتم: دەکرێ بیبینین؟ گوتی: هەوڵدەدەم.

ماوەیەکی زۆرە پرسیارێک وێڵی کردووم و بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێم، هەرچەندە خۆم بە خوێندنەوە و لێکدانەوە، لەبارەی ژیان و مردنی زیرەک،

هەنگاوێکی باشم بڕیوەو لە وەڵامی دروست تەواو نزیک بوومەتەوە، بەڵام کێ هەیە لە "رابەخانم"ی خێزانی بەوەفای هونەرمەند حەسەن زیرەک چاکتر و راستتر وەڵامی دروستی ئەو پرسیارەی لابێت! هەر بۆیە پاش ئەوەی کاک عومەر دڵنیای کردم، کە ئەو خانمە لە هەولێرەو هەولێش دەدات چاومان پێی بکەوێ، بەردەوام خەیاڵم لای رابەخانم بوو و دەستم لەسەر دڵم بوو، تۆ بڵێی ئەم چاوپێکەوتنە سەربگرێ، هەر جارێکی کاک عومەرم دەبینییەوە دەمگوت: چیت کردەوە؟ خوا هەقە ئەویش لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکەی زۆر دڵسۆزانە بەدوای سەرگرتنی چاوپێکەوتنەکەوە بوون، بەڵام بەداخەوە باری تەندروستی "رابەخانم" کارەکەی دواخست، تا رۆژی ٢٠١٠/٧/١٨ کاک عومەر گوتی: دکتۆر رابەخانم وەڵامی ناردووەو گوتوویەتی: سبەی نا دووسبەی پاش نیوەڕۆ چاوەڕێتان دەکەم. هەواڵێکی زۆر خۆش و گرنگ و مێژوویی بوو، بەڵام سبەی نا دووسبەی پاش نیوەڕۆ بۆ من زۆر دوور بوو، دەستم لەسەر دڵم بوو، دڵم لەسەر ئاگر بوو، کات نەدەڕۆیشت.



سەعات پێنج و بیست دەقیقەی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١٠/٧/٢٠ لەگەڵ کاک عومەر بەرەو ماڵی خانمێک بەڕێکەوتین، خانمێک جیایە لە هەموو خانمەکانی دیکە، خانمێکە نهێنییەکانی ژیانی گەورەترین هونەرمەند و جیهانیترین هونەرمەندی کوردی لایە، رابەخانم خانمێکی ئاسایی نییە، خانمێکی مێژووییە.

لەرێگا هەرچی ئەو گۆرانییانەی زیرەک بە رابەخانمیدا هەڵگوتووە، هەمووی لەگوێمدا دەزرینگانەوە،

هەرچی میرزا كەریم خۆشناو لەبارەی ژنچاكی و بەوەفایی ئەو ژنە بۆ زیرەک نووسیبووی دەهاتنەوە بەرچاوم.
بەهۆی شارەزایی کاک عومەر پێچاوپێچێکی زۆرمان کرد، زۆر شەقام و کۆڵانمان بڕی، دواجار لەبەر دەرگای ماڵێک رامانگرت، کاک عومەر گوتی: دکتۆر ئەوە ماڵی رابە خانمە، لە دڵی خۆمدا گوتم: خودایە تۆ بکەی رابەخانم کرێچی نەبێ و ئەو خانووە هی خۆیان بێ! مخابن وادەرنەچوو، خانووەکە کرێ بوو، زۆر دەترسم رابەخانم دواخێزانی گەورەترین هونەرمەندی کورد ئەویش وەک حەسەن زیرەک، لە کرێچیاتیدا بمرێ!؟ کاک عومەر لەزەنگی دەرگاکەی دا، ژنێک لەوبەر گوتی: کاکە قایم لە دەرگاکە بدەن، زەنگەکە کارناکات و لەبەر دەنگی موبەریدەکەش رابەخانم نابیسێ، لەپڕ لە بەلەکۆنەکەی نهۆمی دووەم پیرە هەڵۆیەک گەردنی هەڵکێشا، چاوی بە ئێمە کەوت بە باڵخشاندن بە دیوارەکەوە لە پلیکانەکان دابەزی، زۆر بە گرانی دادەبەزی، دیاربوو رۆژگار کاری خۆی لەگەڵ رابەخانم کردبوو، هەستت دەکرد لەژێر بارێکی زۆر گراندایە، بەڵێ: باری گرانی ١١ ساڵ ژیان لەگەڵ زیرەک، باری گرانی نهێنییەکانی ئەو هونەرمەندە، جا کێ هەیە ئەوەندەی زیرەک نهێنی لەدڵدا بووبێ، بەخۆڕایی نەبوو، زیرەک بە چ حەسرەتێکەوە دەیگوت: **"سرێکە لە دڵما بیڵێم زمان دەسووتێ پەنهانی کەم نەیبێژم مێشک و ئێسقان دەسووتێ"** **وەک دواتر لە چاوپێکەوتنەکە رابەخانم بۆی باس کردین، گوتی: "من دوا خێزانی زیرەک بووم، زیرەک هەموو نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ باسکردووم".**
کە کۆتایی پلیکانەکان هات و دەرگای کردەوە، رابەخانم یەکسەر گوتی: شەرمەندە خۆم! بمبوورن کە درەنگ وەڵامم دانەوە، خوا ئاگادارە نەخۆش بووم. گوتم: رابەخانم وا مەڵێ گەورەیی تۆ لەوەدایە، کە دواجار دەرگای ماڵی خۆتت بە ڕوودا کردینەوە.
گوتی: لەخزمەتتانم، گوتم: بمانبوورە ئەزیەتمان دای، گوتی: بەخێربێن و فەرموون سەرکەون، هەرچیمان کرد رابەخانم پێشکەوێ، قبووڵی نەکرد، دواجار گەورەیی خۆی نواندو ئێمەی پێشەخۆی دا، ژووری میوان دەرگاکەی لەسەر پشت بوو، ژوورێکی زۆر سادە، بەڵام خاوێن و دڵگیر، ئەوەی لەهەمووان پتر سەرنجی رادەکێشاو بەرچاو بوو، وێنەیەکی زیرەک بوو لە بەرزی هەڵواسرابوو، وێنەکە ئەو وێنەیە بوو کە زیرەک سەری کوردانە پێچاوەتەوەو بیردەکاتەوە یان پەنجەی



زیرەک بەسەر سەری رابە خانمەوە

خۆی دەگەزێ!! وێنەکە لەسەر مافوور چنرابوو، وێنەی زیرەک ئاوەدانییەکی زۆری دابووە ژوورەکە، رابەخانم دواخێزانی زیرەک بوو، لە گۆشەی ژوورەکەو لەسەر مێزێک وێنەیەکی دیکە داندرابوو، "دواجار لەگەرمەی وتووێژەکە" رابەخانم پەنجەی بۆ ئەم وێنەیەش درێژکردو گوتی: ئەو پیاوەش کە باوکی منداڵەکانمە "**حەمە سەعید**". دوای مەرگی زیرەک بۆیە شووم پێکردەوە، چونکە زیرەکی زۆر خۆشدەویست، پێشمەرگە بوو، ئەویش مردووەو خوای لێخۆش بێت.

رابەخانم زۆر میواندۆستانە پێشوازی لێکردین، ئاوی هێنا، شەربەتی هێنا، میوەی هێنا، من و کاک عومەر هەرچەندە دڵمان گیرابوو و گوێمان کرابووەوە، بەڵام خوا هەڵناگرێ شەربەتێکی خۆش و بەتام بوو.

کاک عومەر یەکەمین وێنە کە گرتی: وێنەی زیرەک بوو کە بەسەر سەرمانەوە لەبەرزییەوە بە چاوە گەشەکانی سەیری دەکردین.

لەماوەی دانیشتنەکەماندا، چەندجارێک کارەبادەبڕا و دەهاتەوە.

که کارەبادەبڕا رابە خانم (وەک ئەوەی خەتای ئەوبێ !! ) دەیگوت : شەرمەندەم!! لەدڵی خۆمدا دەمگوت : هەر تۆ ناخانم ! دەمێکە هەموومان شەرمەندەین، رابەخانم وەک راگەیاندکارێکی شارەزا ئامۆژگاری دەکردین، کە لەکوێ دانیشین و چۆن دانیشین و کامیراو تەسجیلەکە لەکوێ دابنێین، بەداخەوە دواجار هەمووومان ئەوەمان لەبیر کردبوو، کە "موبەریدە"کە ڤەمرێنین، چونکە دەنگەکەی کارەکەمانی نیوەچڵ کردبوو،

زۆر نەمابوو ریسمان لێ ببێتەوە خوری.
بەقسەهێنانی کەسێک کە تۆ یەکەمینجارە دەیبینی و دەیدوێنی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت ئەگەر تۆ بتەوێ ئەو کەسە بەرەو ئەو ئاراستەیە ببەی، کە وەڵامی پرسیارەکانی تۆ بداتەوە، نەک ئەوە بڵێ کە خۆی دەیەوێ، چونکە هەرزوو بۆم دەرکەوت رابەخانم نایەوێ هەموو شتێک بڵێ! من لەوەدا ناهەقی ناگرم، بەڵام بۆ من یەک وەڵام گرنگ بوو، بۆ ئەو پرسیارەی کە پێشتر بەشێوەی جیا جیا بەدوای وەڵامەکەیدا گەڕاوم و هەندێ راستیشم دەست کەوتووە، بەڵام وەڵامی راست و تەواو وا لەدڵی رابەخانم دایە.


محەمەدی مامڵێ

## خواستنی رەش ئەسمەر :

سەرەتا بۆ ئەوەی رابەخانم لەم رۆژگاری پیری و بێ "زیرەک"یە بگوێزمەوە بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ گوتم:

* میرزا کەریم خۆشناو لە کتێبە دوو بەرگییەکەیدا لەبارەی ژیانی زیرەک زۆر بە ڕێزەوە باسی جەنابت دەکات و دەڵێ: ژنێکی زۆر بەڕێز و زۆر بەوەفا بوو بۆ زیرەک!

- گوتی: میرزا کەریم لەگەڵ ئێمە یەک ماڵ بوو، زۆریش زیرەکی خۆشدەویست، بەڵام من گلەییم لە میرزاکەریم هەیە، کتێبی چاپ کردووە نەدەبووایە هەموو شتێک بنووسێ و پرسیشی بەئێمە نەکردووە، ئەم کتێبانەی داوەتە دەرەوە. هەستمکرد رابەخانم ئێستاش خۆی بەمیراتگری زیرەک دەزانێ! نەک میراتگری ماڵ و موڵک! چونکە زیرەک لەم رووەوە هیچی نەبوو، بەڵام لەوەوە کە هەرکەس بە ئارەزووی خۆی باسی زیرەک نەکات.

گوتم: باشە تۆ چەند ساڵ لەگەڵ زیرەکدا ژیای و چۆن شووت پێکرد؟

رابەخانم گوتی: دەبێ راستی بڵێم، چون راستی نەبێ نابێ، ئەوە شاییەک بوو لە جیرانی ئێمە، دەرگاکەمان رووبەڕوو بوو، گوتیان: **حەسەن زیرەک دێت، محەمەدی ماملێ و مەلا حوسەینی عەبدوڵلا زادە** هەموو داوەتن، ئێمە خانووبەرەی خۆمان بوو، لەگەڵ دایکم نانمان دەکرد، چۆن دەستم بە هەویر بوو ئاوا لەپشتە خۆم شاردبوومەوە، وتیان ئەوە حەسەن زیرەک دێت، منیش



**زیرەک و رابەی رەش ئەسمەر**

هاتمە دەرەوە و لەگەڵ ژنەکان راوەستاین و هاتن و ئۆرکێستیشیان لەگەڵ بوو، لەنێو ئەو هەموو ژنەدا زیرەک دەستی بۆسەری من درێژکردو گوتی: **"وەڵڵاهی رەش ئەسمەر ئەگەر بمێنم هەردەبێ بتهێنم"** جا من هیچم پێ نەما گوتم: برۆ جا من چۆن مێرد بەتۆ دەکەم، من نۆزدە، بیست ساڵمە، تۆ زۆر بەتەمەنی، ئەو قسانەمان کردو وابوو لە شاییەکەدا یەکترمان بینی، پیاو حەقیقەت بڵێ، من خۆشم نەدەویست. دوای شاییەکە هاتە داوام و برای و براژنی هات و کاکەمینە هات، برازای زەینەب خانم و شێخ و مەشایەخی هێناو زۆری دیکەشی هێنا، باوکم هەر گوتی نایدەم و کچەکەم دەبا بۆ شاران، سێ خوشک بووین، منیان زۆر خۆشدەویست، باوکم هەر نەیدا، عالەم نەما لە سەقز نەیهێنێ بۆ داوام، دوایی من گوتم بۆ شووی پێ نەکەم، با هیچیشی نەبێ، چون هونەرمەندەو پیاوێکی ئاوا لێهاتوو و زرینگە، بەڵکو بابم و ئەو برایەم رازی بکەم، لەگەڵ باوکم قسەم کردو گوتی: خۆشت دەوێ؟ گوتم: وەڵڵاهی لە ئەوەڵ خۆشمنەدەویست، بەڵام ئێستا خۆشمدەوێ و بەڵکو لەگەڵیا بەختیار بم، وەڵا شووم پێکرد، زیرەک هیچی نەبوو، نە خانوو، نە ماڵی هەبوو، لەوکاتەدا رابەخانم دەستی بۆ رایەخەکەی ژێر پێی درێژکرد، گوتی" ها ئەمەشی نەبوو" کە من گوێزرامەوە لەماڵی براکەی ژووریکیان دابووێ، ماوەیەک بەیەکەوە بووین و خۆشمان رابوارد، دوایی رۆژێک گوتی: رابە با بچینە بانە، گوتم: ئاخر ئێمە هیچمان نییە، بەم حاڵە بۆ کوێ بچین، گوتی: **رابە ماڵ هیچ نییە، دڵ خۆش بێ، سەر خۆش بێ، ماڵی دنیا هیچ نییە، ئێستا گرنگ ئەوەیە من و تۆ یەکترمان خۆشدەوێ**، هەستاین چووینە سەقز و چووینە حەوشەی ماڵی باوکم، لەوێ دوو ژووریان پێداین و ساڵێک و سێ مانگ لەوێ بووین.

گوتم: لەو کاتانە زیرەک چ کارێکی دەکرد، بۆ ئاهەنگ و شت دەچوو؟ رابەخانم گوتی: هیچ کاری نەدەکردو بۆ ئاهەنگیش نەدەچوو، لەو دواییە من رازیم کرد بۆ ئاهەنگ بچێ، جار جارە دەچووە رادیۆی کرماشان و بەرنامەی دەکردو دەچووە تاران و سنەو لەو ئاخیرانەش کە رادیۆی مەهاباد دانرا، دەچووە مەهابادیش، رۆژێ هاتەوە گوتی: رابە دۆستێکی چاکم پەیدا کردووە، با بچین بۆ بانە، گوتم: زیرەک تۆ ئەم هەموو شارەو شارەو ئێمە هیچمان نییە، چۆن دەبێ؟ گوتی: **رابە غەم مەخۆ نانی شەوێمان هەبێ**

**بەسمانە، تۆ غەم لەوە مەخۆ**، چووینە بانە، چووینە ماڵی ئەو میرزا کەریمە، گوتم: میرزا کەریم تۆ چ کارەی؟ گوتی: وەڵڵا من پەناهەندەی عێراقیم و لەسەر ئەو جێیەی کاردەکەم و بە خۆشەویستی زیرەک دەستم لەو کارە هەڵگرتووەو لە خزمەت زیرەک دام، وەڵڵا چایخانەیەکی بۆ گرتین و لەرەش قەڵا، ئەو چایخانەیە داهاتی نەبوو، ڕۆژانە تا ئەو وەختانە "مەبەستی ڕابەخانم سەعات شەشی ئێوارە بوو" کارەکانم بۆ دەکردو من دەگەڕامەوە ماڵەوە. بەڵام ڕەفیق و دۆست لێنەدەگەڕان زیرەک کارەکان بکات، دەهاتن و دەیانبردو شەودرەنگ دەگەڕایەوە.




**لە پاش مەرگم چ فایدەیە بێیە سەر قەبرم بە شیوەن؟!**

## زیرەک چی هەبوو؟!

گوتم رابەخانم زیرەک شەوانە لە خەودا گۆرانی دەگوت؟
**رابەرخانم گوتی:** بەڵێ.
**گوتم:** گۆرانییەکان گۆرانی تازەبوون یان کۆنەکان بوو دەیگوتەوە؟
**رابەخانم گوتی:** تازەشی تێدابوو کۆنەشی تێدابوو.
**گوتم:** زیرەک هیچ گۆرانییەکی تایبەتی بۆ تۆ گوتووە؟
**رابەخانم گوتی:** گوتوویەتی، ئەوە نییە دەڵێ:" عەمرو دیدەم رابە"، جارێکیان میوانمان هاتبوو، میوانەکان خزم بوون، زیرەک دواکەوت و نەهاتەوە، منیش پانتۆڵ ئەوە نییە ئێوە دەڵێن "شەلوار" شەلوارم هەڵکێشاو بە پێیان چوومە دوای زیرەک، تەبشوویێکم بەدەستەوە گرت، ئەودەم لە کێوەکانی بانە بەراز و حەیوانە کێوی هەبوو، تا من چووم زیرەک بە ماشێن هاتبووەوە، کە من گەڕامەوەو هەموو لاق و دامێنم تۆزو خۆڵاوی بوو، زیرەک کە چاوی پێم کەوت، یەکسەر بە گۆرانی گوتی: "دامێین و دامێن" ئەو گۆرانییەی گوت زۆر خۆشی گوت، خەڵکەکە ئاوا سەرسام راوەستابوون و سەیریان دەکرد، کوڕە زیرەک شتێکی عەجایب بوو، هەر بۆ خۆی شیعری دەگوت، بێ ئەوەی کەس پێی بڵێ، وەلێ هەندێ شیعری مامۆستا گۆران و وەفایی و مام هەژار و هێمن و مامۆستا نالی"یشی گوتووە.
**گوتم:** هیچ کاسێتی هەیە بۆ تۆی گوتبێ و بڵاونەکرابێتەوە؟
**رابەخانم گوتی:** ئەودەم ئێمە تەسجیلمان نەبوو، نەمانبوو زۆریش رقی لەوەبوو کە دەهاتن تەسجیلیان لەپێش دادەنا.
**گوتم:** زیرەک لە ماڵی خۆی تەسجیل و گۆرانییە تۆمارکراوەکانی نەبوو؟
**رابەخانم گوتی:** ئەگەریش بووی لەو ئاخیرەدا نەما.
**گوتم:** زیرەک کە لە رادیۆ گوێی لە دەنگی خۆی دەبوو، چی دەگوت؟
**رابەخانم گوتی:** خەمی پێ دەخوارد، دەیگوت ئەو دەنگ و سەدایەی من هەمە، ئەو شیعرانەی من هەمە، خەمی پێ دەخواردو دەیگوت: رۆژێک دێ خەڵک کتێبێک لەپێش خۆی دادەنێ و گۆرانی دەڵێ قەدریان زۆر لێ دەگیرێ، ئەوڕۆی دەخوێندەوە.
**گوتم:** زیرەک وێنەو کتێب و کاسێتی لای خۆی هەڵنەگرتبوو؟

**رابەخانم گوتی:** سندوقێکی هەبوو، کتێب و کاسێتی زۆری تێدابوو، کتێبی "چریکەی کوردستان" لە شەڕی ئەم دواییە، شەڕ بوو پاسدار هاتن سندوقەکەیان برد، من نەخۆش بووم، خودا ئاگادارە سێ مانگ هاتووچۆم کردو چوومە سوپای پاسداران نەیاندامەوە، ئیدی دەستم نەکەوتەوە.

**گوتم:** زیرەک سەرمایە هونەرییەکانی ئەوە بوو، ئەی کە مرد چەندی پارە هەبوو؟

**رابەخانم گوتی:** هیچ پارەی نەبوو، ئەگەر دەچووە شایی پارەیان دەدانێ، زیرەک پارەکەی هەر ئاوا بە لەپی دەستی بەسەر ئۆرکێستەکان دابەش دەکردو بۆ خۆی دینارێکی هەڵنەدەگرت.

**گوتم:** چەند خانوو و موڵکی بەناو بوو؟

**رابەخانم گوتی:** هیچ خانوو و موڵکی نەبوو.

**گوتم:** زیرەک حەزی لە چ خواردنێک بوو؟

- شیوی عێراقی پێ خۆش بوو، دۆڵمەو یاپراغ و شێخ مەحشی و خۆشی لە برنج نەدەهات، گۆشتی پێ خۆش بوو، کە دۆڵمەم دەکرد، دەیگوت گۆشتەکەی هەر ئاوا بە پارچەیی وەکو عێراقیان بخە ژێر دۆڵمەکە.

رابەخانم خۆی لەسەری رۆیشت و گوتی: زیرەک پیاوێکی زۆر چاک بوو، بە عەمەلی خۆی زۆر پاک بوو، بە عەرەق نییە، زۆر بە شەخسیەت بوو، چون من ژنی ئەخیری ئەو بووم، زیرەک پێش من چواردە ژنی هێنابوو، من پازدەیەمین بووم، ئێستا خەڵک لەخۆوە زۆر شت دەنووسن، دەڵێن زیرەک ئاواو ئاوا، وانییە بابە، زیرەک شەوانە تا درەنگ سەرگوزەشتەی خۆی بۆ من دەگێڕایەوە، دەیگوت رابە من لە ئێراق و ئێران چواردە ژنم هێناوە، تۆ سەری پازدەمینی، دڵنیام تۆش دەمنێیتە قەبر. سەرگوزەشتەی خۆی چاک و خراپی بۆ دەگێڕامەوە.


رابەخانمی رەش ئەسمەری زیرەک

پیاوێکی بێ سەواد بوو، وەلێ زۆر با سەواد بوو، ئەوەندە دڵی چاک بوو، بە حورمەت بوو، پیاوێکی فامیدە بوو، شەوانە دادەنیشتین تەواوی سەرگوزەشتەی خۆی دەگێڕایەوە، وەلێ بەداخەوە من سەوادم نەبوو ئەو بیڵێ و من بینووسمەوە، ئێستاش ئاوا لەبیرم ماوە بەهیوام عەمری ئەمانەت باقی بێ، دەمەوێ بڕێک شیعری ماوەو بڕێک شیعریش هەیەو لەگەڵ هەندێک لەو کتێبە چریکەی کوردستان و ئەوانی دیکە و سەرگوزەشتەی خۆمان، ئەوەی بوو لە ناخی ناخەوە بینووسم و کتێبێکی بۆ چاپ بکەم.
ئەوە ساڵیادی بوو، حکومەت کوا چیان بۆ کرد، جێگای دیاری بکەن، پەیکەرێکی بۆ بکەن، ئەوانە نەمرن مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، ئەگەر جێگایێ هەبێ و ئەمین بێ زیرەک برێ کەلوپەلی ماوە، دەف و دایەرەی ماوە، لەوێ دایبنێن و بیپارێزن، بەڵام کوا بەداخەوە.
* چایخانەی زیرەک
کانی مەلا ئەحمەد
گوتم: پاش ئەوەی لە "رەش قەڵا" نەمان، بۆ کوێ چوون؟
رابەخانم گوتی: چووینە کانی مەلا ئەحمەد، میرزا کەریم ئەو جێگایەی بۆ گرتین، لە کانی مەلا ئەحمەد، زیرەک سێ دانە شاگردی هەبوو، لەگەڵ



**هێندەم نەماوە بمنێنە گوێزێ - نەچاو تێر دەبێ نە دڵ دەبێزێ**

دوو ئاشپەز، زیرەک لەوێ بازاڕی باش بوو.
گوتم: ئەو کاتەی زیرەک لەکانی مەلا ئەحمەد چایخانەی هەبوو، هیچ پۆلیس و پیاوی حکومەت دەهاتنە لای و چیان لە زیرەک دەویست؟
رابەخانم گوتی: دەهاتن، زۆر دەهاتن، ئەزیەتیان دەدا.
گوتم : خوێندوومانەتەوەو بیستوومانە، کە چەند جارێک کەسانێک هاتوون لەوێ لە زیرەکیان داوە، ئەوانە کێ بوون؟
رابەخانم گوتی: خۆی زیرەک هیچ کەس ناحەزی نەبوو، بەڵام چەند کەسێک ئاوا چەقۆکێش بوون، چوار پێنج کەس و "**ئیستوار**"کیان لەگەڵ بوو، دیارە **ساواک** بوون، دەنا ئیستوارێک لە کرماشانەوە بۆچی دێت و لەگەڵ چوار پێنج کەس لە زیرەک دەدەن.
جارێکیان ئاوا ئەو وەختە بوو "مەبەستی رابەخانم وەختی گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ ئەو، کە دەکاتە دەوری سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ، زیرەک شاگردێکی بوو ناوی فەرهاد بوو، کوڕێکی سەردەشتی بوو، بە پەلە هات گوتی رابەخانم فریاکەوە کاک زیرەکیان کوشت. بە پەلە رۆیشتم، **کە سەیرەکەم زیرەک لەوێ لەناو قوڕاوەکە کەوتووەو خوێن لەبەری دەڕوا، تەبشوێکیان لەپشتە سەری دابوو، سەری شەق ببوو، بەردێکیان لەو تەوقە سەرەی دابوو، خوێن جۆراوکەی بەستبوو**، ئەوان رۆیشتبوون، تەنیا یەکێکیان مەست بوو لەوێ کەوتبوو، ناوی رەحمان ئاغاجی بوو، لە سەقزەوە هاتبوو چەقوکێش بوو، تەبشوویکمان بوو کارمان پێ دەکرد، تەبشووەکەم هەڵگرتەوەو لەپشتە سەری ئەویانمدا، سەری شەق بوو، هەڵات و تاکێکی پێڵاوەکەی بەجێ ما، دوایی زیرەکمان بەماشێن بردە نەخۆشخانەو ماوەیەکی زۆر تا هاتەوە سەر خۆی.
گوتم: دواتر زیرەک باسی نەکرد کە بۆچی لێیان داوە؟
رابەخانم گوتی: زیرەک گوتی: چایخانەکە چۆڵ ببوو، کەس لەوێ نەمابوو، هەر داوایان دەکرد گۆرانی بڵێم، منیش گوتم: کاکە من ناتوانم، من کاسبم دەبێ کاسبییەکەی خۆم بکەم،ماڵم هەیە، منداڵم هەیە، لە هەنجەت بوون، ئیتر بەو چوار پێنج کەسە کەوتنە گیانم و زۆریان لێدام. زیرەک زۆری ئەزیەت دیوە، زۆری رەنج کێشاوە، لەهیچ کوێ نەحەساوەتەوە.
گوتم: زیرەک کە لە دەرەوە نانی دەخوارد هیچ ترسێکی لەدڵ نەبوو؟

رابەخانم گوتی: زیرەک زۆر دڵ ساف بوو، هەموو جارێ دەیگوت: من کەس ناحەزم نییە، ئەوەبوو لە شاییەکدا دەعوەتیان کرد، دڵم ترسا، گوتم: **کوڕە زیرەک مەچۆ، بە قسەی منی نەکرد ڕۆیشت، لەوێ لە شاییەکەدا گۆرانی دەڵێن و وەختی نەهارێ، زیرەک گوتی: من چوومە دەرەوە، کە گەڕامەوە ژنە شاگردێکی ئاشپەزەکە قاپێک ئاشی هێنا گوتی: ئەمە بۆ ئاغای زیرەکە، لەگەڵ ئیستیکانێک قەنداخ، زیرەک گوتی: لە شیوەکە دوو کەوچکم خوارد، بەڵام قەنداخەکەم خواردەوە، کە چووینەوە بۆ شاییەکەو لەکاتی گۆرانی گوتندا سەرم گێژ بوو ڕهێڵ بوومەوە.**

ئاوا درەنگ بوو زەنگیان لێدا گوتیان رابەخانم زیرەک لە خەستەخانەیەو زۆر نەخۆشە، کە چووینە خەستەخانە زیرەک بێ حاڵ بوو، ئاگای لە وڵات نەبوو، ئاوا سرومیان لەو باڵ و قۆڵی خستبوو زۆر نەخۆش بوو، ژنێک لەوێ بوو منی بینی زۆر دڵی پێم سووتاو منی بردە ژێر زەمینەکە و گوتی: **من لەراهی خوا بۆتی باس دەکەم، چون دەبینم تۆ ژنێکی دڵسۆزی بۆ زیرەک و زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیەو کەسی نییە، با خوێنەکەی بزر نەبێ، زیرەک نەخۆش نییە، ساواک ژەهری داوەتێ و خوێنەکەی با بزر نەبێ، دکتۆرەکانیش باسی ناکەن و نەخۆشیەکەی دەشارنەوە.**

**گوتم: پێشتر زیرەک هیچ نەخۆشییەکی هەبوو؟**

**رابەخانم گوتی: زیرەک هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، لەگەڵ ئەو کارەساتەوە زیرەک کەوت و هەڵنەستایەوەو هەرچی عەمەلی بۆ کرا، هەرچی شاران هەیە بردمان چاک نەبوویەوە، لە ناوکییەوە تا سەرسنگی و هەردوو لاکەلەکەی هەڵدڕابوو، دکتۆرەکان شاردیانەوە، گوتیان سەرەتانی ریئەیەتی، وا نەبوو، راستییەکەیان نەدەگوت.**

گوتم: پاش ئەم ڕووداوە زیرەک چەند ژیا؟

- دوو ساڵی تەواو، بەم دواییە زیرەک هەر تەنیا ئێسکی لێ مابووەوە، کە دەمانبردە لای دکتۆر، ئوتوبوسەکە لە سەری کۆڵان رادەوەستا، من زیرەکم دەکردە کۆڵم و دەمبرد بۆ لای دکتۆر، زیرەک زۆری ئەزیەت کێشا، شەوێ زۆر ماندووبووم، چونکە میوانمان زۆر دەهات، خەڵک لە تەواوی ئێرانەوە دەهاتن، لە عێراقیشەوە هاتوون، ئاوا خەوم لێ کەوتبوو، لە خەومدا زیرەک بانگم دەکات، کە هەڵسام زیرەک لەناو ماڵەکە دێت و دەچێ و چوار پێنج قاپی داناوەو خوێن دانیشتووە، گوتی: رابە هەڵسە تەشتم بۆ بێنە، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو.

گوتم: لەو نەخۆشییەدا دوا گۆرانی چی بوو کە زیرەک گوتوویەتی.
رابەخانم گوتی: گوتوویەتی، ئەوەنییە کە دەڵێ: "**کەلەبابەی مرواری پلپلەی زێڕی سووربێ**"، خەڵکی دیکەش هاتوون وێنەیان لێ دەگرت، ئاغای "**رەحیمی قوڕەیش**" بۆ رادیۆ هات. زۆر دەهاتن جا نازانم چیان لێکردن، پیاوێک ناسیاومان بوو، دوو ژنی هەبوو، تەنیا کوڕێکی هەبوو، هات گوتی: زیرەک دەبێ بێیت بۆ شاییەکە، زیرەک گوتی: بابە من نەخۆشم ناتوانم. کابرا گوتی: **من سوێندم خواردووە تەنیا کوڕێکم هەیە، نەخۆشی. هەر کوێی دەتەوێ دەتبەم، زیرەک گوتی: بابە من دەردو عیلەتەکەم لەناو سکم دایە، دەنا دەنگ و گەرووم، ئێستاش وەک کوڕێکی پازدە بیست ساڵە، گۆرانیت بۆ دەڵێم**، وەڵڵا هەرچۆنێ بوو بە زۆر بردیان، لەوێ سێ رۆژ زیرەک شاییەکەی گێڕا، لەو هەفتەیەی کە زیرەک مرد، باش بوو، چاکتر ببوو.
گوتم: پێش مردنی زیرەک هیچ وەسیەتێکی کردبوو؟
رابەخانم گوتی: **بەڵێ وەسیەتی کرد، گوتی ئەگەر مردم لەسەر کێوی ناڵەشکێنە بمنێژن، هەروەها بۆمن گوتی: رابە تۆ پاش حەوت رۆژ دەچیتەوە ماڵی بابت و لەهیچ کوێ نابی و حەوت ساڵ شوو ناکەیتەوە، پاش حەوت ساڵ شوو دەکەیتەوەو منداڵیشت دەبێ.**
گوتم: پاش ئەوەی زیرەک مرد، بۆچی لە ناڵەشکێنە نەیانشاردەوە؟
رابەخانم گوتی: لە ناڵەشکێنەیان نەشاردەوە، بردیانە قەبرستانێ، گوتیان: ئەوێ چۆڵەو لێرە فاتیحەی بۆ دەخوێندرێ.
گوتم: ئەی دواییەکەی چۆن بردتانە ناڵەشکێنە؟
رابەخانم گوتی: پاش ئەوەی شاردیانەوە، **زیرەک هاتە خەوی من، چووە خەوی دایکی، چووە خەوی خوشک و براکانی، هەتا چووە خەوی "ئیمام جومعە"ش، ئیمام جومعەی بۆکانی، ئەو ئیمام جومعەیە لە منداڵی رەفیقی زیرەک بووە**، داوای دەکرد بیگوێزینەوە بۆ سەر ناڵە شکێنە، ئیمام جومعە رۆژێ ناردی گوتی: ئێوارە دێمە لای دایک و خێزانی زیرەک دوو قسەم هەیە. هات ئاوا دامێنی دایکی باداو گوتی: زیرەک هاتووتە خەوم و داوا دەکات گۆڕەکەی بگوێزینەوە بۆ سەر ناڵەشکێنە، وەرن با ئەو وەسیەتەی بەجێ بێنین. ئێمەش گوتمان وەڵڵا هاتووتە خەوی ئێمەش، ئەوەبوو حەوتەیەکی مابوو بۆ چلەکەی، زیرەکمان گواستەوەو لەسەر ناڵەشکێنە ناشتمان.
گوتم: کە لاشەی زیرەکتان گواستەوە، لاشەکەی نەگۆڕابوو؟
رابەخانم گوتی: بەخوایەتی خوا قەسەم، چۆنتان بۆ دەگێڕمەوە ئاوایە، ئەو

زیرەکەبێ نەگۆڕابوو، تەنیا ئەو گوڵ و عەترەو مێخەکەی لەسەر خەلاتەکەی داندرابوو کەمێک گۆڕابوون.
لە چلەکەی لە تەواوی شارەکانەوە خەڵک هاتبوون، خیابانەکان بەسترا بوون، ماشێن جێ نەبوو هاتووچۆی پیا بکات، تەواوی دوکاندارەکانی شاری بۆکانێ، سێ ڕۆژ دوکانەکانی خۆیان نەکردەوە، بە خاتری زیرەکی هەتا دوایی براکانی زیرەک لە مزگەوتەوە داوایان لە خەڵکەکە کرد دوکانەکانیان بکەنەوە.
گوتم: ئەی ئەو خاریجیانە کێ بوون و بۆچی هاتبوون؟
رابەخانم گوتی: **پاش مردنی زیرەک، لە خاریجەوە لە تارانەوە جەماعەتێک هاتبوون، سەیارەی چاکیان پێ بوو، پێنج شەش کەسێک بوون، ویستیان لاشەی زیرەک ببەنە ئەمریکا، پارەیەکی زۆریان دەدا، خزم و کەسی هەندێک رازی بوون، بەڵام من کە بیستم یەخەی خۆم دادڕی و چووم شکاتم کرد، گوتم: ئەوە هێورەکانم دەیانەوێ لاشەی زیرەک بفرۆشن، لێنەگەڕام.**
گوتم: باشە ئەو خاریجیانە لاشەی زیرەکیان بۆچی بوو؟
رابەخانم گوتی: **گوتیان دەیبەن فەحسی دەکەین، ئەو حەنجەرەی فەحس دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەوە چۆنەو چ حەنجەرەیەکە، پارەیەکی یەکجار زۆریشیان دەدا، پارەی ئەو وەختە، دوایی گوتیان: تەنیا حەنجەرەکەی دەبەین،** هەرچیتان دەوێ دەتاندەینێ، لێنەگەڕام، گوتم: عەمەل کراوە، بەدبەخت بووە، ئێستا لە گۆڕەکەش لێی ناگەڕێن، ئەوەبوو ماوەی سێ ساڵ ئێمە هەر حەرەسمان لە گۆڕەکەی گرتبوو، من خۆم ڕۆژێ تا ئێوارە دەچوومە سەر گۆڕەکەی، وەکو شێتانم لێهاتبوو، لەوێ لەسەر گۆڕەکەی خەوم لێ دەکەوت، تا موسڵمانێک شوانێک، ڕێبوارێک لەوێ رادەبوورد دەیگوت: خوشکێ. خوشکێ بانگی دەکردم، خەریک بوو شێت بم.
گوتم: زیرەک لەو دواییە، ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو، کاری نەدەکرد، زۆر دەچووە دکتۆر کێ یارمەتی دەدا؟
رابەخانم گوتی: هەرچیمان بوو فرۆشتمان، زێڕی خۆم هیچی نەما، دۆستان دەهاتن، شتێکیان دەخستە ناو پاکەتێک و دەیانخستە ژێر سەری، لەوانە ئامینە خانمێک بوو، ژنێکی زۆرچاک بوو، خەڵکی شنۆ بوو، ئەو ژنە بەخاتری زیرەک گوارەو تۆقی زێڕی خۆی فرۆشت و دای بەزیرەک، گوتی: با زیرەک چاک ببێتەوە، زیرەک هونەرمەندە، ئەو خەڵکی قەدری نازانن، دواییش کە زیرەک مرد، ئامینە خانم گەردنی ئازاکردو لە پارەکەی خۆی خۆش بوو.

**چەند تێبینییەک:**

-١ داوا لە پارێزەرانی کورد دەکەم، بەتایبەت دڵسۆزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک لە ئێران و عێراق و هەموو کوردستان و دەرەوەش، ئێستا کە دەرکەوت ساواکی ئێرانی لەسەردەمی شا زیرەکیان دەرمانخوارد کردووە، پارێزەرە بەڕێزەکان فایلێکی بۆ بکەنەوەو بە رێگای یاسایی چ یاسای ئێرانی یا نێودەوڵەتی شکات لە حکومەتی شا بکەن و داوا لە"کۆماری ئیسلامی ئێران"میراتگری ئەو حکومەتە بکەن، کە بەپێی یاسا قەرەبووی کەسوکاری زیرەک بکەنەوەو مافی ئەم هونەرمەندە نەفەوتێ، من لە داهاتوویێکی نزیکدا لێکۆڵینەوەیەک بڵاودەکەمەوە، لەژێرناوی"ساواک بۆچی زیرەکی کوشت؟!"لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێشینەو زەمینەی ئەم دەرمانخواردکردنە روون دەکەمەوە.

-٢ ئەو وەڵامەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕاین و بە لێکۆڵینەوە هەنگاوێکی باشم بڕی و لە وەڵامی دروست نزیک بوومەتەوە، لێرە لەو چاوپێکەوتنەدا بەڕێز "رابەخانم" خێزانی هونەرمەند حەسەن زیرەک، کە خۆی تا دواهەناسە لەگەڵ زیرەک بووەو بەبێ دوودڵی دەڵێ: **ساواک حەسەن زیرەکی کوشت**، هەر بۆیە لێرە پێشنیازدەکەم لەمەودوا هەموو لایەک، ئەم هونەرمەندە مەزنە بە "**شەهید**" ناوببەین وەک هەر شەهیدێکی تری کوردستان.

-٣ بەڕێز رابەخانم دەڵێ: ئەمریکاییەکان هاتبوون لاشەی زیرەک ببەن بۆ ئەمریکاو تا "حەنجەرە"ی گەرووی فەحس بکەن، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی گەرووی زیرەک بزانن، کەواتە گەرووی زیرەک و مێشکی ئەنیشتاین سەیرکراوە، هەرچەندە رابەخانم لەرووی دڵسۆزییەوە بۆ زیرەک رێگای نەداوە گەرووی ببەن و بیپشکنن، بەڵام خۆزگە ئەوە دەکرا، ئەگەر گەرووی زیرەک لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابووایە، ئێستا ناوو گەرووی زیرەک وەک پێوانەیەکی جیهانی سەیردەکراو لە بابەتێکی زانستیدا ناوو گەرووی زیرەک بە دنیادا بڵاودەبووەوە، کە من تا ئێستا نەمبیستووە گەرووی کەسێکی تر ئەمەی بۆ کرابێ، ئەوسا گەرووی زیرەک دەچووە ریزی مێشکی ئەنیشتاین، لە تاقانەییدا لە هەموو جیهان.

-٤ زیرەک وەک هونەرمەندێک هەموو مەرجەکانی جیهانیبوونی هونەرمەندی هەیەو هەر بۆ خۆشی هەنگاوی باشی بڕیوە بۆ ئەم

بەجیهانی بوونە، ئەوە ماوەتەوە کورد بە شێوەیەکی شیاو کاری زیاتر بۆ ئەم بەجیهانی بوونە بکات.
-٥ رابەخانم لەکاتی چاوپێکەوتنەکە گوتی: خۆم دەمەوێ کتێبێک لەسەر ژیانی زیرەک بنووسم، هیوادارم رابەخانم بەزوویی ئەم کارە بکات، چونبەڕاستی زۆر گرنگە ئەو خانمە یادگاری ئەم یازدە ساڵەی لەگەڵ زیرەکدا ژیاوە بنووسێتەوە، ئەگەر رابە خانم یادگارەکانی خۆی لەگەڵ زیرەک بنووسێتەوە، دڵنیام کارێکی ناوازەو جوان دەبێ و زۆر لایەنی نهێنی ژیانی زیرەک ئاشکرا دەبێ و رابە خانمیش بەم کارەی دەبێتە یەکەمین ژن و بیرەوەری خۆی لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورەی وەکو زیرەک تۆمار دەکات.



زیرەک لە بەڵگەنامەکانی ساواک

# ژیاننامەی حەسەن زیرەك وە لە لاپەڕە 22ی کتێبی (چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك)دا هاتووە

* حسن زیرک (زله بوکانی) فرزند عبداله در سال ۱۳۰۲ هش در مهاباد به دنیا آمد وی که خواننده کردی رادیو عراق بود در سال ۳۵ به ایران آمد و در رادیوی سنندج آواز می‌خواند برابر گزارش ساواک در مورخه ۴۶/۵۵/۲۶ حسن زیرک (خواننده سابق برنامه‌های کردی رادیو ایران و کرمانشاه) وسیله مقامات امنیتی عراق و

به اتهام

خروج از عراق و رفتن به مصر به منظور استخدام در بخش کردی رادیوی مصر برای جاسوسی به نفع ایران دستگیر و در بغداد زندانی و پس از شکنجه به زندان سلیمانیه اعزام شد. در تاریخ ۴۶/۷/۴ وسیله مقامات عراقی جزو سوقیها در مرز خسروی تحویل ایران گردید و به اتهام جاسوسی بازداشت گردید. وی در سال ۱۳۳۷۷ در رادیو ایران به فعالیت پرداخت و تا سال ۴۲ در رادیو ایران، ماند. پس به اجرای برنامه در رادیو و تلویزیون کرمانشاه روی آورد و تا سال ۱۳۴۵ هزار ترانه محلی و فارسی خواند. وی اغلب شعرهای ترانه‌هایش را نیز خود می‌سرود وی به علت استعمال تریاک و هروئین از رادیو اخراج گردید.

وی در تاریخ ۵۱/۴/۶ بدنبال یک بیماری معدی در بوکان درگذشت.

اسناد ساواک، پرونده‌های انفرادی

## لاپەرە64ی کتێبی (چپ ایران بەروایت اسناد ساواك)
## کە باسی بەرنامەی ئێمەو گوێگرەکان دەکات و گومان دەخاتە سەر میدیای زەندی و حەسەن زیرەك

رحمن مدرسی[۱] شهردار فعلی مهاباد. مناف کریمی[۲] وزیر فرهنگ. قاضی محمد با انجمن شهرمهاباد که اخیرا تشکیل شده در فعالیت هستند و اشخاص مشروحه زیر هم که برای ساواک مهاباد کار میکنند مانند سید محمد سیدی موفقی. کریم خسروی. مینه شرقی. صدیق حیدری. شیخ معصوم نقشبندی که دو سره بازی میکند نامبردگان از عمال برجسته حکومت قاضی محمد بوده‌اند که اکنون شب و روز اینها به ساواک مهاباد رفت و آمد دارند در زمان تصدی سرهنگ داوریان راه پیدا کرده و با عراق ارتباط دارند.

همچنین قریب دویست نفر از اهالی مهاباد فقط با قاچاق فروشی امور زندگی خود را اداره مینمایند آشکارا بعراق رفت و آمد دارند بدون شک اینها هم وسیله ارتباط هستند.

۷ـ روز سه‌شنبه گذشته در برنامه ما و شنوندگان رادیوی تهران که بزبان کردی اجراء میشود پیام دکتر کمال نقشبندی کارمند راه‌آهن تهران که در دوران قاضی محمد معاون وزارت بهداری ایشان بوده به امام جمعه سلیمانیه که در مهر ماه سال ۱۳۳۸ به شوروی رفته و در رادیو مسکو تبلیغات بنفع استقلال کردستان نموده و فرستاده است.

۸ ـ برنامه رادیو کردی تهران وسیله ارتباط بین اکراد عراق است زیرا روز چهارشنبه گذشته تحت عنوان ما و شنوندگان پیام حسن زیرک توسط عیالش مهدیه زیرک زندی بیکنفر از افراد عراقی ساکن شهر کرکوک فرستاده شد خود حسن زیر هم اخیرا از منطقه کردستان. بوکان. مهاباد مراجعت نموده و در این مسافرت با اشخاص مشکوک عراق ملاقات کرده است نامبرده با اینکه کارمند رادیو کردی تهران است چون قبل از کودتای عراق در انتشارات رادیو بغداد دارای حقوق بوده اکنون هم همان حقوق را دریافت میدارد خواهر ایشان زن یکنفر از همکاران درجه ۱ قاضی محمد بوده و فعلاً در شوروی بسر میبرد در اوایل سال ۱۳۴۰ وسیله سفارت شوروی در آنکارا به ترکیه آمده بود و همچنین مهدیه زیرک گوینده رادیوی مزبور اغلب شبها بنام اقوام خود پیامهائی بکردستان میفرستند.

۹ـ لازم است روزنامه کردستان که در تهران منتشر میشود کاملاً تحت بررسی قرار بگیرد چون اداره کننده آن مفتی‌زاده‌ها هستند که یکی از آنها بنام ملاصدیق بوده ایشان در آن زمان از طرف وزارت فرهنگ در یکی از مدارس مهاباد آموزگار بوده‌اند.

۱ـ رحمان مدرسی فرزند عبداله در سال ۱۳۰۵ ه‍ش در مهاباد بدنیا آمد. وی در سالهای ۲۴، ۲۵ به نفع متجاسرین فعالیت داشت و بعداً نیز مظنون به همکاری با حزب توده معرفی شده است. از سال ۳۸ به بعد ضمن طرفداری و قبول عضویت حزب پان ایرانیست با مأمورین دولتی همکاری صمیمانه و اطلاعات مفیدی در اختیار سازمانهای انتظامی قرار داد و در روز رفراندوم لوایح ششگانه سخنانی ایراد نمود. مشارالیه از کارمندان طرفدار رژیم منفور بوده و از تاریخ ۳۹/۷/۱ با شماره رمز ۱۱۳ در هدف حزب دمکرات کردستان تا تاریخ ۴۲/۸/۱ با مقرری ماهیانه ۲۰۰۰ ریال با ساواک همکاری نمود. ساواک در سال ۱۳۳۹ با تقاضای وی مبنی بر اخذ امتیاز روزنامه‌ای به علت اینکه کارمند دولت می‌باشد مخالفت نمود. یاد شده در سال ۴۰ به سمت شهردار مهاباد انتخاب و سرانجام در سال ۴۲ مستعفی گردید و در سال ۴۷ با انتصاب مشارالیه به سمت رئیس آموزش و پرورش بوکان موافقت شد.
اسناد ساواک پرونده‌های انفرادی

۲ـ مناف کریمی فرزند هاشم در سال ۱۲۹۸ در مهاباد متولد شد. مشارالیه در دوره متجاسرین وزیر فرهنگ حکومت قاضی محمد بود و سپس از ورود نیروهای دولتی تحت تعقیب واقع و به مدت ۶ ماه زندانی و پس مورد عفو شاه قرار می‌گیرد. در سال ۴۵ باعضویت وی در جمعیت شیر و خورشید (هلال‌احمر) مهاباد موافقت

# لە لاپەڕە 67ی كتێبی (چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك)
# سەیركە ساواك چۆن پێ بە پێ بەدوای زیرەك و میدیای زەندیەوەیە

به: ایران
از: دفتر ویژه

تاریخ: ۴۰/۱۲/۳
شماره: ۷۲۳/۶۴۵۴

۱ـ اخیرا طرفداران قاضی محمد که بنفع حزب پارت دمکرات و حزب منحله توده فعالیت میکنند در تهران دیده شده‌اند از جمله علی خسروی[1] کارمند وزارت فرهنگ اهل مهاباد که در زمان قاضی محمد رئیس چاپخانه و مدیر روزنامه کردستان بوده – هاشم خلیل‌زاده[2] کارمند اداره بهداری آموزشگاههای وزارت فرهنگ که در زمان قاضی محمد رئیس کمیته جوانان کردستان بوده ودو سال قبل با دادن پول زیاد بآلمان غربی و انگلستان مسافرت نموده – عبدالرحمن امامی کارمند حسابداری دانشگاه تهران و علمی کارمند بنیاد پهلوی.




۲ـ اخیراً فاطمه[3] زندی که نام اصلیش (هاجر) میباشد و یکی از فعالین حزب منحله توده در کردستان بوده از طریق ترکیه بایران وارد گردیده نامبرده برادری دارد در وزارت دارائی بنام حمید زندی که در قسمت بایگانی وزارت دارائی کار میکند و همچنین خواهرش بنام مهدیه زندی که گوینده رادیو در برنامه‌های کردی ایران است و شوهر مهدیه بنام حسن زیرک که خواننده برنامه رادیو کردی ایران است این شخص منزلش در خیابان آریانا چهارراه‌گلی است و اشخاص مشکوک در منزل نامبرده دیده میشوند حمید زندی پدرش اکنون در تهران بشغل وکالت در دادگستری کار میکند.

۳ـ نامبردگان زیر در مهاباد بنفع حزب پارت دمکرات فعالیت نموده و باعمال و

تاریخ ۳۴/۱/۳۱ الی ۳۴/۲/۳۱ و از ۴/۱۱/۳۰ تا خاتمه ۶ ماه زندانی میگردد. ضمناً اداره کل سوم طی نامه‌ای به دادستانی ارتش اعلام داشت که شخص مذکور به اتهام همکاری با متجاسرین کردستان و غارت اموال در دادگاه عادی تیپ مهاباد بده سال حبس با کار محکوم و چون تقاضای تجدید نظر می‌نماید که دیوان عالی کشور بعلت انقضاء مدت قانونی تقاضای نامبرده را رد و قطعیت رای اعلام شده است. صدیق حیدری جزو ۱۸ نفر متهمین بداشتن مرام اشتراک و تیراندازی به رئیس اداره آگاهی بوده که در تاریخ ۴۵/۳/۳۱ بعلت فقد دلیل کافی قرار منع پیگرد در مورد وی صادر می‌گردد. برابر گزارش ساواک در تاریخ ۵۲/۴/۳۰ نامبرده در مغازه آجرفروشی خواهرزاده‌اش حسن حسامی مشغول کار بود.
اسناد ساواک، پرونده‌های انفرادی

۱ـ علی خسروی فرزند عبدالخالق در سال ۱۳۰۲ در مهاباد بدنیا آمد. برابر سوابق موجود نامبرده رئیس اداره بخش کتاب و رئیس تشریفات آموزش و پرورش، رئیس قسمت رفاه معلم و مأمور به وزارت بازرگانی بوده و در سال ۲۵ به اتهام همکاری با فرقه دمکرات آذربایجان "حزب کومله" بازداشت و پس از یکسال آزاد گردید و سپس به عضویت سازمان فارغ‌التحصیلان دانشسرایعالی وابسته به حزب توده درآمد و در سال ۳۰ بعلت مراوده با ...

## لە لاپەڕە 335 ی کتێبی ( چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك ) چاودێری کردنی ساواك بۆ حەسەن زیرەك و میدیای زەندی بەردەوامە

تاریخ: ۴۴/۱۱/۱۰

موضوع: تشکیل کنفرانس حزب پان ایرانیسم شماره: ۲۰/۲۸۲۸۰ الف

ساعت ۱۸۰۰ روز ۴۴/۱۱/۴ در محل حزب پان ایرانیسم واقع در میدان بهارستان کنفرانسی تشکیل وعده زیادی از اکراد مقیم تهران بنابدعوت قبلی حضور داشته‌اند. در آغاز خانم مهدیه زندی همسر حسن زیرک (کارمند وزارت اطلاعات بخش برنامه‌های کردی) پس از درود بدوستداران حزب پان ایرانیسم




اشعاری تحت عنوان (عقابان زاگروس) که توسط دوشیزه پاوند سرود شده بود دیکلمه کرده اشعار مزبور که در مدح پیشمرگه کردستان بوده با ابراز احساسات شدید حاضران روبرو گردیده. سپس آقای محسن پزشگپور در مورد دفاع ازاکراد عراق و دومین نامه‌ایکه درباره کردستان و تقبیح رفتار دولت عراق نسبت به اکراد برای اوتانت دبیرکل سازمان ملل نوشته بیاناتی ایراد نموده که با ابراز احساسات حاضران روبرو گردیده.

سپس آقای محمدرضا عاملی تهرانی قائم مقام رهبر حزب پان ایرانیسم مطالبی درباره نجات از استعمار ایراد نموده است.

نظریه منبع - عده‌ای از اکراد محسن پزشگپور و مهدیه زندی را مأمور ساواک میدانند و نسبت باین قبیل سخنرانیها با تردید مینگرند و معتقدند که این برنامه‌ها با نقشه ساواک انجام میشود تا کسانی راکه نسبت به مسئله کردیت علاقه دارند بشناسند.

گیرندگان: ریاست بخش ۳۱۲ جهت استحضار و هرگونه اقدام مقتضی.



## بەرهەمەكانی لێكۆڵەر:

-١ وریا بن خەوتان لێ نەكەوێ، كورتە چیرۆك بۆ مێرد منداڵان - ١٩٨١.
-٢ خۆت لەمن بزر مەكە! شیعر - ١٩٨٥.
-٣ قەدەغە شكێنی! لێكۆڵینەوە لە ئەفسانەی كوردی - دەزگای سەردەم - ٢٠٠٠.
-٤ بەردە ژن!! كورتە رۆمان - ٢٠٠١.
-٥ گەڕان بەدوای نەمریدا. دەزگای ئاراس - ٢٠٠٢.
-٦ پیری كێوان - كورتە رۆمان - وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی - ٢٠٠٤.
-٧ هێلكەی نامێ - بەرگی یەكەم، بەشی یەكەم- ئینستیوتی كەلەپووری كوردستان - ٢٠٠٦.
-٨ هێلكەی نامێ - بەرگی یەكەم، بەشی دووەم - ئینستیوتی كەلەپووری كوردستان - ٢٠٠٦.
-٩ پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی، دەزگای رەنج - ٢٠٠٧.
-١٠ تێر نەخۆرە - بەرگی یەكەم - بەشی سێیەم - دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان - ٢٠٠٨.
-١١ زیاتر لە عیشقێك - بەرگی یەكەم، بەشی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان ٢٠٠٨.
-١٢ ئینسكلۆپیدیای هەولێر - ١٠ بەرگ - بەڕێوەبەری گشتی ئینسكلۆپیدیا - دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان ٢٠٠٩.
-١٣ ساواك بۆچی"حەسەن زیرە"ی كوشت؟! دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان - ٢٠١٢.